دەسەڵات یاسای ڕۆژنامەگەریی پێشێلدەکات ل٢

با لیدوانە ئاگرینەکان بوەستێنرێن ل٣

ستراتیژی ڕێکەوتنەکەی یەکێتیوپارتی ل٤



# ڕۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.525 Tue 4/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 525 سێشەممە 4/ 8/ 2009


# کەرکوک گۆڕانی دەوێت



له چاوەڕوانی گۆڕاندا

فۆتۆ: ڕۆیتەرز

**ڕۆژنامە**

هەرسێ نەتەوە سەرەکییەکەی کەرکوک کۆکن لەسەر ئەوەی کە پارێزگاکەیان پێویستی بەگۆڕانکارییەو هیواخوازن، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا گۆڕان لە سیستمی ئیداریی ئەو پارێزگایەدا ڕوو بدات.

نەجات حسێن، ئەندامی لیستی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە وەک تورکمان بە ئومێدەوە چاومان لە گۆڕانکارییەکانەو خوازیارین بۆ لەمەودوا سەرکردایەتی سیاسی کورد بیر لە شەراکەتی هاوبەش بکاتەوە، نەک وەستایی بۆ خۆیی‌و شاگردیش بۆ نەتەوەی تورکمان، کە ئەم سیاسەتە دەریخست خواستەکانی کوردیشی لەباربردووە».

ڕاکان سەعید، ئەندامی کوتلەی عەرەبی‌و جێگری پارێزگاری کەرکوک، دەڵێت «سیاسەتی هەڵەو پاوانخوازیی پارتی‌و یەکێتی لە شەش ساڵی ڕابردووی دوای پرۆسەدا (ڕووخانی ڕژێمی بەعس) لە کەرکوک، هەموومانی دووچاری بێئومێدبوون کردووەو هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان‌و دەرکەوتنی لیستی گۆڕان وەک لیستێکی خاوەن جەماوەرو گۆڕانخواز جارێکی دیکە سەرنجی هەموومانی ڕاکێشاو ئێستاش ئێمە خوازیاری ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوکین، بە جۆرێک کەس پەراوێز نەخرێت».

هاوکات عەلی ساڵەیی، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە ڕابردوودا کاتی زۆری لەدەستچووە لە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکاندا، بەڵام دەکرێت ئەم هەڵبژاردنە وەرچەرخانێکی گەورەبێت بۆ کوردو ئاوڕێکی جدیی‌و واقیعبینانە لە کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکان بدرێتەوە، چونکە ئێستا ناوچە دابڕاوەکان چاویان لەو گۆڕانکارییانەی کوردستان بڕیووەو بە ئومێدەوە پێشوازی لە گۆڕانکاریی دەکەن، چونکە تاکو ئێستا کێشەی ئەم ناوچانە پێشکەوتنی ئیجابی لە چارەسەرکردندا بەخۆوە نەبینیوەو بەردەوام خەڵکەکەی دووچاری مەینەتی دەبنەوە».


زانیاری زیاتر لە ل٥دایە.


## نوری مالیکی:
# هەڵەبجە کەمترین خزمەتگوزاریی بۆ کراوە

**ئارام نەجیم**

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، پێش ئەوەی باسی هەڵەبجەم بۆ بکرێت لە زۆر شوێن بیستوومە کە هەڵەبجە کەمترین خزمەتگوزاریی بۆ کراوە، لە کاتێکدا ئەم وڵاتە لەسەر دەریای نەوت دەژی.

لەمیانی سەردانەکەیدا بۆ هەرێمی کوردستان، دوێنێ نوری مالیکی سەردانی شاری هەڵەبجەی کردو لە هۆڵی مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسوکاری شەهیدان‌و بەرپرسانی حکومی‌و حیزبیی ناوچەکەدا کۆبووەوە.

لە وتەیەکیدا بۆ ئامادەبووان، نوری مالیکی وتی: «پێش ئەوەی باسی هەڵەبجەم بۆ بکرێت، لە زۆر شوێن بیستوومە کە هەڵەبجە کەمترین خزمەتگوزاریی بۆ کراوە، لە کاتێکدا ئەم وڵاتە لەسەر دەریای نەوت دەژی»، وتیشی: «بە هیچ شێوەیەکیش بێدەنگ نابم لە سزادانی ئەوانەی ئەم کارەساتەیان بەسەر ئەم شارەدا هێناوە».

دوابەدوای قسەکانی نوری مالیکی وا بڕیاربوو کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە وتەیان هەبێت، بەڵام ڕێگە نەدرا وتارەکەیان پێشکەش بکەن، ناچار پەنایان بردە بەر ئەوەی کە بە شێوەی نامە داواکانیان ئاڕاستەی مالیکی کرد، ئەوەی جێگەی تێبینییە ڕێگە نەدرا کەسوکاری شەهیدان گفتوگۆ لەگەڵ مالیکیدا بکەن.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا قایمقامی هەڵەبجە چەند داوایەکی ئاڕاستەی نوری مالیکی کرد، کە بریتیبوون لە: بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە، دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ ئاوەدانکرنەوەی هەڵەبجە، قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجەییەکان‌و چارەسەری بەپەلەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە.

# وەزارەتی مافی مرۆڤ
# گۆڤاری (بەڵگە) دەدات بەدادگا

**سامان بەشارەتی**

وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی، هەرێم داوای یاسایی لەسەر خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری بەڵگە تۆماردەکات، ئەوەش دوای بڵاوبوونەوەی چەند وێنەیەکی ڕۆژنامەنووسی ژن لە گۆڤارەکەدا.

وەزارەتی مافی مرۆڤ بەنووسراوی ژمارە ١١٥٧/١١/١ لە ژێرناوی پاراستنی کەرامەتی ژنان، کە ئاراستەی داواکاری گشتیی کراوە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٣ داوادەکات گۆڤاری بەڵگەو خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرەکەی بدرێنە دادگاو سزای یاسای بدرێن، لەسەر بڵاوکردنەوەی وێنەی چەند ئافرەتێکی ڕۆژنامەنووس بەبێ هۆ.

نازم دڵبەند بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی مافی مرۆڤ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «وەزارەت سکاڵای تۆمارکردووە لە دادگاو داوای کردووە ئەو گۆڤارەو سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازەکەی بدرێنە دادگا، چونکە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە لەو گۆڤارەدا سووکایەتیکردنە بە ژن لە میدیای کوردستان‌و پێشێلکردنی مافی تاکە، بۆیە ئەم ڕەفتارە دوورە لە بنەماکانی ڕۆژنامەنووسی‌و مافی مرۆڤ».

# ڕۆژنامەنووسانی کەرکوک
# هەڵوێست وەردەگرن

**ئارام جەمال**

ڕۆژنامەنووسانی کەرکوک هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوە دەستپێدەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق کە بڕیاریداوە کاری ڕۆژنامەوانی لەپارێزگاکانی عێراقدا سنووردار بکرێت.

بڕیارەکە لەسەرەتای مانگی ڕابردوودا دەرچووەو تیایدا وێنەگرتنی تەقینەوەکان قەدەغەدەکات و ڕۆژنامەنووسانیش ناتوانن بەئازادیی‌و سەربەخۆ لەبازاڕو شەقام و شوێنە گشتیەکاندا کاری ڕۆژنامەوانی خۆیان بەئەنجام بگەیەنن، دەبێت بۆ هەرکارێک ڕەزامەندیی‌و فەرمانی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی کەرکوک وەربگرن.

لەتیف فاتیح فەرەج سکرتێری لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وەک سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان‌و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق‌و ڕۆژنامەنووسانی کەرکوک لەوبڕیارە بێدەنگ نابین‌و لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا دوو کۆبوونەوەی فراوانی ڕۆژنامەنووسانی کەرکوک بۆ ڕەتکردنەوەو دیراسەکردنی بڕیارەکە ئەنجامدراون‌و بڕیاریشمانداوە هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوە دەستپێبکەین و دوای کۆکردنەوەی ئیمزاکان سەردانی وەزارەتی ناوخۆو نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکەین.

سکرتێری لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕاشیگەیاند: لەدوای دەرچوونی ئەو بڕیارەوە ژمارەیەکی زۆر لەڕۆژنامەنووسان و کامێرامانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕێگەیان لێگیراوەو دووچاری سەرئێشەو سانسۆربوون لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە، کە بڕیارێکی لەوجۆرە دژی یاساو کاری ئازادیی ڕۆژنامەوانییە لەجیهاندا».




# ...امەگەریی پێشێڵدەکات




ڕاگەیاندنە ڕاگەیاندنێکی شەرمنە لە ئاست دەسەڵاتی کوردیدا».

هەروەها هێمن بابان ڕەحیم، ڕۆژنامەنووس، نیگەرانیی خۆی لە ڕووداوەکەی دوکان دەردەبڕێت‌و دەڵێت: «بەداخەوە سەرباری ئەو هەموو ساڵە لە ئەزموون‌و تاقیکردنەوەی تاڵ، هێشتا مافەکانی ڕۆژنامەنووسی کورد لەژێر چەقۆی بەرپرس‌و عەقڵییەتی عەسکەرتارییەتدایە، وتیشی: «هێشتا ئەرکە ڕاستەقینەکانی ڕۆژنامەنووس بەلای ئەو بەرپرسانەی دەیانەوێت بە کەیف‌و ئارەزووی ئەوان ئەو ئەرکانە بسپێردرێت مۆتەکەیە، لەم چوارچێوەیەشدا دەیانەوێت هەموومان یەک ڕەنگ، یەک بۆچوون، یەک عەقڵییەت، یەک حیزب، یەک ستوون، یەک ڕاپۆرت، یەک ڕیپۆرتاژ ببینین‌و بنووسینەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مردنی ئینسانیەت‌و سپاردنی ڕۆحە بەگڵ».

هێمن بابان ئاماژەی بەوەشکرد، کە زۆرجار ئەو ئازادییە لەلایەن کەسانی نا بەرپرسەوە دەخرێنە ژێرپێ‌و بەیەک هەڵوێستیی وەکو ئەوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە بەرامبەر ستافی ڕۆژنامەوانییەکەی کەناڵی KNN‌و ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو کەناڵی پەیامدا کرا، کە تا ئەوپەڕی ناشرین بوو، سەرجەمی بونیادەکە دەڕوخێنن، وەکو چۆن بەکوشتنی سۆرانی مامە حەمە هەموو ڕۆژنامەگەریی کوردی‌و ڕۆژنامەنووسێکی کورد لەوانەی لە دەرەوەی دەزگا حزبییەکاندا کاردەکەن، هەڕەشەی تیرۆرکردنیان قورس نەبوو، «بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی هەڵەدەکات لەوەی پێیوابێت دەتوانێت تاسەر لەسەر کلتووری مۆنۆپۆڵکردن بەردەوامبێت، بەداخەوە ڕێگەگرتن لە ستافەکەی KNN‌و ڕۆژنامەو پەیام درێژکردنەوەی عەقڵییەتی مۆنۆپۆڵکردن بوو، من دەپرسم ئایا کەناڵی ئەلبەغدادیەی مونتەزەر زەیدی کە پێڵاوی گرتە سەرۆکی ئەمریکا بە ئامادەبوونی مالیکی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەو بەرپرسە ئەمریکییانەی دێنە عێراق‌و بەرپرسە عێراقییەکان بایکۆت‌و بێبەشکران؟ بڕواناکەم ڕۆژنامەو KNN ئەوەیان بەدەسەڵاتی ئێمە کردبێت».

لە پاش بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە دەنگەکان‌و سەرکەوتنی بەرچاوی لیستی گۆڕان، دەزگاکانی سەر بە دەسەڵات بیانوو بە کەناڵەکانی کۆمپانیای وشەو لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن دەگرن‌و کێشەیان بۆ دروست دەکەن.

هەڵگورد سەمەد، ڕۆژنامەنووس، پێیوایە ڕێگریی لە میدیا بە هەر پاساوێک بێت کارێکی نەشیاو و دوور لە بەهای مرۆڤانەو یاسای ڕۆژنامەنووسی‌و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانە.

ئەو کارەی لە دژی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی KNN‌و پەیام‌و ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لە دوکان ڕوویدا بەهەموو پێوەرێک دژی ئازادییەکانی میدیایە، بەرپرسانی کورد سەلماندیان کە دژی میدیا کاردەکەن‌و بە عەقڵیەتی دوژمنکارانەوە سەیری میدیا دەکەن‌و وتیشی: «نابێت کاری میدیا تێکەڵی حیزبایەتی بکرێت، کۆبوونەوەی ئەو سێ سەرکردەیە بۆ هەموو هاوڵاتییانی کوردستان‌و عێراق گرنگ بوو، بۆیە دەبوایە هەموو میدیاکان بە یەکسانی دەرفەتی ڕووماڵکردنی ئەو کۆبوونەوەیان پێ بدرایە، نەک ڕێگرییان لێبکرایە، چونکە ئەوە کۆبوونەوەیەکی حیزبی نەبوو تا نەهێڵن میدیای لایەنەکانی دیکە ڕووماڵی بکەن».

بە بۆچوونی هەڵگورد، ئێستا بەرپرسانی هەرێمی کوردستان فێری جۆرە ڕەفتارێکی سەیر بوون، کاتێک بەناوی حکومەتیشەوە لێدوان دەدەن تەنیا (٤) سەتەلایتی سەر بە پارتی‌و یەکێتی بانگدەکەن بۆ گواستنەوەی هەواڵەکە، ئەوان دەیانەوێت هەواڵەکانیش بۆخۆیان مۆنۆپۆڵ بکەن.

ڕێگەنەدان بە وەرگرتنی زانیاری‌و بەشداریکردن لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکاندا پێچەوانەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەرییە کە ساڵی ڕابردوو لەلایەن پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمەوە پەسەندکرا، هەربۆیە ئەو هەنگاوەی دەسەڵاتدارانی هەرێم سەندیکاشی تووڕەکردووە.

زیرەک کەمال، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، باس لە ڕێگەنەدانی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو کەناڵی ئاسمانیی KNN کرد بۆ ڕووماڵکردنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی سەرۆک کۆماری عێراق‌و سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و سەرۆکی هەرێم‌و وتی: «ئەوەی کە ڕۆژی (٨/٢) لە هاوینەهەواری دوکان بەرامبەر بە ڕۆژنامەو KNN کرا لەلایەن پاسەوانەکانی جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، ڕەفتارێک بوو پێچەوانەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی‌و ئازادیی ڕۆژنامەنووسانە، ئێمە وەک سەندیکای ڕۆژنامەنووسان زۆرجار هاواردەکەین کە ڕێز لە یاسای ڕۆژنامەنووسی بگرن وەک مەرجەعێکی دەستووریی ڕۆژنامەنووسان، هەروەک ئەو دەستوورەی عێراق کە سەرکردایەتی کورد کاتێک زوڵمێکی لێدەکرێت لەلایەن عێراقەوە دەڵێت دەبێت پابەندی دەستووری عێراق بین‌و بەپێی ئەو دەستوورە کاربکەین، ئێمەش داوایان لێدەکەین ڕێز لەو یاسایە بگرن کە خۆیان ڕەزامەندییان داوە لە سەری، بۆ ئەوەی مافی ڕۆژنامەنووس بپارێزرێت».

زیرەک کەمال ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کە بەپێی یاسای ڕۆژنامەنووسان، ڕۆژنامەنووس ئازادە لە هەرشوێنێک کاری خۆی بکات، دەبێت بەشداریی لە هەموو ڕووداوەکانیش بکات‌و ڕووماڵیان بکات، هیچ کەس‌و ناوەندێکیش نابێت ڕێگربێت لە بەردەمیدا، وتیشی: «سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئیدانەی ئەو کارە دەکات‌و بە پێشێلکاریی کاری ڕۆژنامەنووسیشی دادەنێین، هیواداریشین بەپرسە باڵاکان بەدواداچوون لەسەر ئەو کێشەیە بکەن‌و لێکۆڵینەوەی جدیی لەسەر بکرێت».

# با لێدوانە ئاگرینەکان بوەستێنرێن

**شارا عەبدولڕەحمان**

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پڕ لە ساختەکاریی لەلایەن دەسەڵاتەوەو دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە، ڕاگەیاندنەکانی هەردوو هێزی دەسەڵاتدار کەوتنە تەشهیرو ناوزڕاندنی ئەو لایەنانەی کە دەنگیان بەلیستەکەیان‌و کاندیدەکەیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم نەداوە، بەوهۆیەشەوە بارودۆخی هەرێمی کوردستان جۆرێک لە بارگرژیی میدیایی‌و نائارامیی ناوخۆیی بەخۆوە دیوە.

شەوانە لە تەلەفزیۆنی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارو ڕۆژانە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیانەوە لێدوان‌و قسەو جنێوو تەشهیری کەسە بەناو ڕۆشنبیرو ڕاگەیاندنکارەکانیان بەرچاو و گوێی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکەوێت، کە چۆن کەوتوونەتە وێزەی هەموو ئەو لیست‌و قەوارانەی کەبۆ ململانێی ئەوان‌و ئەو کاندیدانەی کە بۆ ململانێی کاندیدەکەی ئەوان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ئامادەییان هەیە، ڕۆشنبیران‌و ڕاگەیاندنکارانیش داوادەکەن کە ئەو قەڵەم‌و زمانە توندوتیژو مێژوو خوێناویانە سنوورێکیان بۆ دابنرێت‌و ڕاگەیاندنەکان کاریان ببێتە خاوکردنەوەی بارگرژییەکان نەک وروژاندنی.

## با قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ تیژنەکرێنەوە

هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، بەباشی دەزانێت کە ڕۆژنامەنووس بەردەوام ئاگای لە بارودۆخی گشتیی بێت، هاوکات پێش کەسایەتی سیاسی‌و ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە ئەرکی ڕۆشنبیرانی دەزانێت کە ڕێبەرایەتی خەڵکی خۆیان بکەن بۆ چاکەو دادپەروەریی، وتیشی: «نووسەرو ڕۆشنبیری حیزبە کوردییەکان ئەو شتانەی دەیڵێن بڕواو قەناعەتی لۆژیکیانەی خۆشیان بەو بابەتانەی دەینووسن‌و دەیڵێن کزو لاوازە، ئەوان گوزارشت لە شتێک دەکەن کە خۆیان متمانەو بڕوای جەوهەرییان پێی نییە ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو بەڕێزانە بەو قسە ئاگرینانە کلتوورێکیان دروستکردووە کە خەڵکی خۆیان لێیانەوە فێربووە کە بە تەقەکردن گوزارشت لە خۆشییەکانی خۆی بکات، کاتێک ڕۆشنبیرێک ئەو کلتوورەی لای خەڵک سازاندبێت کەوشەکانی وەک گوللە وابن، ئاساییە کە کەسێکی ئاسایی بەگوللە کە نیشانەی کوشتنە خۆشییەکانی دەرببڕێت».

هەر دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان‌و ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکان، ڕاگەیاندنکارانی دەسەڵات چەندین تۆمەتیان بۆ کەسایەتی ناو لیستە ڕکابەرەکانیان‌و کاندیدە ڕکابەرەکانی لیستەکەی ئەوان دروستکرد، بەشێوەیەک کار گەیشتە ئەوەی د.کەمال میراودەلییان بە توشبووی نەخۆشیی دەروونیی ناساند، ئەمە لەکاتێکدا ئەو کەسایەتییە زیاتر (٢٥٪)ی دەنگەکانی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانی بەدەستهێنا، بەوهۆیەشەوە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە، کە ئەوە ڕێزنەگرتنە لەڕای زیاتر لە چارەکێکی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان.

یوسف محەمەد، شارەزای زانستی سیاسی دەڵێت: «دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بە نووسەرەکانیشیانەوە هەموو ململانێیەک لەگەڵ ئەودا دەکرێت بەخیانەت‌و گێرەشێوێنیی ناودەبات، ئەم شێوە تێڕوانین‌و شکاندنی بەرامبەرو ئەم هەڵمەتە ڕاگەیاندنە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو هێزە هیچ بڕوایەکی بە دیموکراسی نییە، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو هێزەی ئەم نوخبە جنێوفرۆشەی دروستکردووە، بڕوای بە ململانێی کاتی هەڵبژاردن نییە.

پێشیوایە کە لێدوانی ئەو ڕاگەیاندنکارانە لەئاستی کردەییشدا بە زەقی بەرچاو کەوتووە، وتیشی: «هەڵکوتانە سەر بارەگای لایەنەکان لەدوای ئاشکرابوونی دەرئەنجامەکان دیسانەوە بەشێکە لە تۆڵەسەندنەوە لەو هێزانەو لایەنگرانیان کە دەنگیان بەدەسەڵات نەداوە، کە ئەمە بارگرژیی زیاتری لێدەکەوێتەوەو خزمەتی ئەزموونی سیاسی هەرێم ناکات». نموونەی ئەوەش دەهێنێتەوە کە چۆن لە نەوەدەکاندا ئەم زمانی قبوڵنەکردنی یەکترو ڕەفزکردنەوەی هەموو شتەکانی یەکتر لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە پیادە دەکراو دواتر وەزعەکە بەرەو شەڕی ناوخۆ ڕۆیشت، ئێستاش دورنییە لەڕێی هەمان ئەو قەڵەمانەی ئەوکاتەوە بەهەمانشێوە ئەو خیتابانەو کردەوەکان کوردستان بگەیەنێتە توندوتیژیی‌و ڕەنگدانەوەی خراپتر.

لەپرسی ئەوەی کە ئایا ئەو لێدوانە ئاگرینانە تا چەند ڕاستەوانەیە لەگەڵ کاردانەوەی لایەنگرانی لیست‌و پاڵێوراوی دەسەڵاتدا لەکاتی ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردندا کە بەتەقەو هەڵکوتانە سەر ماڵی لایەنگرانی لیستە ململانێکارەکانیان، ئەو چاودێرە سیاسییە دەڵێت: «ئەو گوتارانە هاندانی خەڵکە لەدژی، بەرامبەر ئەمە بەدوورە لە هەموو گیانێکی مەدەنیانەو ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات لەبری ئەوەی دوای هەڵبژاردن کاریان ببێتە خاوکردنەوەی وەزعەکە لەو بارگرژییەی کە بەهۆی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە لە ئارادابوو، گیانی یەکتر قبوڵنەکردنی زیاتر قوڵکردەوە، بەتایبەت لە هەولێرو دهۆک، کە ئەگەر لە سلێمانیش لایەنە سیاسییەکانی دیکە هەستیان بە بەرپرسیارێتی نەکردایە، ئەوا دوورنەبوو ئەو بارگرژییە ڕووی بدایە، لەبەرئەوە داوادەکەین ئەم قەڵەم‌و زمانە توندوتیژو مێژوو خوێناویانە سنوورێکیان بۆ دابنرێت لە هەرێمی کوردستاندا.

لەلایەکی دیکەوە پەنابردنە بەر ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکانداو کەمبوونەوەی ڕێژەی لایەنگرانی هێزە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم‌و پەنابردنی هاوڵاتییان بۆ ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانەی کە بۆ گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لە کوردستاندا دروستبوون، پێدەچێت بەشێکی دیکە بێت لەو هۆکارانەی کەوا لە ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات دەکات پەنا بۆ هێرشبردن ببات.

ڕەزا تۆفیق، سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، سەبارەت بەو بابەتە بە مەسەلەیەکی کوردی دەستپێدەکات کە دەڵێت «هێرشبردن باشترین بەرگرییە»، وتیشی: «بەوپێیەی لەکاتی هەڵبژاردندا چاودێربووم بەسەر سندوقەکانی دەنگدانەوە، دەتوانم بە بەڵگەوە ڕوودانی ساختەکاریی بسەلمێنم، بەوهۆیەشەوە ڕاگەیاندنەکان کەوتوونەتە ئەوەی کە ڕەش‌و سپی پێکەوە بسووتێنن، هاوکات لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی سروشتی‌و یاسایی بەڕێوەنەچوو، دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بین کە دوای هەڵبژاردنیش هەمانشێوەی نائاسایی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دیاربێت، بەڵام ئەگەر وانەبوایەو هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی پاک‌و بێگەرد بەڕێوەبچوایە ئەوا ئێستا کاری ڕاگەیاندن چاودێریکردنی بەڵێنەکانی قەوارە سیاسییەکان دەبوو کە پێش هەڵبژاردن بەخەڵکیان داوە، بەگشتیی ئێستا ڕاگەیاندنەکانمان لە حاڵەتێکی پشێویدایە».

بە ڕای ئەو شارەزایەی بواری ڕاگەیاندن، دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن کە تائێستا لە کوردستاندا نەبووە، وای لە دەسەڵات گەیاندووە کە ئەو ئەزموونەی ئێستا هەیە، تێکدەدات، «ئیتر نازانم دەسەڵات پێیوایە کە بەبوونی ئۆپۆزسیۆن ئەزموونەکە بەگشتیی تێکدەچێت یان ئەزموونی ئارامیی تاقمێکی تایبەت تێکدەچێت».

## ئەرکەکانی ڕاگەیاندن چییە؟

هەڤاڵ ئەبوبەکر بەباشی دەزانێت کە ڕاگەیاندنکاران ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت لە ساردکردنەوەی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، وتیشی: «با ڕەخنەی توندو جدییمان لەسەر شتەکان هەبێت، بەڵام بە زمانێکی سادەو شیاو و بە زمانێکی زانستیانەو بە بەڵگەی سەلمێنەرەوە، با دوورکەوینەوە لە پیاهەڵدانی کاریزمایانەو شکاندنی دوژمنکارانە، سادەترین پێناسەی ئازادیی جیاوازییە، دەبێت جیاوازییەکانی یەکتر قبوڵ بکەین، بۆئەوەی بتوانین سیستمێکی دیموکراتی بێنینە ئاراوە، نە وەک قسەی ڕۆشنبیران بارکرابن نەک باریان لێداگیرابێت، هاوکات ئەو کەسانەی کەپیادەی ئەو جۆرە مامەڵەیە ناکەن لەهەر ئۆرگانێکدا بن پێمان دەڵێن شانازی بە شەڕی ناوخۆوە ناکەین‌و کەس خۆی ناکات بەخاوەنی ئەو گوتارانەی کە ئاگری ئەو شەڕەیان خۆشدەکرد، با هەر هیچ نەبێت وتارەکان بەشێوەیەک بێت کە ڕووی ئەوەی هەبێت بتوانین بەناوی خوازراوەوە نەینووسین‌و بەناوی خۆمانەوە دایبنێین، تا هەرێمەکەمان لەچەواشەکاری‌و درۆو قسەی نابەجێدا غەرق نەکەین».

> **«داوا دەکەین ئەم قەڵەم‌و زمانە توندوتیژو مێژوو خوێناویانە سنوورێکیان بۆ دابنرێت»**

# دەسەڵاتی هەرێم یاسای رۆژن




**سامان بەشارەتی**

رۆژنامەنووسان رەخنە لە رێکخەرانی پرێس، کۆنفرانسەکەی دوکان دەگرن بەهۆی رێگەنەدانیان بە تیمی رۆژنامەوانی رۆژنامەی رۆژنامەو کەناڵی KNN بۆ رووماڵکردنی پرێس کۆنفرانسەکەی مالیکیو تاڵەبانیو بارزانی کە لە دوکان بەرێوەچوو، پێیانوایە ئەو هەنگاوە رێگەگرتنە لە ئازادیی رۆژنامەنووسانو سەندیکای رۆژنامەنووسانیش ئەو کارە بە پێشێلکردنی یاسای رۆژنامەنووسی دەزاننو داوای لێکۆڵینەوە دەکات.

رۆژی (٢٠٠٩/٨/٢) تیمێکی رۆژنامەی رۆژنامەو کەناڵی KNN بەمەبەستی رووماڵکردنی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی مالیکیو بارزانیو تاڵەبانی سەردانی هاوینەهەواری دوکانیان کرد، بەڵام لەلایەن رێکخەرانی پرێس کۆنفرانسەکەوە رێگەیان پێنەدرا ئامادەی ئەو کۆنفرانسەبن، ئەم کارەش لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانو چەند رۆژنامەنووسێکەوە بە کارێکی نەشیاو و دوور لە بنەماکانی دیموکراتی دادەنرێت.

سۆران عەزیز، رۆژنامەنووس، ئاماژە بۆئەوە دەکات، کە دەسەڵات لە کوردستان هەمیشە رێگرە لەبەردەم بەدەستهێنانی زانیاری بۆ رۆژنامەکان، راستەوخۆ پێمان دەڵێت دەسەڵاتی کوردی بەچاوێکی مەترسییەوە دەروانێتە راگەیاندن، وتیشی: «هۆکارەکانی پشتی ئەم ترسەی دەسەڵاتی کوردیش بریتییە لەوەی، دەسەڵات لە کوردستان دەسەڵاتێکە کێشەی بونیادی هەیە وەک نەبوونی شەفافیەت، کە ئەم خاڵە دەتوانێت بەشێکی زۆر لە لاوازییەکانی دەسەڵاتی کوردی بخاتە بەر دیدەی خوێنەران، بۆیە دەسەڵاتێک کە خاوەنی گەندەڵییەکی زۆر بوو دەبێت هەمیشە چاوەرێ بکەین کە رێگری گەورە دەبێت لە راگەیاندنێک کە قودرەتی گواستنەوەی ئاریشەکانی دەسەڵاتی هەیە بۆ هاوڵاتی، بۆیە ئەم دەسەڵاتە نایەوێت راگەیاندنێک بچێتە ناو هۆڵەکانیەوە کە ئەوەی هەیە وەک خۆی بیگوازێتەوە، ئالێرەوە دەبینین ترسی ئەم دەسەڵاتە لە ئاست ئەمجۆرە راگەیاندنە ترسێکی سایکۆیە کە هەمیشە لەگەڵیدا گەورە دەبێت».

سۆران ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی دوکان روویدا بەرامبەر رۆژنامەی رۆژنامەو کەناڵی KNN زۆر بە روونی دیارە کە دەسەڵاتی کوردی ترسی هەیە لەو جۆرە راگەیاندنە، وتیشی: «ئەمە بەلای منەوە شتێکی نوێ نییە، چونکە ئەم دەسەڵاتە بەهۆی نەبوونی شەفافیەت وەک کێشەیەکی بونیادی دەسەڵاتی کوردییە هەڵبەتە کە دەڵێم کێشەیەکی بونیادی مەبەستم ئەوەیە کە نەبوونی شەفافیەتی دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان راستەوخۆ پێماندەڵێت کە دەسەڵاتی کوردی خاوەنی ئاریشەی گەورەیە، بۆیە نایەوێت شەفافیەت بکاتە ستراکتۆری خۆی، بەڵام ئەگەر بڕیاربێت لەسەر راگەیاندنی بیانی قسەبکەین لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوان دەتوانن وەک رۆژنامەنووسی بیانی سەر بە هەموو کونێکی دەسەڵاتی کوردیدا بکەن، ئەمە پاشخانێکی کلتووریی درێژی هەیەو ئینسانی کورد هەمیشە لەبەرامبەر ئەوی دیکە خۆی بە بچووک زانیوە بۆیە دەسەڵاتی کوردی وەک بەشێک لەم کلتوورە هەمیشە بچووکییەکی لەبەرامبەر ئەوی دیکەی بیانی پێوەدیارە، هەروەها دەسەڵات لە کوردستان بەشێکی زۆری رۆژنامەنووسی بیانی خۆشگوزەرانکردووە تا هەواڵو راپۆرتی نێگەتیڤی لەسەر دانەبەزێنن».

بە بۆچوونی سۆران هۆکارێکی دیکە ئەوەیە، کە دەسەڵات رۆشنبیریی میدیایی نییەو وەک چۆن بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردی رۆشنبیریی میدیایی نییە، ئاواش دەسەڵاتی کوردی خاوەن ئەو رۆشنبیرییە نییە، هەندێکجار ئەو کێشانە بۆ میدیاکانی خۆشیان دروستدەکەن بەبێ ئەوەی بزانن ئەمانە میدیای خۆیانن، بینراوە کە جارجار ئەوانیش بەر هەڕەشە کەوتوون، ئەمە ئەوەمان نیشاندەدات کە دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکە رۆشنبیریی میدیایی نییە، ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی دوکان لەبەرامبەر هەندێک میدیا روویداو وتیشی: «بەڕای من بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە وەک نا رۆشنبیریی پاسەوانانی دەسەڵاتی کوردی بۆ کاری راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان، شتێکی سروشتییە ئێمە دەبیینین رێگە بە راگەیاندنەکانی خۆیان دەدەن، چونکە راگەیاندنەکانی خۆیان بەشێکن لەو ئاریشانەی کە لە کوردستاندا هەیە، هەروەها ئەمجۆرە

# جەنگێک دژی میدیا

**فەلاح نەجم**

> **د.سامان فەوزی: ئەمە چەندینجارە دەسەڵات مافی رۆژنامەنووسانو ئازادیی رۆژنامەنووسی پێشێڵدەکات، مافی ئەو رۆژنامەنووسانەیە کە داوای یاسایی دژی کاربەدەستانی ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییە تۆماربکەن**

دوو ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامە، فرمان عەبدولڕەحمانو سیروان رەشید لە بارەگای رۆژنامەکەیانەوە بەڕێکەوتن بۆ بەشداریکردن لە رووماڵکردنی کۆبوونەوەکەی مالیکی لەگەڵ بارزانیو تاڵەبانی لە هاوینەهەواری دوکان، بڕیاربوو دوای کۆبوونەوەکەیان کۆنگرەی رۆژنامەوانی سازبکەن، ئەوان ماوەیەکی زۆر پێش دەستپێکردنی کۆنگرە سێ قۆڵییەکە گەیشتنە ئەوێ، هەموو رۆژنامەنووسەکان بران بۆ هۆڵی کۆنگرەکە، بەڵام بەرپرسەکان رێگەیان نەدا بچنە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەوە.

فرمان عەبدولڕەحمان وتی: «وەک ئەرکێکی رۆژنامەوانی چووین بۆ هاوینەهەواری دوکان بۆئەوەی زانیارییەکان بۆ خوێنەرەکانمان بگوازینەوە، بەڵام ئەوەی تووشی شۆکی کردین ئەوەبوو پاش گەیشتنمان بۆ ئەوێ زۆر بە راشکاوانە پێیانوتین رێگە بە کەناڵەکانی کۆمپانیای وشە نادەین بەشداریی بکەن».

رۆژی (٢٠٠٩/٨/٢) نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، لە هاوینەهەواری دوکان لەگەڵ هەریەکە لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانو جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق کۆبووەوە، پاش کۆبوونەوەکە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی سێ قۆڵییان سازکرد، بەڵام رێگە بە کەناڵی KNNو رۆژنامەی رۆژنامەو کەناڵی پەیام نەدرا بەشداریی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکە بکەن.

فرمان عەبدولڕەحمان دەڵێت: «رێگرتن لە ئێمەی رۆژنامەنووس جگەلەوەی پێشێلکردنی مافی ئێمەی رۆژنامەنووسە بۆ رووماڵکردنی رووداوەکان، لەهەمانکاتدا شەڕێکی دیکەی دەسەڵاتە بۆئەوەی بە حسابی خۆیان ئیحتیوای موعارەزە بکەن».

لە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانو دەستووری عێراقدا بەبێ جیاوازی مافی ئەوە بە رۆژنامەنووس دراوە بەشداریی هەموو ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانیانە بکات کە بەرپرسە ناوخۆییو دەرەکییەکان دەیبەستن، بۆئەوەی زانیارییەکان لە چەند ناوەندێکی جیاوازەوە بۆ هاوڵاتییان پەخشبکرێت.

سامان فەوزی، پسپۆڕی یاسای راگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، دەڵێت: «هیچ پاساوێک نییە بۆ رێگرتن لەو چەند رۆژنامەنووسەو بەرپرسانی ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییە بە ئەنقەست مافی ئەو رۆژنامەنووسانەیان پێشێلکردووە».

چەند رۆژێک دوای ئاشکرابوونی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، لە هەولێر ژمارەیەک هێرش کرایە سەر بارەگای رۆژنامەی رۆژنامەو کەناڵی ئاسمانیی KNN، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بەیاننامەیەکیاندا ئەو هێرشانەیان ئیدانەکرد.

د.سامان فەوزی، وتیشی: «ئەمە چەندینجارە دەسەڵات مافی رۆژنامەنووسانو ئازادیی رۆژنامەنووسی پێشێڵدەکات، مافی ئەو رۆژنامەنووسانەیە کە داوای یاسایی دژی کاربەدەستانی ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییە تۆماربکەن».

هەریەکە لە رۆژنامەی رۆژنامەو هەردوو کەناڵی ئاسمانیی KNNو پەیام، کە سەر بە کۆمپانیای وشەو کۆمەڵی ئیسلامیین لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستاندا لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنەکانی پارتیو یەکێتیدابوون، بەتایبەت دوو کەناڵەکەی کۆمپانیای وشەو لیستی گۆڕان کە توانییان (٢٥) کورسی پەرلەمان لەژێر دەستی پارتیو یەکێتی دەربهێنن.

> **زیرەک کەمال: ئەو کارە بە توندیی مەحکوم دەکەین، زەنگێکی مەترسیدارەو هەوڵێکە بۆ پابەندنەبوون بە یاساوە، پێچەوانەی بنەماکانی ئازادیی رۆژنامەوانییە**

زیرەک کەمال، سەرۆکی دەستەی داکۆکیکار لە ئازادیی رۆژنامەگەریی، وتی: «ئەو کارە بە توندیی مەحکوم دەکەین، زەنگێکی مەترسیدارەو هەوڵێکە بۆ پابەندنەبوون بە یاساوە، پێچەوانەی بنەماکانی ئازادیی رۆژنامەوانییە».

ئەمەش یەکێکە لەو هەوڵانەی کە دەسەڵات دەیدات دژی رۆژنامەنووسانو دەیسەلمێنێت کە تائێستاش حکومەت پابەندنییە بەو یاسایانەی کە پەرلەمان دەریکردووە، لە بری یاسا، حیزبە دەسەڵاتدارەکان بڕیار دەردەکەنو بەسەر دەزگا حکومییەکانیدا دەسەپێنێت.

فاروق عەلی، بەرپرسی کەناڵی ئاسمانیی پەیام، بۆ رۆژنامەی رووونکردەوە، ئەوە یەکەمجار نییە کە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان رێگە بە رۆژنامەنووسانو رێپۆرتەرەکانیان دەگرن لەکاتی رووماڵکردنی رووداوەکاندا، بەتایبەت ئەو کۆنگرانەی کە بەرپرسە حکومییەکانی هەرێم لەگەڵ بەرپرسە بیانییەکاندا دەیبەستن.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بەردەوام رەخنەی ئەوە لە میدیا ناوخۆییەکان دەگرن کە بێلایەنانەو پرۆفیشناڵانە زانیارییەکان ناگوازنەوەو ئەمە لەکاتێکیشدایە کە بەرپرسەکانی هەرێم چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵە ناوخۆییەکاندا ناکەنو هەوڵدەدەن کاری رۆژنامەنووسی سنووردار بکەن، سەرچاوەکانی زانیارییان بەڕوودا دادەخەن، شارەزایانی بواری رۆژنامەگەریش دەڵێن: «سەرچاوەکانی زانیاری تەنیا بۆ ئەو کەناڵانەیە کە سەر بە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانن».

ئەو بەرپرسەی کەناڵی ئاسمانی پەیام وتیشی: «لەسەر ئەو رێگرییەی لێماندەکرێت، بە رەسمیی یاداشتێکی نارەزایی دەدەینە جەلال تاڵەبانی، سکرتێری یەکێتی، وەک شکاتێک تا ئێمەش بتوانین وەک هەموو کەناڵەکانی دیکە مافەکانی خۆمان دەستەبەربکەین».

## رووونکردنەوە

لە راپۆرتی «پێویستە کارە گرنگەکانی خولی سێیەمی پەرلەمان چی بێت» لە دارشتنەوەی وتەکانی بەڕێز سەردار هەرکی، ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمان کەمێک هەڵەکرابوو، بە داوای لێبووردنەوە ئەمە راستەکەیەتی:

«پێویستە یەکەم کاری پەرلەمانی داهاتوو پێداچوونەوەبێت بە یاسای هەڵبژاردندا، لەبەرئەوەی‌ئەویاسایە پێنج‌جارهەموارکراوەو یاساکە ئێستا زۆر کەموکورتیی تێدایە، یەکێک لەو کەموکورتییانە مەسەلەی کۆتای برایانی مەسیحیو تورکمانو ئەرمەنە، کە دەبێت جارێکی دیکە ئەو کۆتایە دەستنیشانبکرێتەوە لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، ئەگەر بێتو دەنگەکانیان زۆربوو، ئەوا با کورسییەکانیان زیادبکرێت، ئەگەر دەرچوو دەنگەکانیان کەمبوو با کەمبکرێتەوە، واتە ناکرێت کورسی گشتیی (٢٠) هەزار دەنگی بوێت، لەکاتێکدا کورسی تورکمان یان مەسیحی تەنیا دوو هەزار یان سێ هەزار دەنگی بوێت، کە لێرەدا گومان دەکەوێتە سەر شەرعیەتی ئەو خوشکو برایانەی کە بەو رێژە کەمە دەبنە ئەندام پەرلەمان».

# کەرکوک چاوەڕێی گۆڕان دەکات

## هاوکێشەی گۆڕاوی هەرێمی کوردستان، کاریگەری لەسەر کەرکوک دروستدەکات

**کەرکوک، ئارام جەمال**

پرۆسەی گۆڕانکاریی‌و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی جێگەی سەرنجی ناوچەکەو جیهانە، پێکهاتە نەتەوەییەکانی کەرکوکیش ئومێدی گەورەیان بەو گۆڕانکارییە هەڵچنیوەو عەرەب‌و تورکمانەکانیش چاوەڕوانی کرانەوەی سیاسەتی هەرێمی کوردستان دەکەن‌و کوردیش خوازیاری گواستنەوەی ئەو گۆڕانکارییەیە بۆ کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکان.

نەجات حسێن، ئەندامی لیستی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرەڕای بوونی تەزویرات‌و خروقاتی زۆر لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا لەلایەن لیستی پارتی دەسەڵاتدارەوە، بەڵام خەڵکی ئازای کوردستان پرۆسەی دیموکراسییان لە هەرێمەکەیان دەوڵەمەندکردو دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی بەهێزی وەک لیستی گۆڕان کە کەسایەتی بەهێزو خاوەن پرۆژەی وەک نەوشیروان مستەفا، سەرۆکایەتی دەکات هێندەی دیکە پرۆسەکەی دەوڵەمەندکردو ئێستا ناوچەکەو جیهان بە جۆرێکی دیکە لە کوردستان دەڕوانێت».

لە بارەی کاریگەری گۆڕانکارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەسەر کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکانەوە، نەجات حسێن وتی: «بەو پێیەی کوردستان بەشی سەرەکی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکانە، بێگومان کاریگەرییەکە بەهێز دەبێت بە ئاراستەی گۆڕان لە سیاسەتی ڕابردووی پارتە کوردییەکان بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە کە خولقێنەری بەشێکی زۆری ئەم چەقبەستنەی ئێستان»، هەروەک وتیشی: «بەوهۆیەوە ئێمە وەک تورکمان بە ئومێدەوە چاومان لەو گۆڕانکارییانەیەو خوازیارین بۆ لەمەودوا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بیر لە شەراکەتی هاوبەشبکاتەوە، نەک وەستایی بۆ خۆیی‌و شاگردیش بۆ نەتەوەی تورکمان، کە ئەم سیاسەتە دەریخست خواستەکانی کوردیشی لەباربردووە».

ئەندامە تورکمانەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک زیاتر وتی: «ئەگەر بۆ لەمەودوا کورد بیر لەوەبکاتەوە ئەوەی بۆ خۆی لە بەغدا بەدەستیهێناوە، هەمان ئەو ماف‌و زەماناتە دەستووریانە لە کوردستاندا بە نەتەوەی تورکمان ببەخشێت، ئەوکات تورکمان پشتگیریی لێدەکات‌و گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان ئاسانتر دەبێت».

ڕاکان سەعید، ئەندامی کوتلەی عەرەبی‌و جێگری پارێزگاری کەرکوک، هەرچەندە سیاسەتی لیستی گۆڕانی سەبارەت بە ناوچە جێناکۆکەکان لەلا ڕوون نییەو خوازیاری کرانەوەی زیاتری سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە بەڕووی ناوچەجێناکۆکەکاندا، بەڵام ئاماژە بۆئەوە دەکات، گۆڕانکارییە گەورەکەی هەرێمی کوردستان ئومێدی بەوانیش بەخشیوە، لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی وت: «سیاسەتی هەڵەو پاوانخوازیی پارتی‌و یەکێتی لە شەش ساڵی ڕابردووی دوای ٢٠٠٣دا لە کەرکوک، هەموومانی دووچاری بێئومێدبوون کردووەو هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان‌و دەرکەوتنی لیستی گۆڕان وەک لیستێکی خاوەن جەماوەرو گۆڕانخواز، جارێکی دیکە سەرنجی هەموومانی ڕاکێشاو ئێستاش ئێمە خوازیاری ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوکین، بە جۆرێک کەس پەراوێز نەخرێت».

جێگری پارێزگاری کەرکوک وتیشی: «سیاسەتی لیستی گۆڕانمان لەلا ڕوون نییە سەبارەت بە کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکان کە بۆ ئەو مەبەستە وەک سەرکردەکانی عەرەب بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە بە نیازین سەردانی نەوشیروان مستەفا بکەین، بەڵام بێگومانین بەهۆی دەرچوونیان لە قاڵب‌و بەرژەوەندی حیزبایەتی تەسک‌و هەڵگرتنی دروشمی گۆڕانخوازیی، سیاسەتی چارەسەریان بۆ کەرکوک هەیە، چونکە ئێستا کەرکوک لە هەموو شوێنێک زیاتر پێویستی بە گۆڕانکاریی هەیە».

هاوکات ئەندامێکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە، وەک چۆن هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بەهۆی دەنگو لیستی جیاوازەوە ئومێدی بۆ خەڵکی کوردستان گەڕاندەوە، ئاواش جێگەی چاوتێبڕینی خەڵکی ناوچە دابڕاوەکانە، لەو بارەیەوە عەلی ساڵەیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دوای هەژدە ساڵ ئازادیی لە هەرێمی کوردستانداو ئەو قۆناغانەی بڕیویەتی، یەکەمجارە هەڵبژاردن لە کوردستاندا ئەنجامێکی وا پۆزەتیڤی دەبێت کە سەرەڕای کەموکووڕیی‌و پێشێلکارییەکان، بەڵام ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەو بۆ یەکەمجارە کورد لە پەرلەمانەکەیدا خاوەنی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزە».

وتیشی: «سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە ڕابردوودا کاتی زۆری لەدەستچووە لە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکاندا، بەڵام دەکرێت ئەم هەڵبژاردنە وەرچەرخانێکی گەورەبێت بۆ کوردو ئاوڕێکی جدی‌و واقیعبینانە لە کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکان بدرێتەوە، چونکە ئێستا ناوچە دابڕاوەکان چاویان لەو گۆڕانکارییانەی کوردستان بڕیووەو بە ئومێدەوە پێشوازی لە گۆڕانکاریی دەکەن، چونکە تاکو ئێستا کێشەی ئەم ناوچانە پێشکەوتنی ئیجابی لە چارەسەرکردندا بەخۆوە نەبینیوەو بەردەوام خەڵکەکەی دووچاری مەینەتی دەبنەوە».

لە هەڵبژاردنی ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا لیستی گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دووەم دەنگی بەدەستهێناو بەڕای چاودێران ئەمەش نیشانەی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارایە لە کوردستانداو لەو ڕووەشەوە عێراق‌و زۆربەی وڵاتانی ئیقلیمی‌و ناوچەکە بە گرنگییەوە لەم گۆڕانەی دۆخی کوردستان دەڕوانن.



نەتەوەکان لەناو گڕەکانی کەرکوکدا پشوویان دەوێت فۆتۆ: AP

# تارمایی تیرۆرو لەناوبردنی بە کۆمەڵ..

# مەینەتی بەردەوامی کەرکوکییەکان

**کەرکوک، ئارام جەمال**

وریا ئەحمەد، تەمەن (٢٩) ساڵ، برایەکی لە تەقینەوەکەی بازاڕی گەڕەکی ئازادی شاری کەرکوک برینداربوو، وتی: «خەمی گەورەمان ئێستا خۆپاراستنە لە تەقینەوەکان کە وەک مەرگی لەناکاو بەردەوام بەرۆکی خەڵکی ئەمشارە دەگرن».

لە ماوەی دوو مانگی ڕابردووداو بەتایبەت لەسەرو بەندو لەکاتی وەرگرتنەوەی دۆسییەی ئەمنی سەنتەری پارێزگاکانیی عێراقدا شاری کەرکوک، شەپۆلێکی توندی تیرۆرو توندوتیژی بەخۆوە بینیوە، لەم ماوەیەدا نزیکەی (١٠٠٠) هاوڵاتی بەهۆی سێ تەقینەوەی ئۆتۆمبێلەوە لە ناحیەی تازەو بازاڕی گەڕەکی شۆڕیجەو بازاڕی گەڕەکی ئازادی شاری کەرکوک کوژراون‌و برینداربوون، کە ئەنجامەکانیان هیچی لە کارەساتێکی گەورەی مرۆیی کەمتر نییە.

شێخ سدیق محەمەد، چاودێری سیاسی‌و ئەمنی کەرکوک، هۆکاری پەرەسەندنی کردەوە تیرۆریستییەکان بە کۆی پرۆسەی سیاسی عێراقەوە گرێدەداتو دەڵێت: «ململانێی بەردەوام‌و چارەسەرنەکردنی پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی ناوەندو حکومەتی هەرێمی کوردستان، هۆکاری سەرەکی تێکچوونی ڕەوشی ئەمنین، بەتایبەت لەکاتێکدا کێشەی سیاسی شاری کەرکوک تادێت ئاڵۆزتر دەبێت».

وریا ئەحمەد، کە دوکانێکی کەمالیاتی لەنێو بازاڕی ئازادی شاری کەرکوکدا هەیە دەڵێت: «سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆرە بەهۆی ئاڵۆزبوونی کێشەی کەرکوک‌و خراپبوونی ڕەوشی ئەمنییەوە فرۆشی بازاڕەکەمان زۆر خراپە، بەڵام پەلامارەکەی ئێوارەی هەینی (٧/٣١) هێندەی دیکە دووچاری ترس‌و دڵەڕاوکێی‌و زیانی ماددی کردین، بە جۆرێک سەرەڕای زیانە گیانییەکان دوکانەکەی من‌و زیاتر لە (١٠) دوکانی دیکەی بازاڕەکە زیانی گەورەی ماددیان بەرکەوتووەو شمەکی ناو دوکانەکانیان لەناوچوون‌و تاکو ئێستاش حکومەت نەهاتووە پێمان بڵێت قەرەبووتان دەکەینەوە».

مەریەم عەباس، تەمەن (٣٦) ساڵ، کە فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرێتی شارەوانیی کەرکوک، لەکاتی چوون‌و هاتنەوە لە دەوام بەردەوام لە دڵەراوکێدایە، دەڵێت: «ئەم حاڵەتە بە جۆرێک کە کاریگەری لەسەر باری دەروونیم کردووە، هەمیشە چاوەڕوانم یان تەقینەوەیەک ڕوودات، یاخود گروپە چەکدارەکان بمڕفێنن یاخود بەچەکی بێدەنگ بمکوژن».

لەگەڵ پەرەسەندنی تەقینەوەکان مۆدێلێکی نوێی تیرۆر لە مانگی ڕابردوودا سەریهەڵدا، کە ئەویش تیرۆرکردن بوو بە چەکی بێدەنگ، بە جۆرێک هێندەی پەلامارە تیرۆریستییەکانی دیکە ترس‌و دڵە ڕاوکێی لەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە، کە تەنیا لە ماوەی کەمتر لە (١٥) ڕۆژداو بەو مۆدێلە تیرۆرە نزیکەی (١٠) کەس لە شوێنە جیاوازەکانی کەرکوک کوژران.

عیماد عەبدوڵلا، تەمەن (٢٩) ساڵ، دوکاندارە لە بازاڕی شۆڕیجەی شاری کەرکوک دەڵێت: «ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە ئەوە دەردەخەن کە ئەمن‌و ئاسایشی کەرکوک لە مەترسیدایەو گروپ‌و باندە توندڕەوەکان‌و مافیاکان هەرکات بیانەوێت تەقینەوە ئەنجامدەدەن، خەڵک دەکوژن، خەڵک دەڕفێنن، بزانە یەک ئەنجامدەری ئەو کردەوانە گیراون؟ بێگومان نەخێر، کە ئەوەش لاوازیی دەزگا ئەمنییەکان دەسەلمێنێت، بەتایبەت هێزەکانی ئاسایشی پارتی‌و یەکێتی کە کوچەو کۆڵانی ئەم شارە نەماوە بنکەیەکی ئەوانی لێنەبێت».

شێخ سدیق، بە ڕۆژنامەی وت: «بە سوودوەرگرتن لەو بۆشاییە سیاسی‌و ئەمنییەی ئێستا دەسەڵات‌و دەزگا ئەمنییەکان دروستیانکردووە، تیرۆریستان قۆستوویانەتەوەو بەردەوام چیان بوێت لەم شارەدا دەیکەن، ئەوەی ناوچەی ئارامیشە کە جاران بە ناوچە کوردنشینەکان دەوترا لەم شارەدابوونی نییەو تێکچوونی ئەمنییەتی شارەکەش وێڕای ئەوەی بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دەزگاکانی پۆلیس‌و سوپا، بەڵام پشکی شێری لە ئەستۆی ئاسایشی کوردی‌و حکومەتی هەرێمی کوردستانە».

ئێستا سەرەڕای بوونی هێزێکی زۆری ئەمریکیەکان لەناو فرۆکەخانەی کەرکوکدا کە هەرکات هێزە عێراقیەکان بیانەوێت هاوکارییان دەکەن، زیاتر لە (٢٥)هەزار چەکدار لە شاری کەرکوک‌و دەوروبەریدا لە سوپاو پۆلیس‌و ئاسایش‌و هێزەکانی سەحوە بوونیان هەیە، ئەمە سەرەڕای بوونی دەزگا هەواڵگرییەکانی عێراق‌و دەزگاکانی پاراستن‌و زانیاریی یەکێتی‌و پارتی.

عەلی محەمەد، تەمەن (٤٢) ساڵ، (کاسب) دانیشتووی گەڕەکی قادسیە دەڵێت: «بە (٢٥) هەزار چەکدار نەتوانن ئاسایشی کەرکوک بپارێزن‌و گروپێکی مافیا لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا (١٠) کەس بە چەکی بێدەنگ تیرۆربکەن‌و دەستگیرنەکرێن، ئەمانە دەمخاتە ئەو بڕوایەی خراپبوونی ڕەوشی ئەمنی‌و مانەوەی بارودۆخی ئێستای کەرکوک وەک ئێستا لە بەرژەوەندی ئەو دەزگا ئەمنیانەدایە، ئەگەر وانییە بۆ سیاسەت‌و تاکتیکیان ناگۆڕن، یان ئەوەتا تەسلیم بەهێزەکانی ئەمریکای بکەنەوە».

شێخ سدیق دەڵێت: «بەشێکی دیکەی ئاڵۆزبوونی بارودۆخی کەرکوک لە ئەستۆی هێزەکانی ئەمریکادایە کە دەیانتوانی چارەسەری ڕیشەیی بۆ بکەن، بەڵام نەیانکرد، لەگەڵ ئەوەشدا خیتابی توندوتیژی هەندێک لایەن لەناو سەرجەم نەتەوەکانداو بوونی دەستی دەرەکی بەردەوام لەم شارەدا هۆکارێکی دیکەی مەترسیدارن بۆ تێکچوونی ڕەوشەکە بەرەو خراپتریش».

بەهۆی ململانێی دەزگا ئەمنییەکانەوە کە هەمووان درکی پێدەکەن فرەکوێخایی‌و بێسەروبەرەیی دروستبووە، کە زۆرجار ململانێی نێوان ئەو دەزگایانە دەگاتە ڕادەی ئەوەی لە ڕقی یەکتری کەسانی تاوانبارو لە یاسا لادەر ئازاد دەکەن یاخود پارێزگاری لێدەکەن، یان بۆ نموونە کاتێک تەقینەوەیەک ڕوودەدات (٣) دەزگای ئەمنی جیاواز ڕایدەگەیەنێت کە ئەنجامدەرەکەی دەستگیرکردووە، لەوبارەیەوە شێخ سدیق دەڵێت: «بوونی فرەکوێخایی لە دەزگا ئەمنییەکانی شارەکەداو گوێنەدان بە هاوکاریی‌و هەماهەنگی یەکترو هەرکەس بۆ خۆی، تیرۆریستان‌و گروپە توندڕەوەکان قۆستوویانەتەوە، سەرەڕای ئەوەی لەم شارەدا کە گەورەترین یەدەگی نەوتی جیهانی لێیە، بەڵام بە هەزاران گەنج‌و لاوی بێکارو خێزانی هەژاری تێدادەژیت کە باشترین ئامرازن تاکو ئەو لایەنانە بەکاریانبهێنن، بەڵام حکومەت زۆر بێ بەرنامەیە بۆ ئەو کەسانەو پێویستە بەر لە هەموو شت بیر لە چارەسەری کێشەی گەنجەکان‌و کێشە کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکان بکرێتەوە».

وریای دوکاندار زیاتر، وتی: «ئێستا مەترسی تیرۆرو تەقینەوە دڵ‌و دەروونی هەموومانی داگیرکردووەو بۆنی بارووت‌و گرمەی تەقینەوەکان‌و بە ئاسماندا چوونی گڕو دووکەڵ‌و مەرگی بەردەوامی ئازیزانمان بەردەوام ڕاماندەچڵەکێنن».

## هەریەک لە دوو حیزبەکە دەتوانن بە ئاسانی پەشیمان ببنەوە

# ستراتیژی ڕێکەوتنەکەی یەکێتیو پارتی

هیوا جەمال

ڕێکەوتنی نێوان یەکێتیو پارتی، کە بە «ڕێکەوتننامە ستراتیژییەکە» ناسراوە، ڕێگەی داوە بە هەردوو حیزب کە بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لە سەرجەم هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بەیەک لیست بەشداریی بکەن، ئێستا بەهۆی نەمانی باڵانسی هێز لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا کە ڕێکەوتنەکەیان ئیمزا کردووە، ئەگەری شکستهێنانی هەیە.

لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١) لایەنە ناکۆکەکانی کورد بەتایبەت (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان) چەندین گفتوگۆو ڕێکەوتنیان ئەنجامداوە، وەک ( گفتوگۆی تاران ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٥، گفتوگۆی پاریس ١٩٩٤، گفتوگۆ لە ئیرلەندا ساڵی ١٩٩٥، ڕێکەوتنی واشنتۆن ١٩٩٨، ڕێکەوتنی ستراتیژیی ٢٠٠٠) ئەوەی کە بە ڕێکەوتنی ستراتیژیی ناسراوەو لە ڕاستیدا مەرجی ڕێکەوتنی ستراتیژیی تێدا نییە لە ساڵی ٢٠٠٧ ئیمزا کرا.

بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکانو جیهانبینی چاودێرە سیاسییەکانیش ڕێکەوتنی ستراتیژیی لە نێوان دوو وڵات، حیزب، لایەن.. ئەنجامدەدرێتو بۆ بەجێهێنانی ئامانجێک یان ستراتیژێکە کە هەردوولا لەسەری ڕێکەوتوونو کاری بۆ دەکەن، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە «ستراتیژیی نییە»و ڕێکەوتنی «دابەشکردنی دەسەڵاتە»و «مامەڵەکردنە لەنێوان دوحیزبدا»و بەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانە، کە ناتوانرێت ناوی ڕێکەوتنی ستراتیژی لێبنرێت.

ئەو ڕێکەوتنانەی لەنێوان یەکێتیو پارتیدا کراوونو لایەنی سێیەم بەشدار نەبووە، شکاندینان ئاسانبووە، چونکە هێزە کوردییەکان لەکاتی پێویستدا مەرجەعێکییان نییە پەنای بۆ ببەن، بۆیە جگە لە ڕێکەوتنی واشنتۆن لەنێوان یەکێتیو پارتیدا هیچ ڕێکەوتنێکی دیکە نەتوانراوە تاسەر بپارێزرێت.

## تەوەرەکانی ڕێکەوتنەکە:

ڕێکەوتنەکەی یەکێتیو پارتی لە هەشت تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، کە خۆی لە (لایەنی سیاسیو تیۆری، لایەنی پەرلەمانی، لە ڕووی حکومەتەوە، لە ڕووی پەیوەندی دەرەوەو دبلۆماسییەوە، میکانیزمو چاودێریی، لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە، کاریگەریی ئەم ڕێکەوتننامەیە، لە ڕووی نەهێشتنی کێشەی پاشماوەکانی قۆناغی ڕابردوو)، کە لەناو ئەم تەوەرانەدا چەندین خاڵ هەیەو لە هەندێک خاڵدا، کە مەبەست بووە باش ڕوونکراوەتەوە.

## خاڵی فەرامۆشکراو:

لەبەرئەوەی ڕێکەوتنەکە لە بنچینەوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان ئەو دوو پارتەدا نووسراوە، بە ڕوونی باس لە نیوە بەنیوەی دابەشکردنی پۆستەکان دەکات، بەڵام خاڵی تێدایە کە باس لە ڕەنگدانەوەی وتاری سیاسی کورد دەکات لەسەر ئاستی بەرژەوەندی باڵا، لە تەوەرەی یەکەم، لە خاڵی (١)دا هاتووە: ئەو ڕێکەوتنە لەسەر بنەمای پەیمانێکی سیاسی، نیشتمانی، نەتەوەیی کوردستانە، کە تیایدا وتاری سیاسی کورد لەسەر ئاستی بەرژەوەندی باڵا ڕەنگبداتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت هەردوو سەرۆکی ئەو دوو حیزبەی کە ڕێکەوتنەکە لە نێونایاندا ئیمزا کراوە، لە ماوەی ڕابردوودا چەندین لێدوانی دژ بەیەکیان بەرامبەر سیاسەتی کوردی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا داوە، کە ئەمە فەرامۆشکردنی ئەم خاڵەیە، چاودێرە سیاسییەکانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە گوتاری سیاسی کورد، لاوازو پەرتوو بڵاوەو ستراتیژێکی ڕوون نییە، کورد



چرپەیەک بە ئاشکرا    فۆتۆ: ڕۆیتەرز

> **ئەوەی ئەگەری شکاندنی ئەم ڕێکەوتنەی نێوان یەکێتیو پارتی هەیە، ئەو خاڵەیە، چونکە وتراوە «بەپێی تەوافوقو تەوازن» ئێستا ئەم دوو هێزە تەوازن لە نێونیاندا نییە، لەبەر ئەوەی پارتی لە ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆیدا بە تەزویری بێ ئەنداز دەنگی هێناو یەکێتیش کە چاوەڕێی نەدەکرد ئۆپۆزسیۆن ئەو دەنگانە بەدەستبهێنێت، ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆی دۆڕاندووە، بۆیە وەک زانیارییەکان دزەیانکردووە لەناو پارتیدا کۆمەڵێکی باش ناڕازیی هەن بۆ نەدانی پشکی هاوتای پارتی بە یەکێتی.**

گوتاری سیاسی خۆی لەسەر ڕەنگ ڕێژ بکات. ئەوەش بە ڕوونی لە لێدوانەکانی بارزانیو تاڵەبانی سەبارەت بە تورکیاو حکومەت ناوەندی بەغدا بە باشی بە دیار کەوتووە.

لە خاڵی (٣)ی هەمان تەوەردا هاتووە: هەردوولا لەژێر پاساوی تەیاری فیکری سیاسی، نابێت ئەم ڕێکەوتنە بەلاوە بنێن، بەڵکو دەبێت پابەندبنو لە هەموو کۆنفرانسو کۆبوونەوەیەکدا ڕەچاوی ئەم پرۆسەیە بکەن.

ئەوەی پێچەوانەی ئەم خاڵەیە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی مەڵبەندێکی یەکێتیدا وتراوە ئیش بۆ لیستی کوردستانی بکەن، بەڵام ئیش بۆ دەنگدان بە مەسعود بارزانی مەکەن.

## چۆن ڕێکەوتنەکە دەشکێنرێت؟

تەوەری دووەم لە ڕێکەوتنەکە تەرخانکراوە بۆ لایەنی پەرلەمانی، لە خاڵی (٢)دا هاتووە، هەڵبژاردنی پەرلەمان بەیەک لیست دەبێتو ئەمە ئینعیکاس دەکاتە سەر هەموو ئەنجومەنو سەندیکاو ڕێکخراوەکان، بەپێی تەوافوقو تەوازن.

ئەوەی ئەگەری شکاندنی ئەم ڕێکەوتنەی نێوان یەکێتیو پارتی هەیە، ئەو خاڵەیە، چونکە وتراوە «بەپێی تەوافوقو تەوازن» ئێستا ئەم دوو هێزە تەوازن لە نێونیاندا نییە، لەبەر ئەوەی پارتی لە ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆیدا بە تەزویری بێ ئەنداز دەنگی هێناو یەکێتیش کە چاوەڕێی نەدەکرد ئۆپۆزسیۆن ئەو دەنگانە بەدەستبهێنێت، ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆی دۆڕاندووە، بۆیە وەک زانیارییەکان دزەیانکردووە لەناو پارتیدا کۆمەڵێکی باش ناڕازیی هەن بۆ نەدانی پشکی هاوتای پارتی بە یەکێتی.

بەپێی بۆچوونی چاودێرێکی سیاسی بۆ یەکێتی باشترە کە خۆی لە ڕێکەوتنەکە بکشێنێتەوە ئەگەر ئەم کارە بکات دوو ئەگەر لە ئارادا دەبێت، ئەگەری یەکەمیان: پارتی جیا لە یەکێتی بە هاوپەیمانی چەند لایەنێکی دیکە وەک چوار حیزبەکەو نەتەوەکانی دیکە حکومەت پێک بێنێت، یەکێتی ببێتە ئۆپۆزسیۆن.

ئەگەری دووەمیان: یەکێتی لەگەڵ چەند لایەنێک وەک چوار حیزبەکە، لیستی گۆڕان، ...هاوپەیمانێتی پێک بهێنێتو پارتی ببێتە ئۆپۆزسیۆن.

بەڵام بە بۆچوونی چاودێرە سیاسییەکە لەم قۆناغەدا پارتی حکومەت پێک بێنێت باشترەو یەکێتی ببێتە ئۆپۆزسیۆن، چونکە یەکێتی ناتوانێت لە قەڵەمڕەوی ئێستای پارتیدا حکومەتێکی کارای هەبێت.

## دوو حکومەتی پێچەوانە:

تەوەری سێیەمی ڕێکەوتنەکە تەرخانکراوە بۆ حوکمڕانی هاوبەش لە خاڵی (٢)دا هاتووە: حوکمڕانی حکومەت هەموو حکومەت بگرێتەوە، نەک ئیجازە لە پارتیو یەکێتی وەربگیرێت، بۆ بەدواداچوونو حوکمڕانی خۆیو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی.

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووی کابینەی پێنجەمی حکومەتدا، بینیمان کە دوو ئیدارەیی بە حکومەتەوە دیار بوو، سەرۆکی حکومەت سەرۆکی حکومەتی زەرد بوو، جێگری سەرۆکی حکومەت سەرۆکی حکومەتی سەوز بوو، هەر لە دانانی بەردی بناغەی پرۆژە وەهمیو حەقیقییەکانەوە بیگرە تا کردنەوەی پرۆژەکان، هەر لە دانانو لابردنی قایمقامو بەڕێوەبەری ناحییەوە بیگرە تا لابردنیان، تەنانەت نەک حکومەت، لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە قایمقام لادەبراو دادەنراو بەڕێوەبەری ئاسایش دەگۆڕاو لەلایەن پارتیشەوە بەهەمانشێوە.

## وتاری دژ یان یەکگرتوو:

لە تەوەری «لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە» لە خاڵی (١)دا هاتووە: دامەزراندنی هەیئەتێکی ڕاگەیاندنی هاوبەش بۆ ئامادەکردنی وتاری یەکگرتووی ڕاگەیاندن.

ئەوەی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا (جگە لە مانگی حوزەیرانو تەمموزی ڕابردوو) هەردوو ڕاگەیاندنەکانی دوو حیزبەکە بە ڕێپۆرتاژو ڕاپۆرتەکانیانەوە دیاربوو، بۆ نموونە تەلەفزیۆنی زاگرۆس کە سەر بە پارتییە ڕێپۆرتاژی دەکرد لەسەر نەبوونی کەموکوڕیی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیداو تەلەفزیۆنی کوردساتیش ڕاپۆرتی دەکرد لەسەر نەبوونی خزمەتگوزاریی لە ژێر دەسەڵاتی پارتیدا، ئەوە جگە لەوەی ئێستا بە ماسکی قسەوتنو ڕەخنەگرتن لە گۆڕان، ڕەخنە لە حکومەتی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی دەگیرێت.

## ئۆپۆزسیۆنی سلبی چییە؟

لە تەوەری کاریگەریی ئەم ڕێکەوتنە لقی ب. خاڵی (٣)دا هاتووە: نابێت وا بکرێت کە ئەم ڕێکەوتننامەیە ببێتە ئەگەری بەهێزبوونی ئۆپۆزسیۆنی سلبی لە کوردستاندا، یان لەژێر سایەیدا گەندەڵی سیاسیو ئیداریی حەشار بدرێت.

لەم خاڵەدا ڕووننەکراوەتەوە (ئۆپۆزسیۆنی سلبی) چییە؟ ئۆپۆزسیۆنی سلبی کێن؟ ئەی ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی چییەو کێن؟

چاودێرە سیاسییەکان تائێستا باسیان لە یەک ئۆپۆزسیۆن کردووە، لە دنیای سیاسەتیشدا یان ئۆپۆزسیۆن هەیە یان بەشداریکردن لە حکومەت جا بەهەر شێوەیەک بێت، بۆیە ئەم خاڵەی ڕێکەوتنەکە گوماناوییە لەوەدا کە ئەم دوو هێزە هەر کەسێک، یان هەر هێزێکیان بەدڵ نەبێت ناوی دەنێن ئۆپۆزسیۆنی سلبیو دەتوانن سەرکوتی بکەن.

# دەنگدانەوەی میدیایی

# سەردانەکەی مالیکی تەنیا فشاری ئەمریکایە

شالاو فەتاح

«فشاری ئەمریکا»و «نەنانی هەنگاوی جدیی» دوو دەستەواژەن کە دوێنێ لە میدیای جیهانیدا سەبارەت بە سەردانی نوری مالیکی بۆ کوردستان بە زەقی دەبینران. میدیای جیهانی هەرچەندە نیشانەی سەرسوڕمان دەخاتەسەر سەردانەکەی مالیکی بۆ هەرێم، بەتایبەت دوای ئەوەی کێشەکانی نێوان ناوەندو هەرێم دەگۆڕێن بۆ «کێشەی شەخسی» نێوان سەرۆکەکان، بەڵام ئەوە دەخاتەڕوو کە جگە لە «بەردەوامبوونی گفتوگۆکان» هیچ هەنگاوێکی جدیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نەنراوە، ئەمەش لە چەندین راپۆرتدا دەبینرێت، بەشێوەیەک هەندێک لە راپۆرتەکان بە تەرکیزەوە باس لە «دووری کورسییەکان»ی مالیکیو بارزانی دەکەن لە یەکتر، «میانگیری» تاڵەبانیش لەنێوانیاندا. دواترو لە شیکارەکانی میدیادا بۆ زنجیرەی رووداو و سەردانەکانی ئەم دواییەی بەرپرسانی عێراقو ئەمریکا ئەوە دەخرێتەڕوو کە سەردانەکە «فشاری ئەمریکا»یە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێش کشانەوەی تەواوی ئەمریکا لە عێراق.

The Washington Post

## «دەبووایە بارزانی سەردانی بەغدای بکردایە»

واشنتۆن پۆست دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەی نێوان مالیکیو تاڵەبانیو بارزانی دەنووسێت لە یەکەم کۆبوونەوەیاندا، مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بەڵێنیانداکێشەکانی خاکو نەوت چارەسەربکەن کە هەڕەشە لە سەقامگیریی عێراق دەکەن. هەروەها رۆژنامەکە نووسیویەتی: ململانێی نێوان عەرەبو کوردەکان گەورەترین هەڕەشەی سەر سەقامگیریی ئەمنی عێراقە، ئەمریکاش داوای لەلایەنە عێراقییەکان کردووە کێشەکانی نێوانیان پێش کشانەوەی تەواوی ئەمریکا لە عێراقدا چارەسەربکەن.

دواتر واشنتۆن پۆست لەسەر ئاکامی کۆبوونەوەکە لەسەر زاری مالیکیو بارزانییەوە دەدوێتو دەڵێت: «تەحەددییەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا پێویستی بە کۆبوونەوەو هاوکاری زیاترە». ئەمە وتەکانی مالیکی بوون لەدوای کۆبوونەوەکەو لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانییدا، بارزانیو تاڵەبانیش وتیان: «زۆر گەشبینین دوای ئەو کۆبوونەوەیە». دواتر بارزانی وتی: «نوێنەرمان سەردانی بەغدا دەکات بۆ چارەسەرکردنی گشت کێشەکان».

بەرپرسانی عێراقیش گەشبینن بەرامبەر کۆبوونەوەکە، چونکە لە گەورەترین کێشەکانی نێوان ناوەندو هەرێم کێشەی نەوتو سنوورن، حکومەتی هەرێم دەیەوێت سنووری خۆی فراوانبکات لەسەر حیسابی زیادکردنی ناوچە جێناکۆکەکان بۆ هەرێمەکەیو سوود لە نەوتی ئەو ناوچانەش وەربگرێت، لە بەرامبەردا حکومەتی مالیکی زۆر بە توندی دژی ئەو رایەیە. بەرهەم ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، وتی: «زۆر گرنگە کە متمانە بنیادبنێین لەنێوان ناوەندو هەرێمدا».

هەرچەندە هەندێک لە پەرلەمانتارە عەرەبەکان ئەم سەردانەیان بە «ئاماژەیەکی ئیجابی» لە قەڵەمدا، بەڵام هەندێکی دیکەیان وەک نیشانەی بێهێزیی حکومەتەکەی مالیکی لە قەڵەمیدەدەن، وەک یەکێکیان دەڵێت: «دەبووایە بارزانی سەردانی بەغدای بکردایە، نەک مالیکی بۆ سلێمانی».

REUTERS

## «تەنیا بەردەوامی گفتوگۆکان ئاکامی کۆبوونەوەکان بووە»

ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز لە راپۆرتێکدا سەردانەکەی مالیکی بە «کەم وێنە» وەسفدەکاتو بە «هەنگاوێکی باش» بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە قەڵەمیدەدات، هەرچەندە رۆیتەرز ئەوە دەخاتەڕوو کە کۆبوونەوەکە هیچ هەنگاوێکی بەرچاوی تیدا نەنراوەو تەنیا بەردەوامی گفتوگۆکان ئاکامەکەی بووە، رۆیتەرز دەڵێت لە کۆبوونەوە کەموێنەکەی مالیکیو بارزانیدا گفتوگۆ لەسەر کێشەکانی نەوتو سنوورکراوە، بەڵام تەنیا رێککەوتن لەسەر کۆبوونەوەی زیاترکراوە.

دواتر رۆیتەرز دێتەسەر باسی کێشەکانی پێشتری نێوان مالیکیو بارزانی دەنووسێت، مالیکی بارزانی تۆمەتبار دەکرد بە نایاساییبوونو مامەڵەکردنێکی سەربەخۆیانەو بارزانیش مالیکی تۆمەتبار دەکرد بە دیکتاتۆربوون، بەڵام مالیکی، پێرێ و لەکاتێکدا لەسەر کورسییەک دوور لە کورسییەکەی بارزانی دانیشتبوو وتی: «جیاوازی بیروڕا زۆر ئاساییە، چونکە ئێمە وڵاتێک لە پاشماوەی وێرانکارییەکانی سەدام حسێن بینادەکەین».

هەر لە راپۆرتەکەیدا رۆیتەرز دەنووسێت، کێشەو ململانێکانی نێوان کوردو عەرەب وەک گەورەترین کێشەیەک سەیردەکرێت کە ئارامییو ئاسایشی عێراق تێکدەدات، هەربۆیە لە یەکەم سەردانیدا مالیکی مایەوەو سەردانی شاری هەڵەبجەی کرد کە خاوەنی پێنج هەزار شەهیدی کیمیایی دەستی رژێمی پێشووە، رۆیتەرز دەنووسێت، لەکاتێکدا دادگا سزای حەوت ساڵ زیندانیکردنی بەسەر تاریق عەزیزدا سەپاند، بەهۆی کۆچپێکردنی بە زۆری کوردەکان لە شارە کوردییەکانو کەرکوکیش لەنێوانیاندا، بەڵام هێشتا کێشەکانی کەرکوکو نەوتو سنوور بەردەوامن.

Associated Press

## «سەردانەکە لەژێر فشاری ئەمریکادا بووە»

ئاژانسی ئەسۆشیەیتد پرێس سەردانەکە بە هەوڵێکی دیکەی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق پێش کشانەوەی تەواوی ئەمریکا «جێهێشتنێکی بەرپرسیارانە» لە قەڵەمدەدات. (ئەی.پی) دەنووسێت، سەردانەکەی مالیکی یەکێکی دیکەیە لە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ئاسایشی عێراق دەخەنە مەترسییەوە، چونکە وەک مالیکی دەڵێت: «لە واشنتۆن کێشەکانی نەوتو سنوور وەک یەکێک لە گەورەترین ئەو کێشانە باسکراوە کە مەترسییە لەسەر وڵاتەکەی». ئەمەش لەگەڵ سەردانەکەی رۆبەرت گەیتسی وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆلای هەریەک لە مالیکیو بارزانی روونتردەبێتەوە، هەرچەندە هەندێک لە بەرپرسە عێراقییەکان ئەوە رەتدەکەنەوەو پێیانوایە خواستێکی عێراقییانە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، وەک عەلی ئەدیب، پەرلەمانتاری شیعە دەڵێت: «سەردانەکە لەژێر فشاری ئەمریکا نەبووە، بەڵکو ئیرادەو هیوای چارەسەرکردنی کێشەکان وایکردووە مالیکی بچێتە سلێمانی». (ئەی.پی) دواترو لە بەشێکی راپۆرتەکەیدا رووداوە هاوکاتەکانی عێراق بڵاودەکاتەوە وەک کوژرانی شەش کەس بە بۆمبی چێنراو لە بەغداو باشووری عێراق.

هەرچەندە هیچ یەکێک هەنگاوێکی جێی سەرنج نەنراوە لەم کۆبوونەوەیەدا جگە لەوەی کە هەردوو لا (مالیکیو بارزانی) کۆبوونەوەیەکەیان بە ئیجابی لە قەڵەمداوەو پەیمانی گفتوگۆی زیاتریانداوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئاکامی کۆبوونەوەکەش تەنیا دروستکردنی کۆمیتەیەک لە چەند نوێنەرێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو پەیمانێکی بارزانی بوو بۆ «ناردنی نوێنەری باڵا بۆ بەغدا» تا لەڕێی کۆبوونەوەو گفتوگۆی زیاترەوە کێشە هەڵواسراوەکان چارەسەربکەنو پرۆسەی سیاسی عێراق بەرەوپێشببەرن، چەندین بەرپرسی عێراقو کوردستانیش سەردانو کۆبوونەوەکەیان بە ئاماژەیەکی باش بۆ ئیرادەی چارەسەرکردنی کێشەکان لە قەڵەمداوە، هەرچەندە هەندێکیان بە سەردانێکی ناچاریی دەزانن بەهۆی فشاری زۆری واشنتۆنەوە.

The New York Times

## «کێشەکانی نێوان هەرێمو ناوەند بوونەتە کێشەی شەخسیی نێوان سەرۆکەکان»

نیویۆرک تایمز لە راپۆرتێکی هەمەرەنگ بە ململانێکانی ناو عێراق، باس لە کێشە هەنووکەییەکانی عێراق دەکاتو لەنێویاندا سەردانە گرنگەکەی مالیکی بۆ هەرێم، نیویۆرک تایمز دەنووسێت دوای ئەوەی نزیکەی ساڵێک هیچ گفتوگۆیەک لەنێوان مالیکیو بارزانیدا روویندادو کێشەو ململانێ سیاسییەکان بوونە کێشەی شەخسیی، پێرێ لە دوکان مالیکیو بارزانی کۆبوونەوە. نیویۆرک تایمز لە بارەی ئەنجامی کۆبوونەوەکەوە دەنووسێت، لەدوای کۆبوونەوەکە لیژنەیەک پێکدەهێنرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی نێوان هەردوولا، وەک کێشەی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان ناوەندو هەرێمو دابەشکردنی سەروەتی عێراقو یاسای نەوتو گاز.

دواتر نیویۆرک تایمزیش لە پەرەگرافێکی درێژتردا لەوەی ئاژانسی هەواڵی ئەسۆشیەیتد پرێس باس لەکاتی هەستیاری ئەم کۆبوونەوەیە دەکات، چونکە کۆبوونەوەکە هاوکات بوو بە نائارامیی لە باشوورو روودانی چەند تەقینەوەیەک لە پارێزگاکانی ئەنبارو بەغدا، ئەمە جگە لەوەی هەر چەند رۆژێک پێشترو لە رووداوێکی کەمشێوەدا سێ هاوڵاتی ئەمریکی لەسەر سنووری عێراق- ئێرانو لەلایەن پاسدارانی ئێرانەوە دەستگیرکران.

News www.chinaview.cn

## «سەردانەکەی مالیکی بەشێکە لە بانگەشەی هەڵبژاردن»

ئاژانسی هەواڵی شینخوای چینی بەهەمانشێوەی چەندین رۆژنامەی دیکە لە میدیای جیهان، سەردانەکەی مالیکی بۆ هەرێم بە فشاری ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەزانێت، لە راپۆرتەکەیدا لەسەر سەردانەکەو ئاکامەکانی دەنووسێت، لە سەردانەکەیدا مالیکی تەئکیدی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان بەپێی دەستووری عێراق کردەوە، بە جۆرێک مالیکی وتی: «کۆبوونەوەکەمان پۆزەتیڤ بوو، هەردوولا رازیبووین لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراقو سیستمی فیدراڵی»، دواتر مالیکی لە بارەی هەنگاوی پراکتیکییەوە دەدوێتو دەڵێت: «رازیبووین لەسەر دۆزینەوەی میکانیزمێکی تازە بۆ بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆکانو چارەسەرکردنی کێشەکان».

دواتر ئاژانسەکە باس لە رەگی کێشەکان دەکات کە خۆی لە کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان بەتایبەت کەرکوک دەبینێتەوە، شینخوا دەنووسێت، دوای دەرکردنی دەستووری هەرێمیش ئەم کێشانە لەنێوان ناوەندو هەرێمدا توندتربوون، بە جۆرێک بەرپرسانی ئەمریکا چەند جارێک عێراقیەکانیان ئاگادارکردووەتەوە لە مەترسی رووداني پێکدادان لەنێوان هێزەکانی سوپای عێراقو هێزەکانی پێشمەرگەدا لەو ناوچانە، سەردانەکەی رۆبەرت گەیتسیش ئاگادارکردنەوەیەکی دیکەی گشت لایەنەکان بوو لەو جۆرە ململانێیانە، گەیتس لە سەردانەکەیدا دەڵێت: «دەخوازین کێشەکانی یاسای نەوتو گازو ناوچەجێناکۆکەکان چارەسەربێت لەنێوان پێکهاتە عێراقییەکاندا». لە کۆتایی راپۆرتەکەیدا شینخوا دەڵێت: «چاودێران پێیانوایە ئەم سەردانەی مالیکی ئامانجێکی دیکەی لە پشتەوەیە کە ئەویش بانگەشەکردنیەتی بۆ هەڵبژاردنەکەی کانوونی دووەمی (٢٠١٠).

# نامەیەک بۆ خەڵکی کوردستان

هێمن عەلی قادر



دوای جەدەلو ماندووبوونێکی زۆر لەگەڵ ستافی رۆژنامەی (هەولێر)، بە ئەسەفێکی زۆرەوە ئامادە نەبوون، ئەم روونکردنەوەیەم بۆ بڵاوبکەنەوە، بۆیە ناچاربووم بینێرم بۆ (رۆژنامەی رۆژنامە)ی ئازیز، تا هەقیقەتی پەرۆشی خۆمان بۆ ئەم مەسەلەیە بە خەڵکی کوردستان بگەیەنین.

خاوەن قەڵەمەکان زۆرن، ئەوەندەی گەڵای درەختەکان، پرۆسەی نووسینیش وەک هەر پرۆسەیەکی دیکە بەر رەحمی ئەم هەراو زەنای بازاری ئازادییە کەوتووە، بە رادەیەک کە زۆرجار تێکەڵی نەک هەر لە بۆچووندا، بەڵکو لە خودی ناوەکانیشدا روودەدات، لێکچوونو تێکەڵکردنی ناوەکان، زۆرجار دەگاتە ئاستێکی ئەوەندە مەترسیدار کە مرۆڤی خوێنەر هەقیقەتی خاوەن قەڵەمەکانی لێ تێکەڵوپێکەڵ دەبێت.

لە ژمارەی (٥٨٣)ی بەرواری ٢٠٠٩/٧/٢٢ رۆژنامەی (هەولێر)دا بە ناوی (هێمن عەلی)یەوە بابەتێک لەسەر بەرێز (نەوشیروان مستەفا) بڵاوکرایەوە، هەر هەمان رۆژ من (٢٧)نامەم لەلایەن دۆستو برادەرانو هەندێک ژمارەی غەریبەوە بۆ هات، هەندێک دەستخۆشیو هەندێک گلەییو گازەندە بوون، زۆرجاریش گلەییەکان دەگەیشتە ئاستی مەحکومکردنم.

لەلایەن ئەوانەوە کە قەڵەمی من دەناسن، هەموو ئەو بیروبۆچوونانە بە هەقی دۆستو ئازیزانم دەزانم. ئەوان ئازادن چۆن بیردەکەنەوە، هاوکات رۆژەکانی دواتریش ئەو نووسەرە هەر بە ناوی (هێمن عەلی)یەوە چەند بابەتێکی دیکەی بڵاوکردەوە لە ژێر ناونیشانی جیاواز جیاوازدا.

کێشەکە ئەوە نییە مرۆڤ کەی قەڵەم هەڵدەگرێتو کەی قەڵەم دادەنێت، کێشەی گەورەی من وەکو نووسەر ئەوەیە چۆن قەڵەم لە خەمی قووڵی دنیا، لە خەمی ژیان، لە خەمی مرۆڤبوون، لە خەمی مەفهوومەکانی ژیاندۆستی، لە خەمی نیشتمان کە خەمێکی قورسە بۆ مرۆڤ، لە خەمی گێرانەوەی حورمەت بۆ مرۆڤ، گێرانەوەی بەها بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنین.

خوێنەری ئازیز ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە، هەقیقەتی بیرکردنەوەی مەودایەکی دوورودرێژی ژیانی رۆژانی رابردووی منە، من وەک (هێمن عەلی قادر) بێبەریبوونی خۆم بەرامبەر بەو بابەتانەی کە لەسەر بەرێز (نەوشیروان مستەفا) نووسراون رادەگەیەنمو تکا لە برای نووسەر دەکەم لێرە بە دواوە لەگەڵ هەر بابەتێکدا وێنەی خۆی دابەزێنێت بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە.

لەگەڵ رێزو پێزانینم

**تێبینی: ئەوەی منی لەم مەسەلەیەدا تووشی دڵگرانیو نائومێدییەکی تاڵکرد، ئەوەبوو بۆم دەرکەوت کە ئەم ناوە لە هەقیقەتدا وجوودی نەبووەو نییە، تەنیا ناوێکی وەهمی بووە.**

### لە چەند ڕۆژی ئایندەدا ئەنجامی کۆتایی ڕادەگەیەنرێت

# قەوارە سیاسییەکان دەتوانن تانە لە ئەنجامی کۆتایی بدەن

**بەرهەم خالید**

چاوەڕواندەکرێت لە کۆتایی ئەم هەفتەیەداو دوای لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان، کۆمسیۆنی باڵا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان ڕابگەیەنێت، ئەوە لە کاتێکدایە هەریەک لە لیستەکانی خزمەتگوزاریو چاکسازیو گۆڕان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەگەر ڕەچاوی سکاڵاکانیان نەکرێت هەڵوێستیان دەبێت، ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیارانیش دەڵێت: قەوارە سیاسییەکان بۆیان هەیە تا ماوەی (٣) ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان تانە لە ئەنجامەکان بدەن.

پاش ئەوەی ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٩) کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاندو فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاشکرایکرد، ئەو ئەنجامانە کۆتایی نینو بەهۆی بوونی سکاڵاوە دەنگەکانی (٣٢٤) وێستگە تۆمارنەکراونو لە ڕۆژانی داهاتوودا کاریان لەسەر دەکرێتو دواتر ئەنجامی کۆتایی ڕادەگەیەنرێت.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆن لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کۆمسیۆن سەرقاڵی پێداچوونەوەیە بەو سکاڵایانەدا کە لەبارەی هەڵبژاردنەوە ئاراستەیکراون، ئەوەش لێکۆڵینەوەی ووردی دەوێتو هەندێکیان پێویست بە هەژمارکردنەوەو گەڕانەوە دەکات بۆ وێستگەکان بۆ ئەوەی زانیارییان بۆ بنێرن بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر سکاڵاوە. وتیشی: «هەندێکیان پێویست دەکات ڕێوشوێنی توند بەرامبەریان وەربگیرێتو دوور نییە دەنگەکانی چەند وێستگەیەک هەڵبوەشێنرێتەوە».

بەپێی لێدوانی بەرپرسانو بەیاننامەکانی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیو لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی (٢٥)ی تەمموزی ڕابردوو، کە لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو «ژمارەیەکی زۆر کاری ساختەکاریی ئەنجامدراوە» بەتایبەت لە هەردوو شاری هەولێرو دهۆک، ئەوەش پاش ئەوەی ماوەی یاسایی دەنگدان کاتژمێرێک درێژکرایەوەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی لە بەرژەوەندی لیستی دەسەڵات گۆڕی.

لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٣٠) بڵاویکردووەتەوە لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە «سەعاتێک ماوەکەیان درێژکردەوەو ئێمە ناچار بووین بەیاننامەیەکی ناڕەزایی بڵاو بکەینەوەو مەترسی خروقات بخەینەڕوو. هەر ئەوەش ڕوویدا کە بینیمانو ڕێژەی بەشداربوان لەو یەک دوو سەعاتەی پاش نیوەڕۆدا لە (٥٥٪)وە گەیەنرایە (٧٨,٥٪) بەبێ ئەوەی هیچ قەرەباڵغییەک لە بنکەکاندا بەدی بکرێت».

هەروەها د.شاهۆ سەعید، وتەبێژی لیستی گۆڕان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا دوای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: «ئەگەری خروقاتو ساختەکارییەکانی لیستی کوردستانی نەبوایە، ئەوا لیستی گۆڕان لە شاری هەولێریش سەرکەوتنی بەدەستدەهێنا وەک چۆن لە پارێزگای سلێمانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی لە لیستە هاوبەشەکەی یەکێتیو پارتی بردەوە».

بەپێی ڕاپۆرتو لێدوانی زۆرێک لە چاودێرەکانی هەڵبژاردن لە ڕۆژی دەنگدانو لە دوای سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆ دەسەڵات بە ڕێژەیەکی زۆر ساختەکارییان کردووە لە هەردوو شاری هەولێرو دهۆک، ئەوەش کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەنجامەکان، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو تۆڕی ئایندەو ڕێکخراوی تەمموز ڕاپۆرتی خۆیان بڵاوکردەوە، کە بە (٥٨٢٣) چاودێر بەشدارییان لە پرۆسەکەدا کردبوو، لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە ئارامی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن دەکاتو لە ڕاپۆرتەکەدا چەندین کاری پێشێلکاریی ئاماژەیان پێکراوە، لەوانە: «کردنەوەی کاغەزی دەنگدان بەر لە خستنە ناو سندوقو هەندێک لە چاودێران پلەو شوێنی خۆیان بۆ بانگەشەی لیستێک بەکارهێناوە، ئەمە جگە لە دەنگدانی دووبارە دوای سەعات (٤)».

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٧/٢٩) لە ئوتێل شیراتۆنی شاری هەولێر بەڕێوەچوو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمیان ڕاگەیاند، کە ڕۆژی (٢٥)ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو، بەو پێیەش لیستی کوردستانی (٥٧,٣٤٪)و لیستی گۆڕان (٢٣,٧٥٪)و لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی (١٢,٨٪)و بزووتنەوەی ئیسلامیی (١,٤٥٪)ی دەنگەکانیان بە دەستهێناوەو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمیش مەسعود بارزانی (٦٩,٥٧٪)و د.کەمال میراودەلی (٢٥,٣٢٪)ی دەنگەکانیان بە دەستهێناوەو بە هۆی بوونی سکاڵاوە لەسەریان دەنگەکانی (٣٢٤) سندوق ڕاگیراون ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش ئاماژە بەوە دەکات، کە لە ئێستادا کۆمسیۆن سەرقاڵی تاووتوێکردنی ئەو سکاڵایانەیە کە لەلایەن لیستو قەوارە سیاسییەکانەوە بۆیان چووە.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: لە ئێستادا کۆمسیۆنی باڵا سەرقاڵی چاوپێداخشاندنەوەو تاووتوێکردنی سکاڵای قەوارە سیاسییەکانەو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، لەوانەیە لە (٣) ڕۆژی ئایندەدا بتوانن ئەنجامی کۆتایی ڕابگەیەنن.

هەریەک لە لیستی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازی ڕایانگەیاندووە، کە چاوەڕوانی ئەنجامی کۆتایی دەکەنو ئەو کاتە هەڵوێستی خۆیان ڕادەگەیەنن لەسەر ئەنجامەکان، ئەندامەکەی ئەنجومەنی کۆمسیارانیش دەڵێت: «لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی قەوارە سیاسییەکان بۆیان هەیە لە ماوەی (٣) ڕۆژدا تانە لە ئەنجامەکان بگرنو ئەوکاتەش دەستەی دادوەریی تایبەت لەو تانەیە دەکۆڵێتەوەو بەدواداچوونی بۆ دەکات».



کۆتاییەکان سەرەتای دەستپێکردنن — فۆتۆ: هیوا جەمال

# پێت باشە ئۆپۆزسیۆن چۆن مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتدا بکات؟

ئامادەکردنی: شکار موعتەسەم، سۆکار عەبدوڵڵا



کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی: بە بڕوای من پەرلەمانی داهاتووی کوردستان بەهۆی بوونی ئۆپۆزسیۆنەوە دەبێت ئەولەویەت دابنێت بۆ یاساکان، لەبەر ئەوەی پەرلەمانی ڕابردوو نەیتوانیوە پەرلەمانێکی چالاک بێت، هەموو ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە دەرچوون بە میزاجی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بوون، لەبەر ئەوە دەبێت ئۆپۆزسیۆن هەوڵبدات ئەو یاسایانەی پەیوەندی بەژیانو گوزەرانی خەڵکەوە هەیە زیاتر داکۆکی لێبکاتو بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.



کامیل قادر سادق (شێخ کامیل)، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی: بە بڕوای من پەرلەمانی داهاتوو پەرلەمانێکی ئەکتیڤ دەبێت، بەهۆی ئەوەی بەرەی ئۆپۆزسیۆن خەمخۆری خەڵکە، دەبێت پەرلەمانتاران لە پەرلەمانی داهاتوودا ئەو کێشانە زیاتر بورووژێنن، کە پێشتر ڕەخنە بوون لەسەر پەرلەمان، بتوانن زیاتر پەرەی پێبدەنو زیاتر بەرگری لە خەمەکانی خەڵک بکەن.



ئەنوەر فەرەج سەعدون، سەرۆکی لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی: دەبێت ئەمجارە ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی خۆی بەباشی ببینێتو ڕەخنەگرێکی جدی بێت لە دەسەڵات، لە کاروباری حکومەت چاودێر بێت بەسەر حکومەتەوەو هەموو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان وەلانێن، بەردەوام حکومەتو دەسەڵات بخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە، ئاگایان لە بودجەو سەرفکردنی بێت لە وڵاتدا، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئۆپۆزسیۆن گەورەترو چالاکتر بێت لە پەرلەماندا.



کوردستان سێوکانی، سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی: پەرلەمانی ئەمجارە پەرلەمانێکی زیندوو دەبێت، بڕیارەکانی لە سەرەوەو لەلایەن مەکتەب سیاسییەکانەوە نابڕێنرێتەوە پێویستە لە پەرلەمانی داهاتوودا ئۆپۆزسیۆن بتوانێت لێپێچینەوە بکات لەگەڵ هەموو کاربەدەستانو وەزیرەکاندا، چاودێرێکی باشبن بەسەر حکومەتەوە وا لە حکومەت بکات، کە هەست بکات لەژێر لێپرسینەوەدایە، بتوانن بۆ ئەم چوار ساڵە خزمەت بە میللەت بکەن.



سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی: ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانی ئۆپۆزسیۆن بۆ پەرلەمانی داهاتووی کوردستان، گرنگترینیان چاودێریکردنی دەسەڵاتە، ئەو بڕیارانەی کە دەدرێت لەلایەن پەرلەمانەوە تاکو ئەو کاتەی کە جێبەجێ دەکرێت لەژێر چاودێرییەکی ورددا بێت، بە تایبەت ئەو بڕیارانەی کە لە بەرژەوەندیی زۆرینەی خەڵکە، ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدرێت لەمەودوا بە وردیی تاوتوێ بکرێت گەر لە بەرژەوەندیی زۆرینەی جەماوەر نەبوو نەهێڵن وا بە ئاسانی تێبپەڕێنرێت.

ئەم گۆشەیە بەردەوام ڕای هاوڵاتییان بڵاودەکاتەوە، دەتوانن لەڕێی ئیمەیڵی (hewal.rozhnama@gmail.com) بەشدارییکەن

تێبینی: بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانتان ئەم خاڵانە ڕەچاو بکە: ١. وێنەیەکی کەسی خۆت. ٢. نووسینەکەت لە (٥٠-٦٠) وشە بێت. ٣. وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێمەبێت کە دەیخەینەڕوو.

# ــــراوی هەبوو سەبارەت بە خاوێنی پرۆسەکە

ریشەیی دووبارە دەبێتەوە، واتە لەهەردوو هەڵبژاردنەکەو راپرسییەکەی ساڵی (٢٠٠٥)و لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی (١٤)پارێزگاکەی عێراقیشدا کە لە (٢٠٠٩/١/٣١)دا ئەنجامدرا، هەمان کێشە دووبارەبووەتەوە.

**دووەم/ بانگەشەی هەڵبژاردن:**

١. دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن بەر لەوادەی دیاریکراوی خۆی لەلایەن هەندێک قەوارەی سیاسییەوە چ بە بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە، چ بەبڵاوکردنەوەی ئاڕمو لۆگۆکانیان لەبڵاوکراوەکانیاندا.

٢. بەکارهێنانی پۆستو دەسەڵات بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.

٣. کڕینی دەنگو گوشارخستنە سەر دەنگدەران بەمەبەستی گۆڕینی ئاڕاستەی دەنگدانیان.

٤. بەکارهێنانی فەرمانگەو بیناحکومییەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن (هەڵواسینی پۆستەرو فلێکسی هەندێک قەوارە سیاسی بەبینایەی حکومییەوە).

سێیەم– أ/ رۆژی دەنگدانی تایبەت (٢٠٠٩/٧/٢٣):

١. دووبارەبوونەوەی ناوی دەنگدەرانی تایبەت لە لیستی ناوی دەنگدەراندا.

٢. بوونی گوشارو هەڕەشە لەسەر دەنگدەران بەمەبەستی گۆڕینی ئاڕاستەی دەنگدانیان.

٣. نەهاتنەوەی ناوی ژمارەیەک لەهێزەکانی پۆلیسو پێشمەرگەو ئاسایش.

٤. بوونی بەرپرسی حکومیی لەهەندێک ناوەندی دەنگداندا، بەبێ ئەوەی ناوی لەو ناوەندەدا هەبێت.



فۆتۆ: ناصح عەلی خەیات

**سێیەم – ب/ رۆژی دەنگدانی گشتیی (٢٠٠٩/٧/٢٥):**

ئێمە وەک تۆڕی سەربەخۆی چاودێرانی هەڵبژاردن، لەبەر چەند هۆکارێکی بابەتیو خودیی تەنیا لەهەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانیدا چاودێریمان ئەنجامدا، لە کاتێکدا قورسایی خۆشمان خستە سەر پارێزگای سلێمانی بەو پێیەی کە بەهێزترین کێبڕکێی هەڵبژاردن لەم پارێزگایەدا دەبێت، بۆیە لەکۆی ئەو (٩٠٢)چاودێرەی هەمانبوو (٨٧٧) چاودێرمان لەچوارچێوەی پارێزگای سلێمانیدا بوونو تەنیا (٢٥)چاودێرمان لەپارێزگای هەولێردا هەبووە کە ئەوانیش هەموویان لەناو وێستگەکانی شاری هەولێردا بوون.

فۆرمەکانی چاودێریی بەگشتی پێماندەڵێن، پارێزگای سلێمانی پێشێلکارییەکی ئەوتۆی تێدا نەبووە کە کاربکاتە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بەڵکو ئەوەی روویداوە زیاتر حاڵەتی پەرشو بڵاوبووە لەوەی بووبێتە دیاردەو ئاڕاستەکرابێت، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی لەفۆرمەکانی هەولێرەوە بۆمانگەڕاوەتەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە پێشێلکارییەکان رێکخراو و دیاردەئاسا بوون، نەک حاڵەتی پەرشو بڵاو، بۆیە لە ئاکامدا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لەسەر کۆی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

**– پارێزگای سلێمانی**

بەشێوەیەکی گشتیی ئەو فۆڕمانەی لە(٨٨٧) چاودێرەکەی پارێزگای سلێمانییەوە بەدەستمانگەیشتوون ئەم پێشێلکارییانەی لەخۆ گرتووە:

١. رێگەدان بەزیادکردنو (ئیزافەکردن)ی ناوی ئەو دەنگدەرانەی ناویان لەلیستی دەنگدەراندا نییە، ئەویش لەرێگەی بەکارهێنانی فۆڕمی ژمارە (١١١)ەوە، کە ئەمەش رێگەی بۆ دووبارەبوونەوەی دەنگدانی بەشێک لەدەنگدەران خۆشکرد.

بۆیە پێویستە کۆمسیۆن وردبینی ئەو سندوقانە بکات کە بەزیادکردنی ناوی دەنگدەران دەنگی تێدا دراوەو وردبینی ئەو ناوانە بکات کە بەزیادکردنی ناوەکانیان دەنگیانداوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دووجار دەنگیان نەداوە.

٣. بەکارهێنانی فۆڕمی (١١١) گومانی زۆری لای چاودێران دروستکرد، بەوپێیەی ئەگەر هەیە بۆ ئەنجامنەدانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەهۆیەوە ئەو فۆڕمەی بۆ دەنگدەران پڕکراوەتەوە، بەتایبەت لە گواستنەوەی دەنگدەران لەناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی دیکەو نەهاتنەوەی ناوی دەنگدەر لەو ناوەندەی کە بۆی گوێزراوەتەوەو بەکارهێنانی فۆڕمی (١١١) لەناوەندە نوێکەو مانەوەی ناوی هەمان دەنگدەر لە ناوەندی پێشوویدا، کە ئەمەش دووبارە دەنگدانی ئەو دەنگدەرانە دەگەیەنێت.

بۆیە پێویستە کۆمسیۆن وردبینی ئەو سندوقانە بکات کە دەنگدانی فۆڕمی (١١١)ەی تێدایەو وردبینی لەو ناوانەدا بکات کەبەو فۆڕمە دەنگیانداوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کەدووجار دەنگیان نەداوە.

٤. کەمیی شارەزایی چاودێرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو نوێنەری قەوارە سیاسییەکان، بەتایبەت لەڕووی نەزانینی مافو ئەرکەکانی خۆیانو هەوڵدان بۆ دەستوەردانە کاروبارەکانی پرۆسەکەو ئەرکەکانی فەرمانبەرانی کۆمسیۆن، ئەمەش وادەکات مەشقی زیاترو وردتر بۆ چاودێرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو نوێنەری قەوارە سیاسییەکان پێویست بێت.

## خروقاتەکان لە پارێزگای هەولێر

**ئەو پێشێلکارییانەی چاودێرەکانمان لەو (٢٥) وێستگەو ناوەندەی لەناو شاری هەولێردا تۆماریانکردوون، خۆیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:**

*** هاتنە ناوەوەو سوڕانەوەی بەرپرسی حیزبیو سەربازییو ئاسایشو موختارو پۆلیسەکانی بەردەم بنکەی دەنگدان بەچەکەوە بۆ ناو ناوەندەکان بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.**

*** دەنگدان بۆ ئەو کەسانەی کە خوێندەوارییان نییە لە لایەن بەڕێوەبەری وێستگەوە بەبێ گەڕانەوەو پرسیارکردن لەخودی دەنگدەرەکە خۆیو رێگەنەدان بەکەسانی پلەیەکی دەنگدەر کەدەنگی بۆ بدەن.**

*** هاتنەژوورەوەی هەندێک بەرپرسی سەربازیی لەگەڵ دەیان کەسی چەکدار بەبێ پشکنین لەدوای کاتژمێر (٦)ی ئێوارەوە بۆ ناو ناوەندی دەنگدان، کە هەموویان پێشتر دەنگیان دابوو.**

*** هەڕەشەکردن لەدەنگدەران لەلایەن هەندێک لەپاسەوانەکانی بەردەم ناوەندەکانەوە لەدوای کاتژمێر (٦)ی ئێوارە بەقازانجی لیستی کوردستانی.**

*** بانگەشەکردنی ئاشکرای هەندێک لە رێکخەرانی ناوەندو بەڕێوەبەری وێستگەکان بۆ لیستی کوردستانی.**

*** دەنگدانی دووبارە لە لایەن کەسانی سەر بەلیستی کوردستانی بەپاڵپشتی رێکخەری ناوەندو بەرپرسی حیزبی لەناو هەندێک ناوەندی دەنگداندا.**

*** سوڕانەوەی هەندێک موختاری گەڕەک بەسەر وێستگەکاندا بەبێ باجی کۆمسیۆن، بە ئامانجی گۆڕینی ئاڕاستەی دەنگدەر بەقازانجی لیستی کوردستانی.**

*** هەڕەشەکردن لە کارمەندانی کۆمسیۆن بەوەی کە رێگە بەو کەسانە بدەن کە ناویان نییە، بۆئەوەی بێنە ژوورەوە.**

*** هاتنە ژوورەوەی کەسانی نارەسمی لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکانداو مانەوەیان بۆ ماوەیەک لەهەندێک وێستگەدا.**

*** زیادکردنی ناوی ئەوانەی کەسانی دیکە لەشوێنەکانیاندا پێشتر ئیمزایان کردبوو، بۆئەوەی بتوانن دەنگ بدەن.**

**– پارێزگای هەولێر**

ئەو پێشێلکارییانەی چاودێرەکانمان لەو (٢٥)وێستگەو ناوەندەی لەناو شاری هەولێردا تۆماریانکردوون، خۆیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

١– بانگەشەکردن بۆ لیستی کوردستانی لەدووری (٣٠)مەترو هەندێکجار کەمتریش لەرۆژی دەنگدانی تایبەتو گشتیدا.

٢– هاتنەژوورەوەی خەڵک بۆ ناو ناوەندەکان بە هێماو نیشانەی لیستی کوردستانیو وێنەی کاندیدی سەرۆکایەتییانەوە.

٣– هاتنە ناوەوەو سوڕانەوەی بەرپرسی حیزبیو سەربازییو ئاسایشو موختارو پۆلیسەکانی بەردەم بنکەی دەنگدان بەچەکەوە بۆ ناو ناوەندەکان بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

٤– بوونی پۆستەری لیستی کوردستانیو وێنەی کاندیدی سەرۆکایەتییەکەیان بەدیواری هەندێک لەناوەندەکانی دەنگدانەوە.

٥– دەنگدان بۆ ئەو کەسانەی کەخوێندەوارییان نییە لە لایەن بەڕێوەبەری وێستگە بەبێ گەڕانەوەو پرسیارکردن لەخودی دەنگدەرەکە خۆیو رێگەنەدان بەکەسانی پلەیەکی دەنگدەر کە دەنگی بۆ بدەن.

٧– هاتنەژوورەوەی هەندێک بەرپرسی سەربازیی لەگەڵ دەیان کەسی چەکدار بەبێ پشکنین لەدوای کاتژمێر (٦)ی ئێوارەوە بۆ ناو ناوەندی دەنگدان کە هەموویان پێشتر دەنگیان دابوو.

٨– هەڕەشەکردن لە دەنگدەران لە لایەن هەندێک لەپاسەوانەکانی بەردەم ناوەندەکانەوە لەدوای کاتژمێر (٦)ی ئێوارە بەقازانجی لیستی کوردستانی.

٩– بانگەشەکردنی ئاشکرای هەندێک لە رێکخەرانی ناوەندو بەڕێوەبەری وێستگەکان بۆ لیستی کوردستانی.

١٠– دەنگدانی دووبارە لە لایەن کەسانی سەر بەلیستی کوردستانی بەپاڵپشتی رێکخەری ناوەندو بەرپرسی حیزبی لەناو هەندێک ناوەندی دەنگداندا.

١١– سوڕانەوەی هەندێک موختاری گەڕەک بەسەر وێستگەکاندا بەبێ باجی کۆمسیۆن بە ئامانجی گۆڕینی ئاڕاستەی دەنگدەر بەقازانجی لیستی کوردستانی.

١٢– هەڕەشەکردن لە کارمەندانی کۆمسیۆن بەوەی کە رێگە بەو کەسانە بدەن کە ناویان نییە، بۆئەوەی بێنە ژوورەوە.

١٣– هاتنە ژوورەوەی کەسانی نارەسمی لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکانداو مانەوەیان بۆ ماوەیەک لەهەندێک وێستگەدا.

١٤– زیادکردنی ناوی ئەوانەی کەسانی دیکە لەشوێنەکانیاندا پێشتر ئیمزایان کردبوو، بۆئەوەی بتوانن دەنگ بدەن.

ماوەتەوە بڵێین، ئەم راپۆرتەی بەردەستت سەرەتاییەو پشتی بەو (٩٠٢) فۆڕمە بەستووە کە لەچاودێرەکانمانەوە گەڕێنراونەتەوەو هەر فۆڕمێکی لە (٥)پەڕە پێکهاتووە کە (٦٥)پرسیاریان لەخۆگرتووەو ئامادەمان کردبوو بۆ چاودێرەکانمان، هەروەها لەماوەی داهاتوودا بەدووروودرێژیی ئەنجامی ئەو پرسیارانە لەراپۆرتێکی دیکەدا بڵاودەکەینەوە.

# راپۆرتی سەرەتایی، تۆڕی سەربەخۆی چاودێرانی هەڵبژاردن:

# سەرۆکی کۆمسیۆن رای پێشوەختو ئامادەک

تۆڕی سەربەخۆی چاودێرانی هەڵبژاردن پێکهاتووە لە:
- پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن– KIE
- دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی– CSI
- سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ– DHRD
- رێکخراوی هاریکاریی یاسایی ژنان – WOLA

**رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانو سەرۆکایەتیی هەرێم لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆک ئەنجامدرا، کە ئاستی بەشداریی دەنگدەران تیایدا بەرێژەی ٧٨٪ بوو.**

**تۆڕی سەربەخۆی چاودێرانی هەڵبژاردن کە لەچوار رێکخراوی ناحکومی سەربەخۆ پێکهاتووەو ناویان لەسەرەتای راپۆرتەکەدا هاتووە، (٩٠٢)چاودێری بۆ چاودێریکردنی هەرسێ قۆناغەکەی پرۆسەی هەڵبژاردن، واتە قۆناغی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانو قۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردنو قۆناغی دەنگدانی تایبەتو گشتی ئامادەکرد، لەو چوارچێوەیەدا چەندین تێبینیو پێشێلکاریی سەبارەت بەلایەنە بەشداربووەکانی نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەکەی بەمشێوەیەی خوارەوە تۆمارکردووە:**

١/ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراقدا (کۆمسیۆن) یەکێکە لەلایەنە گرنگەکانی نێو پرۆسەی هەڵبژاردن، بەجۆرێک هەر کەموکوڕییەک لەلایەن ئەم دەستە پیشەییەوە هەبێت بێگومان رەنگدانەوەی خراپی بەسەر کۆی پرۆسەکەوە دەبێت، بۆیە بەپێویستی دەزانین ئەم چەند سەرنجو پێشنیازانە لەبارەی ئاستی راپەڕاندنو بێلایەنی کۆمسیۆنەوە بخەینەڕوو:

- ئەو دوو ژمارە مۆبایلەی کۆمسیۆن تەرخانیکردبوون بۆ ئاسانکردنی پەیوەندیگرتنی هاوڵاتییان بەکۆمسیۆنەوە کاراو چالاک نەبوون.
- کەمیی شارەزایی فەرمانبەرانی کۆمسیۆن لەهەندێک ناوەندو وێستگەی دەنگداندا لەڕووی سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەچوونی پڕۆسەکەو ژماردنی دەنگەکانو پڕکردنەوەی فۆڕمە تایبەتەکانی کۆمسیۆنەوە، کە ئەمەش وادەکات مەشقی زیاترو وردتر بۆ فەرمانبەرانی کۆمسیۆن لەناوەندو وێستگەکانی دەنگداندا پێویست بێت.
- بێلایەن نەبوونی هەندێک لە رێکخەرانی ناوەندەکانو بەڕێوەبەری وێستگەکان لەرۆژی دەنگدانی گشتیدا بەهۆی دەست تێکەڵاوکردنیان لەگەڵ بەرپرسی هەندێک قەوارەی سیاسی بەجۆرێک ئەوەندەی پەیوەندییان لەگەڵ بەرپرسە حیزبییەکاندا هەبووە نیو هێندەش نەگەڕاونەتەوە بۆ ئەندامانی دەستەی باڵای کۆمسیۆن، دیارە ئەمەش زەمینەیەکی لەباری رەخساندووە بۆ کاری ساختەو یاساشکێنیو لەم رێیەشەوە دەنگدانێکی نایاسایی زۆر تۆمارکراوە کە کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. بۆ نموونە وەک یارمەتیدانو کارئاسانیکردن بۆ کەسانی ناونووسنەکراو بەبێ بوونی باجی نوێنەرایەتی بچنە ناو بنکەو وێستگەکانی دەنگدانەوە لەناو شاری هەولێردا.
- تەئکیدنەکردنەوەی تەواو لەناوی هەندێک دەنگدەر لەکاتی دەنگداناو رێگەدان بەدەنگدانی هەندێک کەس سەرباری نەبوونی ناویان لە بنکەو لە لیستی «ناساندن»دا.
- گواستنەوەی هەندێک لەسندوقەکانی دەنگدان لەسەعات (١٢)ی شەودا لەکاتێکدا پرۆسەی دەنگدانی تایبەت لەسەعات (٦)ی ئێوارەداو دەنگدانی گشتی لەسەعات (٧)ی ئێوارەدا کۆتاییهاتووە، ئەمەش بەپاساوی کەمیی هۆکاری گواستنەوە (ئۆتۆمبێل). لەکاتێکدا کۆمسیۆن ئەزموونی چەندین پرۆسەی هەڵبژاردنی زۆر گەورەتری لەسەر ئاستی (١٨)پارێزگای عێراقدا هەیەو بودجەیەکی (٣٧)ملیۆن دۆلاریی بۆ ئەم هەڵبژاردنە لەبەردەستدابوو.
- نەبوونی ئینسابیەتو مەرکەزیەتێک لەلایەن کۆمسیۆنەوە بۆ ئەو رێنماییانەی لەرۆژی دەنگداندا بەسەر ناوەندەکاندا دایدەبەزاندە خوارەوە، ئەمەش بەڕوونی لەچۆنێتی مامەڵەکردنی رێکخەری ناوەندەکانی دەنگدانو بەڕێوەبەری وێستگەکاندا لەگەڵ فۆڕمی ژمارە (١١١)دا رەنگیدایەوە، کە دوای سەعات (٣)ی پاشنیوەڕۆی ئەو رۆژە ژمارەی ئەو فۆڕمانە زیادیانکردو هەر ناوەندەی بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد.
- تەئکیدنەکردنەوەی تەواو لەناوی هەندێک دەنگدەر لەکاتی دەنگداناو رێگەدان بەدەنگدانی هەندێک کەس سەرباری نەبوونی ناویان لە بنکەو لەلیستی «ناساندن»دا.
- درێژکردنەوەی یەک سەعات بۆ دەنگدان لەرۆژی دەنگدانی گشتیدا بەبێ هیچ پاساوێکی مەنتیقیو واقیعی، کۆی پرۆسەکەو متمانەو پاکژیی کۆمسیۆنی خستە ژێر بەدگومانییەوە.
- لە راگەیاندنی ئەنجامەکاندا سەرۆکی کۆمسیۆن رای پێشوەختو ئامادەکراوی هەبوو سەبارەت بەپاکژییو خاوێنی پرۆسەکە کە ئەمەش بێلایەنی کۆمسیۆنی دەخستە ژێر پرسیارەوە، چونکە لەمیانەی قسەکانیان لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا دانیان بەوەدا دەنا کە (٣٠٠)سندوقی دەنگدان خراونەتە ژێر پیاچوونەوەوە.

٢/ قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە:

**یەکەم/ قۆناغی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران:**

کەموکوڕییەکانی ئەم قۆناغە لە رۆژی دەنگدانی تایبەتیو گشتیدا دەرکەوت، لەوانەش وەک نەهاتنەوەی ناوی هەندێک لەدەنگدەرانو نەگواستنەوەی ناوی ئەو دەنگدەرانەی فۆرمی ژمارە (١١١)یان بۆ کراوە بۆ ناوەندە نوێکە. ئەم حاڵەتە دەچێتە خانەی کەموکوڕییەکی جەوهەریی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، چونکە ئەمە چەندەمین جارە ئەم حاڵەتە بەبێ چارەسەرکردنێکی

*** درێژکردنەوەی یەک سەعات بۆ دەنگدان لە رۆژی دەنگدانی گشتیدا بەبێ هیچ پاساوێکی مەنتیقیو واقیعی کۆی پرۆسەکەو متمانەو پاکژیی کۆمسیۆنی خستە ژێر بەدگومانییەوە.**

**- لە راگەیاندنی ئەنجامەکاندا سەرۆکی کۆمسیۆن رای پێشوەختو ئامادەکراوی هەبوو سەبارەت بەپاکژییو خاوێنی پرۆسەکە، کەئەمەش بێلایەنی کۆمسیۆنی دەخستە ژێر پرسیارەوە، چونکە لەمیانەی قسەکانیاندا لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا دانیان بەوەدا دەنا کە (٣٠٠)سندوقی دەنگدان خراونەتە ژێر پیاچوونەوەوە.**

*** بێلایەن نەبوونی هەندێک لە رێکخەرانی ناوەندەکانو بەڕێوەبەری وێستگەکان لە رۆژی دەنگدانی گشتیدا، بەهۆی دەستتێکەڵاوکردنیان لەگەڵ بەرپرسی هەندێک قەوارەی سیاسی، بەجۆرێک ئەوەندەی پەیوەندییان لەگەڵ بەرپرسە حیزبییەکاندا هەبووە، نیو هێندەش نەگەڕاونەتەوە بۆ ئەندامانی دەستەی باڵای کۆمسیۆن، دیارە ئەمەش زەمینەیەکی لەباری رەخساندووە بۆ کاری ساختەو یاساشکێنیو لەم رێیەشەوە دەنگدانێکی نایاسایی زۆر تۆمارکراوە، کە کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.**



# ده‌سه‌ڵاتو جه‌ماوه‌ری خه‌ڵكو سایكۆلۆژیای هه‌ڵبژاردن

د.سه‌ڵاحی گه‌رمیان*



له‌ پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردندا، تاكه‌كانی نــاو كـۆمـه‌ڵ بـه‌ شێوه‌یه‌كی گشتی له‌ باری سایكۆلۆژییه‌وه‌ له‌ حاڵه‌تێكی پڕ له‌ ململانێی ده‌روونیدا ده‌ژین. ئه‌و حاڵه‌ته‌ش له‌لایه‌كه‌وه‌ به‌ هۆی هێزێكی ده‌ره‌كییه‌وه‌ كه‌ له‌پێناو به‌دیهێنانی ئامانجێكی تایبه‌تدا، به‌ هه‌موو شێوازێك له‌ هه‌وڵداندایه‌ بۆ ئه‌وه‌ی ناهۆشیارانه‌ به‌ره‌و ئاڕاسته‌یه‌كی دیاریكراو ببیات، له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌ چه‌ند پاڵنه‌رێكی ده‌روونــی‌و ره‌هه‌ندی جیاجیاو له‌ ئاستی جیاوازدا هه‌ن، كارده‌كه‌نه‌ سه‌ر هه‌ڵسوكه‌وتی تاكه‌كان كه‌ به‌شێكیان رێخۆشكه‌رن بۆ گه‌یشتن به‌ بڕیاری ده‌نگدان به‌و لایه‌نانه‌ی كه‌ له‌گه‌ڵ بیروبۆچوونو ئامانجه‌كانیاندا یه‌كده‌گرنه‌وه‌و به‌شێكی دیكه‌یان رێگرن له‌ گه‌یشتن به‌ بڕیاردان. ئه‌وانه‌ش په‌یوه‌ندن به‌ هه‌ستو نه‌ستی مرۆڤه‌كانه‌وه‌، وه‌ك بــه‌رژه‌وه‌نــدیــی تـاكـه‌كـه‌سـی‌و سـۆزو كاریگه‌ریی كه‌سێتی‌و ترسو دڵه‌ڕاوكێ. زۆر توێژینه‌وه‌ هه‌ن له‌ بواری سۆسیۆلۆژی‌و سایكۆلۆژیدا جه‌ختده‌كه‌نه‌ سه‌ر په‌یوه‌ندیی نێوان ستراكچه‌ری تـاكو ستراكچه‌ری كۆمه‌ڵایه‌تی، به‌ ئامانجی ناساندنی ئه‌و لایه‌نانه‌ی كه‌ كارده‌كه‌نه‌ سه‌ر ده‌نگانده‌ران له‌ پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردندا، له‌ نموونه‌ی چینی كۆمه‌ڵایه‌تی، ئـایـن، په‌یوه‌ندیی خێڵه‌كی، جـیـاوازی نێوان شـارو لادێ، شێوازی پێگه‌یاندنی كۆمه‌ڵایه‌تی، ئاڕاسته‌ ده‌رونییه‌كانی ده‌نگده‌ران، بیروڕایان له‌سه‌ر لایه‌نه‌ سیاسییه‌كانو ئه‌جێنداو به‌رنامه‌و كه‌سێتی‌و هه‌ڵسوكه‌وتی كاندیدكراوه‌كانیان. هه‌روه‌ها تـرسو دڵـه‌ڕاوكـێ‌و شڵه‌ژانو هه‌ڵچوون له‌ گرمه‌ی پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردندا، باڵ به‌سه‌ر هــه‌ردوو لایه‌نی پرۆسه‌كه‌دا ده‌كێشێت، واتا جه‌ماوه‌ری ده‌نگده‌رانو لایه‌نه‌ سیاسییه‌ به‌شداربووه‌كانی ناو پرۆسه‌كه‌. هه‌رچی تاكه‌كانی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵكه‌، له‌ ترسو دڵه‌ڕاوكێی قورسدا ده‌ژین سه‌باره‌ت به‌ ده‌رئه‌نجامه‌كانی هه‌ڵبژاردنو پاشه‌ڕۆژێكی نادیارو هاتنه‌سه‌ر ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و لایه‌نانه‌ی كه‌ مه‌ترسییان لێده‌كرێت، خــه‌ونو ئاواته‌كانیان له‌باربه‌رنو باری ژیانیان سه‌ختو دژوارتر بكه‌نو ده‌نگیان كپبكرێتو له‌گه‌ڵ خۆیاندا ناعه‌داله‌تی‌و نایه‌كسانی‌و پێشێلكردنی یاساو گه‌نده‌ڵی بێننو بیكه‌نه‌ دیارده‌ی رۆژانه‌ی بواره‌كانی ژیانیان، یان له‌ ترسی ئه‌وه‌ی ده‌نگه‌كانیان بـه‌ فیڕۆبچێتو ئامانجی ده‌نگدانیان نه‌یه‌ته‌دی‌و له‌ لایه‌كه‌ی دیكه‌وه‌ لایه‌نه‌ سیاسییه‌كان له‌ ترسو دڵه‌ڕاوكێی ئه‌وه‌دان كه‌ خه‌ڵك متمانه‌یان پێ نه‌داتو ده‌نگه‌كانیان له‌ده‌ستبده‌ن، ئــه‌وه‌ش زۆرجـار ده‌بێته‌ هۆی شڵه‌ژانیانو له‌ده‌ستدانی كۆنترۆڵو په‌نابردنیان بۆ شێوازی ناڕه‌واو لادان له‌ یاساو بنه‌ماكانی دیموكراسی‌و په‌نابردنه‌ به‌ر پێشێلكاری‌و چه‌واشه‌كردن، به‌تایبه‌ت له‌ لایه‌ن ئه‌و حیزبه‌ سیاسییانه‌ی ده‌سه‌ڵاتیان به‌ده‌سته‌و هه‌موو شتێكیان مۆنۆپۆڵكردووه‌و به‌كاریده‌هێنن بۆ سه‌ركه‌وتن له‌ پرۆسه‌كه‌دا، چ به‌ كۆنترۆڵكردنی مێشكی جه‌ماوه‌ر له‌ رێـی كه‌ناڵه‌ زۆرو زه‌به‌نده‌كانی میدیاو دامو‌ده‌زگای حیزبی‌و حكومییه‌وه‌، یان له‌ڕێی به‌رتیلدانو كڕینی ده‌نگو هه‌ڕه‌شه‌كردنو شێوازی جۆراوجۆری ترسو تۆقاندنه‌وه‌.

نیكولامیكاڤیللی(١٤٦٩-١٥٢٧)نووسه‌ری كتێبی (میر) له‌باره‌ی ده‌سه‌ڵاته‌وه‌، ئاماژه‌ به‌ كۆمه‌ڵێك بنه‌مای ده‌روونی‌و ئامرازی جیاجیا ده‌كات بۆ به‌ڕێوه‌بردنو پاراستنی ده‌سه‌ڵاتو پێیوایه‌ كه‌ دوورن له‌ هه‌موو بنه‌مایه‌كی ئه‌خلاقی‌و ئایینی‌و دادوه‌ریی‌و كه‌رامه‌تو ئه‌ركی مرۆییه‌وه‌، چونكه‌ ده‌سه‌ڵات به‌هه‌ر نرخێك بێت ده‌یه‌وێت به‌رده‌وام بێتو خۆی جێگیر بكاتو خه‌ڵكیش ملكه‌چو گوێڕایه‌ڵی بن، نه‌یارو به‌رهه‌ڵستكارو سه‌رپێچیكه‌رانی په‌راوێزبكاتو دوریان بخاته‌وه‌، ئاسایشی خۆی بپارێزێتو مه‌ترسی له‌ڕێیدا نه‌هێڵێت. هه‌ر ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییانه‌شن كه‌ سایكۆلۆژیای ده‌سه‌ڵات پێكده‌هێنن.

ئـاشـكـرایـه‌ هــه‌مــوو ده‌ســه‌ڵاتــێـك پشتده‌به‌ستێت به‌ رۆڵی سه‌ركرده‌، سه‌رۆك یان سه‌ركردایه‌تی (حیزب، ده‌سته‌، گروپ، خێڵ، چین)ه‌وه‌ كه‌ له‌ كۆمه‌ڵێك كه‌س پێكدێن، بۆیه‌ سایكۆلۆژیای هه‌ر ده‌سه‌ڵاتێك له‌ سایكۆلۆژیای تاكێك یان كۆمه‌ڵه‌ كه‌سانێك كه‌ ده‌سه‌ڵات به‌ڕێوه‌ده‌بن سه‌رچاوه‌ده‌گرێت. زۆرجار تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی سایكۆلۆژیای ده‌ســـه‌ڵات له‌ تاكه‌كه‌سێك به‌رجه‌سته‌ ده‌بێت. هه‌ر وه‌ك له‌ رژێمه‌ تۆتالیتارییه‌كاندا له‌ كه‌سێتی‌و هه‌ڵسوكه‌وتو كـرده‌وه‌ی سه‌ركرده‌ دیكتاتۆره‌كاندا به‌دیده‌كرێت، له‌ نموونه‌ی هیتله‌رو مۆسولینی‌و ستالینو ســه‌دامـدا. ئـه‌و جـۆره‌ سـه‌ركـردانـه‌ش له‌ڕاستییدا ته‌نیا ده‌سه‌ڵاتیان دروستكرد بوو، نه‌ك ده‌وڵـه‌ت، چونكه‌ دروستكردنی ده‌وڵــه‌تو دامو‌ده‌زگاكانی جـیـاوازه‌ له‌ ده‌ســه‌ڵات كه‌ به‌پێی سایكۆلۆژیایه‌كی تایبه‌ت داده‌مـه‌زرێتو له‌پێناو تێركردنی حه‌زو ئاره‌زوو و پێویستییه‌ ناعه‌قلانییه‌كاندا دامـوده‌زگـای تایبه‌ت ده‌هێنێته‌كایه‌وه‌و به‌ڕێوه‌یده‌بات. ئـه‌وه‌ش وا له‌ ده‌سـه‌ڵات ده‌كات كه‌ وه‌ك هێزێكی ئابووری‌و فیكری، به‌ پشتبه‌ستن به‌ دامـوده‌زگـای ئیداری‌و پۆلیس‌و ئاسایش‌و چاودێری توندوتۆڵه‌وه‌ خۆی بسه‌پێنێت به‌سه‌ر كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكداو جێگای دامو‌ده‌زگای ده‌وڵه‌ت بگرنه‌وه‌، بۆیه‌ كاتێك ده‌سه‌ڵات جێی ده‌وڵه‌ت ده‌گرێته‌وه‌، ته‌نیا مـانـه‌وه‌و ئاسایشی خـۆی بـه‌لاوه‌ مه‌به‌ست ده‌بێتو ترسیش له‌ جه‌ماوه‌ر به‌ ته‌واوه‌تی دایده‌گرێت، چونكه‌ خۆی چاك ده‌زانێت جه‌ماوه‌ر بێبه‌شكراوه‌و به‌ ئاگایه‌ له‌ پێشێلكردنی مافو زه‌وتكردنی ئازادییه‌كانی‌و هه‌ر كاتێكیش جه‌ماوه‌ر بواری بۆ بڕه‌خسێت رووبه‌ڕووی ده‌سه‌ڵات ده‌بێته‌وه‌و راپه‌ڕین به‌رپاده‌كاتو هه‌وڵی گۆڕانی ده‌سه‌ڵات ده‌دات. ده‌ســـه‌ڵات چـاك لــه‌و راستییه‌ تێده‌گاتو هه‌ر ئه‌وه‌ش وا ده‌كات كه‌ هێزو توانای سه‌ربازی‌و پۆلیسی خۆی ده‌ربخات، چ له‌ڕێی نمایشكردنیانه‌وه‌ بێت یان له‌ رێی ده‌زگای راگه‌یاندنو شوشتنه‌وه‌ی مێشكو چه‌واشه‌كارییه‌وه‌، یان له‌ رێی هه‌ڕه‌شه‌و تۆقاندنو چاوترساندنیشه‌وه‌، بۆ ئه‌وه‌ی تا بتوانێت كۆسپو رێگرییه‌كان له‌به‌رده‌میدا نه‌هێڵێتو به‌رده‌وامیی خۆی مسۆگه‌ر بكات.

ده‌سه‌ڵاتی خاوه‌ن هێزو توانا كاریگه‌ریی زاڵی هه‌یه‌ به‌سه‌ر بیرو هۆشی تاكی ناو كۆمه‌ڵگه‌ی كورده‌وارییه‌وه‌، چونكه‌ وه‌ك نه‌ریت، خه‌ڵكی عه‌وامی كورد بڕوای به‌ خاوه‌ن هێز هه‌یه‌و ملكه‌چی ده‌بێتو ئاماده‌یی خۆی له‌ خزمه‌تكردنیدا پیشانده‌دات. له‌وانه‌یه‌ ئه‌وه‌ش بگه‌ڕێته‌وه‌ بۆ بێباوه‌ڕی‌و لاوازی كه‌سێتی كه‌ له‌ ده‌رئه‌نجامی رابردوویه‌كی دوورو درێژ له‌ ژێرده‌ستی‌و چه‌وساندنه‌وه‌و بێبه‌شكردن له‌ مافو ئازادی به‌هۆی زاڵبوونی ده‌سه‌ڵاتی داگیركه‌ره‌كانی كوردستانه‌وه‌. تا وایلێكراوه‌ كه‌ ملكه‌چی میكانیزمی به‌رگریكردن ناسراو به‌ (ماسۆشیزمی كۆمه‌ڵایه‌تی) كه‌ چێژوه‌رگرتنه‌ له‌ ئازارو گوێڕایه‌ڵی ده‌سه‌ڵاتێكی سته‌مكارو پاساوهێنانه‌وه‌ بۆ سادیزمی ئه‌و كاره‌ساتو نه‌هامه‌تییه‌ی كه‌ نه‌یتوانیوه‌ به‌ریپێبگرێتو خۆی لێ رزگار بكات، یان وه‌ك سزایه‌كی ره‌وا ده‌یانبینێت له‌ به‌رامبه‌ر هه‌ڵه‌و گوناهه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌كه‌ی. ئـه‌وه‌ی كه‌ له‌ كۆمه‌ڵی كورده‌واریدا باوه‌، له‌ ئاكامی هه‌ر نه‌هامه‌تی‌وماڵوێرانییه‌ك ده‌وترێت (خۆمان خراپین) یان (خوا كێو ده‌بینێتو به‌فری تێده‌كات) یان (ناپاكی خۆمانه‌ بۆیه‌ خوا پێمان ره‌واده‌بینێت). ئه‌و جۆره‌ پاساوكردنه‌ كه‌ به‌رگریكردنێكی هه‌ڵقوڵاوی ناوه‌وه‌ی مرۆڤه‌، به‌ شێوازێكی دیكه‌ خۆی ده‌نوێنێتو له‌ هه‌ڵسوكه‌وتێكی به‌رچاو له‌ شكۆڕاگرتنی هێزو توانای گوێڕایه‌ڵی بۆ خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات ده‌رده‌كه‌وێت.

حاڵه‌تێكی ده‌روونـــی دیكه‌ لـه‌ لای زۆرینه‌ی ده‌نگده‌ران ره‌چاو ده‌كرێت، كاتێك له‌هه‌مانكاتدا دوو بۆچوونی دژ به‌یه‌ك له‌ هزریاندا بوونیان ده‌بێتو هه‌رجاره‌و زیاتر مه‌یلی به‌لای یه‌كێكیاندا ده‌چێت، بۆ نموونه‌ زۆربه‌ی خه‌ڵك هاوارییانه‌ له‌ده‌ستی گه‌نده‌ڵی‌و كه‌می خزمه‌تگوزاری، به‌ڵام له‌هه‌مانكاتدا به‌ ره‌چاوكردنی به‌رژه‌وه‌ندیی گشتی‌و ترس له‌ هه‌ڕه‌شه‌ی ده‌ره‌كی‌و ناڕۆشنی بارودۆخی ناوچه‌كه‌و پاشه‌ڕۆژی كوردستان، به‌ باشی ده‌زانن ده‌نگ بده‌ن بۆ ده‌سه‌ڵاتێكی خاوه‌ن هێزو نفوزو پایه‌یه‌كی سیاسی، یان ده‌نگ به‌ لایه‌نێكی سیاسی ده‌ده‌ن هه‌رچه‌نده‌ باوه‌ڕیان وایه‌ له‌ده‌سه‌ڵاتی ئێستا باشتر نابێت. واتا هه‌ڵوێستێكی ئێزدواجی له‌ لای ده‌نگده‌ران له‌ كاتی ئه‌نجامدانی پرۆسه‌ی ده‌نگدان له‌ هه‌ڵبژاردنه‌كاندا دێته‌كایه‌وه‌و ئه‌م حاڵه‌ته‌ش له‌ بواری ده‌روونناسیدا ناسراوه‌ به‌ (نه‌گونجانی مه‌عریفی Cognitive dissonance).

هــه‌روه‌هــا بـه‌ هــۆی ئـه‌و بـارودۆخـه‌ سیاسییه‌ی له‌ ئارادایه‌ كه‌ تیایدا ده‌سه‌ڵات مۆنۆپۆڵی دامـوده‌زگـاو داهــاتو میدیای كردووه‌و فرسه‌تی كارو بژێوی خه‌ڵكی له‌ ژێرده‌ستدایه‌، خه‌ڵكی كوردستان له‌ ژێر گوشارێكی ده‌روونی سه‌ختو دڵه‌ڕاوكێ‌و ترسدا به‌ره‌و سندوقه‌كانی ده‌نگدان ده‌چێت. له‌ كه‌ش‌و هه‌وایه‌كی وادا، ده‌نگدان وه‌ك هه‌ڵسوكه‌وتێك لـه‌لای زۆرینه‌ی خه‌ڵك له‌سه‌ر بنه‌مای بۆچوونو هه‌ڵسه‌نگاندنی به‌رنامه‌ی لایه‌نه‌ سیاسییه‌كان نابێت، به‌ڵكو زیاتر له‌ ژێر كاردانه‌وه‌ی عه‌قڵی كۆبه‌ندی‌و شـێـوازی پێگه‌یاندنی كۆمه‌ڵایه‌تیدایه‌، چونكه‌ په‌یوه‌ندیی خێڵه‌كی‌و تاكپه‌رستی‌و ملكه‌چی بۆ خاوه‌ن هێزو ده‌سه‌ڵات، تائێستا رۆڵێكی كاریگه‌ری هه‌یه‌ له‌ ئاڕاسته‌كردنو هه‌ڵسوكه‌وتی ده‌نگده‌ران له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی كوردستاندا. به‌وپێیه‌ش ده‌نگدان به‌ شێوه‌كی گشتی له‌سه‌ر بنه‌مای ئایدیۆلۆژی‌و په‌یڕه‌وو پرۆگرامو به‌رنامه‌ی سیاسی نادرێت، به‌ڵكو زیاتر له‌سه‌ر بنه‌مای هێزو تواناو په‌یوه‌ندیی خێڵه‌كییه‌كانو به‌رژه‌وه‌ندیی تاكه‌كه‌سی‌و ترسو توقاندنو كڕینی ده‌نگو نانبڕینو بێبه‌ریكردن به‌ڕێوه‌ده‌چێت، به‌تایبه‌ت وه‌ك دیـاره‌ رێـژه‌ی بێكاری له‌ كوردستاندا له‌ ئاستێكی زۆر به‌رزدایه‌و بژێوی ژیانی زۆربه‌ی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكیش له‌ ژێرده‌ستی ده‌سه‌ڵاتدایه‌.

له‌ چوارچێوه‌ی باسكردن له‌ هه‌ڵبژاردن، پێویسته‌ بڕوانینه‌ هه‌ڵوێستی هـه‌ردوو لایه‌نی سه‌ره‌كی ناو پرۆسه‌كه‌، كه‌ یه‌كێكیان جـه‌مـاوه‌ری خه‌ڵكه‌و ئه‌ویتریان لایه‌نه‌ سیاسییه‌كانه‌. هه‌روه‌ها پێویسته‌ له‌ رۆڵی جه‌ماوه‌رو ئه‌و ره‌هه‌ندانه‌ی كاریگه‌ریی داده‌نێن به‌سه‌ریه‌وه‌، بكۆڵینه‌وه‌، چونكه‌ كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك بڕیارده‌ری ئه‌نجامه‌كانی هه‌ڵبژاردننو ئه‌وانن متمانه‌ به‌و لایه‌نانه‌ ده‌ده‌ن تـا ده‌ســـه‌ڵات بـگـرنـه‌ده‌ست. جه‌ماوه‌ریش مه‌رج نییه‌ ئه‌و خه‌ڵكه‌ بێت كه‌ له‌ شوێنێكی دیاریكراودا كۆده‌بنه‌وه‌، به‌ڵكو مه‌به‌ست له‌ هه‌زاره‌ها تاكه‌كه‌سی دوور له‌یه‌كه‌وه‌و له‌ كـاتو بۆنه‌یه‌كی تایبه‌تدا جه‌ماوه‌رێكی سایكۆلۆژی پێكده‌هێنن، چ له‌ ژێر كاردانه‌وه‌ی حاڵه‌تی هه‌ڵچووندا، یان له‌ بارودۆخو رووداوێكی گرنگدا كه‌ په‌یوه‌ندیی هاوبه‌شی به‌ ئه‌ندامانی كۆمه‌ڵه‌وه‌ هه‌یه‌و له‌كاتی گردبوونه‌وه‌یاندا یه‌ك هه‌ڵسوكه‌وت كۆیانده‌كاته‌وه‌. له‌سه‌ر ئه‌و بنامه‌یه‌ش، گه‌لێك به‌ تێكڕایی‌و به‌ هۆكارێكی تایبه‌ت، ده‌كرێت جه‌ماوه‌ر پێكبهێنێت، بێئه‌وه‌ی كۆبوونه‌وه‌یه‌كی بینراویان هه‌بێت.

له‌ لایه‌كی دیكه‌وه‌، په‌یوه‌ندیی نێوان ده‌ســـه‌ڵاتو لایه‌نه‌ سیاسییه‌كان له‌گه‌ڵ جه‌ماوه‌رو ئه‌و شێوازانه‌ی به‌كارده‌هێنرێت بۆ كـاركـردن له‌سه‌ر ئاڕاسته‌كردنیان، لـه‌ چاوبـه‌سـتـنـه‌وه‌ی‌و لـێـشـاردنـه‌وه‌ی راستییه‌كانو هه‌ڵخراندنی بۆ پاڵشتیكردنی ئه‌جێندای سیاسی‌و به‌ده‌ستهێنانی زۆرینه‌ی ده‌نگی جه‌ماوه‌ر به‌مه‌به‌ستی سه‌ركه‌وتن له‌ هه‌ڵبژاردندا، لایه‌نێكی گرنگی دیكه‌ كه‌ پێویسته‌ باسی لێوه‌بكرێت، چونكه‌ به‌ درێژایی مێژوو، جه‌ماوه‌ر پێگه‌یه‌كی بنه‌ڕه‌تی هه‌بووه‌ له‌ گۆڕانكارییه‌كاندا، به‌ڵام له‌ كاتێكدا جه‌ماوه‌ر گه‌وره‌ترین رۆڵده‌گێڕێتو قوربانی زۆر ده‌دات له‌ پێناو پرسه‌ نیشتمانی‌و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانداو بناغه‌یه‌كی سه‌ره‌كی حیزبه‌ شـۆڕشـگـێـڕه‌كـانو رێـكـخـراوه‌ جه‌ماوه‌ری‌و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانه‌، له‌ هه‌مانكاتدا زۆرجار رۆڵی نێگه‌تیڤ ده‌گێڕێت كاتێك به‌ هۆكاری جیاواز پاڵپشتی له‌ لایه‌نی سیاسی سته‌مكار یان خـاوه‌ن ئایدیۆلۆژیایه‌كی فاشستیانه‌ ده‌كاتو ده‌بێته‌ هۆی گه‌یاندنیان به‌ ده‌ســـه‌ڵات. جـه‌مـاوه‌ر بـوو شۆڕشی ئۆكتۆبه‌ری له‌ روسیا هه‌ڵگیرسانو له‌ ئێراندا هه‌ره‌سی به‌ رژێمی شاهینشایی هێنا. هه‌ر جه‌ماوه‌ریش بوو له‌ ئه‌ڵمانیاو له‌ پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردندا ده‌نگی به‌ هیتله‌رو نازییه‌كانداو له‌ ئیتالیاش به‌ مۆسۆلینی‌و فاشیزمه‌كان. له‌ ئه‌نجامدا هــه‌ردوو لایـان ده‌سه‌ڵاتیان گرته‌ده‌ستو گه‌وره‌ترین كاره‌ساتیان له‌ مێژوودا تۆماركرد.

له‌و بـواره‌دا، گرنگه‌ له‌ بـاره‌ی تاكو كۆمه‌ڵو په‌یوه‌ندیی نێوانیان بدوێین. گۆستاڤ لوبۆن، Gustave Le Bon زانای كۆمه‌ڵناسی فه‌ره‌نسی‌و نووسه‌ری كتێبی سایكۆلۆژی جه‌ماوه‌ر (١٨٩٥) Crowd Psychology، بانگه‌شه‌و هاندانی جه‌ماوه‌ر له‌ لایه‌ن حیزب یان سه‌ركرده‌ی سیاسییه‌وه‌ به‌ پرۆسه‌ی توانه‌وه‌ی تاك له‌ناو جه‌ماوه‌ردا لێكده‌داته‌وه‌و پێیوایه‌ جه‌ماوه‌ر یه‌كبوونێكی هزری پێكده‌هێنێتو ناهۆشیارانه‌ ده‌جوڵێته‌وه‌. لوبۆن وای بۆ ده‌چێت كه‌ جه‌ماوه‌ر چه‌ند تایبه‌تمه‌ندییه‌كی هه‌یه‌ جیای ده‌كاته‌وه‌ له‌ تایبه‌تمه‌ندی تاكه‌كه‌سه‌كان. یه‌كێك له‌و تایبه‌تمه‌ندییانه‌ تواندنه‌وه‌ی كه‌سێتی هۆشیاریی تاكه‌و هه‌ستو بیروبۆچوونیشی به‌ره‌و ئاڕاسته‌یه‌كی دیاریكراو ده‌بات، به‌ده‌ر له‌ چۆنێتیی ئه‌و تاكانه‌ی كه‌ لێی پێكدێنو به‌ده‌ر له‌ شێوازی ژیانو خولیاو ئاستی ژیرییان. كاتێك تاكه‌كه‌سه‌كان كۆمه‌ڵ ده‌به‌ستنو به‌ گیانێكی به‌كۆمه‌ڵه‌وه‌ دێنه‌ مه‌یدان، له‌ هه‌ستو بیركردنه‌وه‌یاندا زۆر جیاواز له‌ تاكه‌ كه‌سێكی دابڕاو له‌و كۆمه‌ڵه‌ ده‌رده‌كـــه‌ون، چونكه‌ له‌ناو جه‌ماوه‌ردا كه‌سێتی هۆشیار له‌لای تاك ده‌سڕدرێته‌وه‌و ده‌گۆڕدرێت به‌ كه‌سێتییه‌كی ناهۆشیار له‌ حاڵه‌تی هه‌ڵچووندا، هه‌موو تاكه‌كانی ناو جه‌ماوه‌ر ملكه‌چی ئه‌و هێزه‌ده‌بن كه‌ هانیان ده‌دات، سۆز به‌سه‌ریانه‌وه‌ زیاتر زاڵده‌بێت، بیركردنه‌وه‌یان لاوازتر ده‌بێتو سه‌ربه‌خۆییان له‌ده‌ستده‌ده‌ن، جه‌ماوه‌ر شه‌یدای كه‌سێكی خاوه‌ن هێزو ده‌سه‌ڵاته‌و تینووی ملكه‌چی‌و گوێڕایه‌ڵییه‌ بۆ كه‌سی سـه‌ركـرده‌. زانـای شیكاری ده‌روونـی، سیگمۆند فرۆید ئاماژه‌ به‌و حاڵه‌ته‌ ده‌داتو وه‌ك خه‌واندنێكی موگناتیسی لێكیده‌داته‌وه‌و ناوی ده‌بات به‌ (ته‌نینه‌وه‌ی ویژدان). لایه‌نی سیاسیی خاوه‌ن ده‌سه‌ڵاتو توانای مادیی‌و ده‌زگـای راگه‌یاندنو هێزی چه‌كدار، به‌ هه‌موو شێوازێك كار له‌سه‌ر سایكۆلۆژیای جه‌ماوه‌ر ده‌كات، به‌ڕێگای كۆنترۆڵكردنی هه‌ستو نه‌ستی، تا ئه‌و راده‌ییه‌ی وایلێده‌كات عه‌قڵو هۆشی له‌باربه‌رێتو سۆزو میزاج زاڵبێت به‌سه‌ر هه‌ڵسوكه‌وتییدا. به‌ رێگای دروشمی بریقه‌دارو لێدوانی حه‌ماسی‌و به‌ڵێندان له‌لایه‌كه‌وه‌، له‌لایه‌كی دیكه‌شه‌وه‌ به‌ هه‌ڕه‌شه‌و چاوسووركردنه‌وه‌و به‌رتیلدانو به‌كارهێنانی هه‌موو ئامرازێكی میكاڤیللیانه‌ له‌پێناو دابینكردنی زۆریـنـه‌ی ده‌نگی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵك. به‌و پێه‌ش ده‌كرێت بڵێین كه‌ ده‌سه‌ڵات بۆ به‌ده‌ستهێنانی سه‌ركه‌وتن له‌ هه‌ڵبژاردنداو مانه‌وه‌ی له‌ ده‌سه‌ڵاتدارێتیدا، په‌نا ده‌باته‌ به‌ر په‌یڕه‌وكردنی چه‌ند جۆره‌ سیاسه‌تێك له‌وانه‌: سیاسه‌تی به‌كارهێنانی زه‌بروزه‌نگ، سیاسه‌تی درۆو فرتوفێڵو سیاسه‌تی له‌ خشته‌بردنو چاندنی وه‌هم لـه‌لای جه‌ماوه‌ری خه‌ڵك، به‌ مه‌به‌ستی دروستكردنی رای گشتی بۆ پاڵپشتی ده‌سه‌ڵات.

بـه‌ بۆچـوونـی لـوبۆن لـه‌ گه‌رمه‌ی پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردندا، جه‌ماوه‌ری تیایدا به‌شداربوو ناته‌بایه‌. لاوازیــی توانای بیركرنه‌وه‌ی عه‌قڵانی، نه‌بوونی گیانی ره‌خنه‌گرانه‌، هه‌ستیاری‌و خێرا توڕه‌بوون، ســاده‌و ساویلكه‌یی‌و خۆشـبـاوه‌ری چه‌ند تایبه‌تمه‌ندییه‌كی ئه‌و جه‌ماوه‌ره‌ن. جه‌ماوه‌ر له‌كاتی هه‌ڵبژاردندا تینووی زانینی راستییه‌كان نییه‌، به‌ڵكو به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ ده‌یه‌وێت له‌ وه‌همدا بژیێت. له‌باره‌ی ئه‌و لایه‌نانه‌ی هانی جه‌ماوه‌ر ده‌ده‌ن، لوبۆن ده‌ڵێت: هه‌ر كاتێك كۆمه‌ڵێك زینده‌وه‌ر له‌ شوێنێكدا كۆببنه‌وه‌، جا چ كۆمه‌ڵێك له‌ خه‌ڵك بێت یان مێگه‌له‌ ئاژه‌ڵ بێت، راسته‌وڕاست به‌شێوه‌یه‌كی خۆرسك خۆیان ده‌خه‌نه‌ ژێر ده‌سه‌ڵاتی سه‌ركرده‌یه‌كه‌وه‌. چه‌ماوه‌ر مێگه‌ل ئاسا گوێڕایه‌ڵه‌ بۆ گه‌وره‌یی نواندنی كه‌سێكو تینووی ملكه‌چییه‌ بۆی.

له‌كۆتاییدا پێویسته‌ بڵێم، هه‌رچه‌نده‌ ده‌ســه‌ڵاتـدارانــی ئێستای كوردستان لـه‌ رابـــوردوودا رۆڵـیـان هـه‌بـووه‌ له‌ دروستكردنی مێژوی كـورددا، به‌ده‌ر له‌ ئایدیۆلۆژیاو شیوازی كاركردنیان، به‌ڵام دوای گرتنه‌ده‌ستی ده‌سه‌ڵات، به‌ پێچه‌وانه‌ی به‌رنامه‌و ئامانجه‌ دیاریكراوه‌كانیان، سه‌ركه‌وتوو نه‌بوون له‌ به‌دیهێنانی خواستو ئامه‌نجه‌كانی خه‌ڵكی كوردستان. ئێستاش كاتی هاتووه‌ حیزبه‌ ده‌سه‌ڵاتداره‌كانو لایه‌نه‌ سیاسییه‌كانی دیكه‌، چیتر گره‌و له‌سه‌ر هه‌ڵخراندنی جه‌ماوه‌ر نه‌كه‌نو مێگه‌ل ئاسا مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵدا نه‌كه‌ن.

selah.germian@yahoo.com.au

سه‌رچاوه‌كان

**لوبون، گوستاف (١٨٩٥). سیكولوجیه الجماهیر، ترجمه وتقدیم هاشم صالح بیروت ، دار الساقی، (١٩٩٧).**

**فرۆید، سیگموند (١٩٢١)، علم نفس الجماهیرو تحلیل الانا، ترجمه وتقدیم جورج گرابیشی. دار الطلیعة للطباعه والنشر، ٢٠٠٦ نظمي، فارس كمال (٢٠٠٩). مقالاتو دراسات فی الشخصیه العراقیه. فكشو، السوید.**

**القمودی، سالم (١٩٩٩). سیكولوجیه السلطة، مكتبه مدبولی، القاهره**

**غـزال، خالد (٢٠٠٩). سیكولوجیه الجماهیر" لغوستاف لوبون: فی أسرار التنویم المغناطیسي للقطعان البشریه**

=http://www.alsafahat.net/blog/?p

## هۆکارەکەی هێنانی جوچکو عەلەفە بە ڕێگەی قاچاخ

# ئەنفلۆنزای باڵندە سەرهەڵدەداتەوە

محەمەد ساڵح حەمەلاو

دوای ماوەیەک لە دامرکاندنەوەی، پەتای ئەنفلۆنزای باڵندە لە هەرێمی کوردستان سەرهەڵدەداتەوەو بەڕێوەبەری دروستیی ئاژەڵیش لەسلێمانی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە حاڵەتی ئەنفلۆنزای باڵندە لە سلێمانیو گەرمیان بوونی هەیە، بەڵام حاڵەتەکان لەوجۆرانە نین کە مەترسییان بۆ سەرمرۆڤ هەبێت، بەڵکو زیان بە ئابووری کوردستان دەگەیەنن.

د. عەباس عەلی، بەڕێوەبەری دروستیی ئاژەڵ لە سلێمانی ئاماژەی بەوەکرد «ماوەیەک لەمەوبەر ئەنفلۆنزای باڵندە لە دوو کێڵگەی پەلەوەر لە ناوچەی گەرمیان سەریهەڵداوە، بەڵام حاڵەتەکە لە جۆری N9 بووە، کە تەنیا لە باڵندەوە بۆ باڵندە دەگوێزرێتەوەو ترسی بۆسەر مرۆڤ نییە».

وتیشی: «توانراوە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بکرێتو لەناو ئەو دوو کێڵگەیەدا کۆنترۆڵ بکرێتو نەخۆشییەکەش تەشەنەی نەسەندووە بۆ ناو گوندەکە».

ئەنفلۆنزای باڵندە (١٦)جۆری هەیەو لە هەموویان کوشندەتر (h5n1)ە کە لە باڵندەوە بۆ مرۆڤ دەگوێزرێتەوەو ساڵی (٢٠٠٥)یش بەهۆی مەترسی بڵاوبوونەوی ئەو نەوخۆشییەوە لە هەرێمی کوردستاندا دوو هاوڵاتی ناوچەی ڕانیە گیانیان لەدەستداو زیاتر لە یەک ملیۆن پەلەوەر لەناوبران.

د.عەباس، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە وەزارەتی تەندروستییان لێ ئاگادارکردووەتەوەو بە بەردەوامیش لە ڕێگەی تیمەکانیانەوە سەردانی کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەردەکەنو هێنانی جوچکو عەلەفو پەلەوەریش لە دەرەوەی سنوورەکان بەتایبەت لە ڕێگەی ئێرانەوە خراوەتە ژێر چاودێرییەوە.

بەڕێوەبەری دروستیی ئاژەڵ باسی لەوەکرد «هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەوجۆرە نەخۆشییە بەپلەی یەک هێنانی جوچکو پەلەوەرو عەلەفە بە ڕێگەی قاچاخ لە ئێرانەوە، هاوکات سەرپەرشتیکردنی کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر لەلایەن کەسانی بێئەزموونو نەشارەزاوەو جێبەجێ نەکردنی ڕێنماییەکانی دروستیی ئاژەڵ، هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی نەخۆشییەکەن».

نەخۆشیی ئەنفلۆنزای باڵندە ساڵی (١٩٩٩)لە ئێران سەریهەڵداو نزیکەی (٩٠)کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەر لە نزیک شارەکانی تارانو قەزوین بەو هۆیەوە لەناوبرانو دواتریش نەخۆشییەکە هەرێمی کوردستانی گرتەوە.



وەرگیراوە بە دەستکارییەوە

# لە لیستی سوورەوە بۆ لیستی بۆر

محەمەد ساڵح حەمەلاو

کۆمپانیاکانی دڵنیایی ئەمریکی، عێراق لە لیستی سوور دەردەهێنێتو سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستانیش پێیوایە، دەرهێنانی عێراق لە لیستی سووردا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بواری وەبەرهێنان نابێت لە عێراقدا.

سایتی هەواڵی خەبەر، لەسەر زاری سامی عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بڵاویکردووەتەوە، لە سەردانەکەی نوری مالیکی سەرەک وەزیرانی عێراق بۆ ئەمریکا وێرای گفتوگۆکردن لەسەر ڕێککەوتنە ئەمنیو ستراتیژییەکەی نێوان عێراقو نەتەوەیەکگرتووەکان، هاوکات بڕیاردراوە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمەوە کۆنگرەیەکی وەبەرهێنان بە بەشداری سەدان کۆمپانیای جیهانی لە عێراقدا ببەسترێت.

سامی عەسکەری، ئاماژەی بەوەشداوە لەمیانەی سەردانەکەی مالیکی کۆمپانیاکانی دڵنیایی ئەمریکی بڕیاریانداوە عێراق لە لیستی سوور دەربهێننو بیخە لیستی بۆرەوە، ئەوەش وادەکات ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە دەیانەوێت بۆ وەبەرهێنان بێنە عێراق، لەڕووی دڵنیاییەوە ڕێژەی باج لە سەریان کەمدەکرێتەوە، بە بڕوای عەسکەری ئەو هەنگاوەی کۆمپانیاکانی دڵنیایی ئەمریکا سەرەتایەک دەبێت بە ئاراستەی هاندانی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ ئەوەی ڕوو لە عێراق بکەن.

محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەرهێنانی عێراق لە لیستی سوور ئەوەندەی پەیوەندی بە بواری (تأمینات) دڵنیاییەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە بواری وەبەرهێنانەوە نییە».

لە بواری دڵنیاییداو لەسەر ئاستی جیهانی، پێوەرێک دیاریکراوە بۆ دیاریکردنی ئاستی ئاسایشی وڵاتانو ئێستا کاری پێدەکرێت، بە نموونە وڵاتانی وەک عێراقو ئەفغانستان کە ئێستا جەنگیان تێدایە لە بواری ئاسایشدا لەلایەن کۆمپانیاکانی دڵنیاییەوە دەخرێنە لیستی سووورەو لە حاڵەتێکیشدا هەر کۆمپانیایەک کە بیەوێت بۆ ئیشکردن بێتە عێراق یاخود بیەوێت ئەندازیارێک یان کارمەندانی کۆمپانیاکەی بنێرێتە ئەو وڵاتانە ئەوا (کولفە) بڕی پارەی تێچوونی لەڕووی دڵنیاییەوە زۆر زیاتردەبێت لەو وڵاتانەی کە ئاسایشو ئارامی تێدا بەرقەرارە ئەوەش وادەکات کە ڕێژەیەکی زۆری سوودی ئەو کۆمپانیانەی بۆ بواری وەبەرهێنان ڕوو لە وڵاتانی لیستی سوور دەکەن بڕێکی زۆری سوودەکەیان بۆ بواری دڵنیایی بێت، سوودێکی کەم بۆ خۆی بمێنێتەوە.

محەمەد کەریم، ئاماژەی بەوەشکرد «هەرچەندە دەرهێنانی عێراق لە لیستی سوور هەلێکی زیاتر لەبەردەم کۆمپانیا بیانییەکان دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لە بواری وەبەرهێناندا بێنە عێراقو کاربکەن، بەڵام پێیوابوو دەرهێنانی عێراق لە لیستی سوور کاریگەرییەکی زۆری نابێت».

وتیشی: «تائێستا لە عێراقدا یاسایەکی ڕێکوپێک بۆ بواری وەبەرهێنانو سیستمێکی ئیداری تۆکمەو سەروەریی یاسا بوونی نییە بۆ ئەوەی کۆمپانیا بیانیەکان بتوانن بەپێی یاسای عێراقی پارێزگاری لە کەلوپەلو پێداویستییەکانی خۆیان بکەن، ئەوە جگە لەوەی هێشتا ئاستی گەندەڵی بە ڕێژەیەکی زۆر لە عێراقدا بەرزە، هەر بۆیە کۆمپانیا بیانییەکان ناتوانن بێنە وڵاتێکی وەک عێراقو لە بواری وەبەرهێناندا کاربکەن».

بەپێی زانیارییەکان ئێستا ژمارەیەک لە سەرمایەدارانی عێراقی لەجیاتی ئەوەی لە عێراقدا وەبەرهێنان بکەن بەپێچەوانەوە ڕوویان لە وڵاتانی ئیماراتو ئوردنو وڵاتانی دیکەی عەرەبی کردووەو سەرگەرمی کاری وەبەرهێنانن، بەهەمانشێوە بەشێک لە سەرمایەدارانی هەرێمیش ئێستا لە دەرەوەی هەرێم کاری وەبەرهێنان دەکەن.

بەپێی ڕیزبەندی وڵاتان لەڕووی ئاسایشەوە لیستی بۆر لە خوار لیسی سوورەوەیەو لەڕووی دڵنیاییەوە باجی سەر ئەو کۆمپانیانە کەمترە کە ڕوو لە وڵاتێک بکەن کە لە لیستی بۆردابێت وەک لە لیستی سوور.

محەمەد کەریم، ئاماژەی بەوەشکرد «ئێستا تەنیا ئەو کۆمپانیا بیانییانە دێنە عێراق کە لە بواری وەبەرهێنانی نەوتدا کاردەکەنو خاوەن سەرمایەیەکی زۆرنو سوودێکی زۆریش لەو بورەدا بەدەستدێنن، بەڵام حکومەتی عێراق ناتوانێت قەناعەت بە سەرمایەداری جیهانی بکات بۆ ئەوەی بێنە عێراقو هانیانبدەن لە بواری وەبەرهێناندا کاربکەن».



# گۆڕان بومەلەرزەیەک بوو، بە ڕێختەری کۆمەڵگە هەناوی دەسەڵاتی هەژاند



هەورامان محەمەد

هەموو هەوڵو تێکۆشانی دەسەڵاتی سیاسیی بۆ کاری ساختەکاریی هەڵبژاردنی ئەمجارە خۆی لەوەدا دۆزییەوە کە تائێستاش دەسەڵاتی سیاسیی لیستی کوردستانی بەگشتیی و عەقلی خێڵەکی بە تایبەتی دەخوازێت کە هەمیشە کۆمەڵگە لە بۆتەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بتوێنێتەوەو ڕێگەی پێ نەدات چارەنووسی خۆی دیاریبکاتو خاوەنی بڕیاری سەربەخۆی خۆی بێت، هەربۆیە لەم پێناوەشدا لیستی کوردستانی بە تایبەت پارتی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا جارێکی دیکە بۆ خەفەکردنو نغرۆکردنی هیواکانی گشت کۆمەڵگە ئەوەی لە هەگبەیدا بوو بۆ پەنابردن بۆ کاری ساختەکاریی دریغی نەکرد. ئەم هەنگاوانەش هەمووی لەو ڕوانگەیەوە سەرهەڵدەدات کە هەمیشە دەسەڵاتی پارتی دەیەوێت ئەم ئەزموونی حکومەتو پەرلەمانە لە سایەی بیری کۆنی بۆرژوازی فیودالیی خۆیدا بهێڵێتەوە، هەربۆیە لە هەموو کایەکانی دیموکراسیدا لاریی دەکاتو سەپاندنی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا نمایش دەکات. دوای ئەم هەموو هەنگاوە ناشرینانەی کە لەم هەڵبژاردنەدا بینراو بیسترا، بەڵام دەسەڵاتی لیستی کوردستانی نەیتوانی بە تەواوی ڕێگریی خۆی بەسەر بڕیاری کۆمەڵگە بسەپێنێت، کە ئەم ڕووداوە تازەیەش لە دوای (١٨)ساڵ فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتی یەکێتیو پارتیدا بووە مایەی سەرسوڕمانیو خودی دەسەڵات لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ چاودێرانی وڵاتان بەگشتیی، کە دەسەڵات نەیتوانی ئاواتو خەونە ناشرینەکانی خۆی لەناو هیواکانی کۆمەڵگەدا جارێکی دیکە بەدەستبهێنێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە کۆمسیۆنی باڵاش نەیتوانی بەرامبەر ئەو هەنگاوە ساختەکارییانەی دەسەڵات، بێلایەنی خۆی لەبەرچاوی کۆمەڵگەو تەواوی چاودێراندا بسەلمێنێت، دەتوانرێت بەم کردەوەیەی کۆمسیۆنیش بوترێت کە هەمیشە گفتوگۆیەکی گوماناوی لە ناخی تاکەکانی کورددا بەجێدەهێڵێت.

سەرئەنجام دوای ئەو هەموو پەلەقاژێیەی دەسەڵات بەرامبەر هەنگاوە دیموکراسییەکانی هەڵبژاردن، نەیتوانی وەک پێویست جارێکی دیکە خۆی بکاتەوە بە کوێخاو کۆمەڵگەش وەک سەپانێک بەکاربهێنێت، هەربۆیە لە کاتی بانگەشەکانیشدا دەسەڵات ملیۆنەها دۆلارو.....هتد، لە ناوچە جیاجیاکاندا لە لایەن بەرپرسی لقو مەڵبەندەکان بەسەر کۆمەڵگەدا بەخشرایەوە، ئەمە جگە لەوەی بۆ شاردنەوەی ڕووی ناشرینی (١٨)ساڵ لە کردەوەکانیان بەرامبەر بە کۆمەڵگە هەستان بە دەرکردنی چەند گۆڤارێک، ئەوەش لەپێناو ئەوەی بتوانن بە میکیاژکردنی کردەوەکانیان هیچ نەبێت جەمالیەتێک پیشان بدەن!! ئەم هەنگاوانەی دەسەڵات نەیتوانی تۆزقاڵێک ڕێگر بن لە ئاست بڕیاری چارەنوسسازی کۆمەڵگەدا، هەربۆیە بڕیاری دەنگدانی کۆمەڵگا بۆ یەکلابوونەوەو دەربازبوون لە دەسەڵاتی پاوانخوازی، زۆر بە حەماسەوە بەرەو ڕووی سندوقەکانی دەنگدان بەردەوام بوون، بەڵام مەخابن دەسەڵات لەپێناو چارەسەرکردنی جەڵدەی دەسەڵاتەکەی، دەستیکرد بەو ساختەکارییەی کە ئەمڕۆ تەواوی میدیاکان باسیدەکەن، بەپێی ئەو هەموو کارەساختەکارییانەش دەسەڵاتی سیاسیی پێچەوانەی بیرکردنەوەکانیان کە هەمیشە غرور بوون وایان هەستدەکرد، کە کۆمەڵگە بە قەناعەتەوە ڕێڕەوی گۆڕانیان نەگرتووەو دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی یەکجارەکی تەنیا بۆ خودی دەسەڵات دەبێت، هەربۆیە زۆرجار پێش هەڵبژاردن لە کەناڵو میدیاکانیانەوە ئەوەیان دووپاتدەکردەوە کە دەبێت هەموو لایەک بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕازی بن! ئەمەش شێوازێکی دڵەڕاوکێ بوو کە دەسەڵات لە دەرچوونی خۆی بە گومان بوو!! ڕاستی دەربڕینی ئەم نموونانە لەوەدا دەردەکەوێت کە دەسەڵات بە پاڵپشتی کۆمسیۆنی باڵا چەند کاری ساختەکاریی ئەنجامداوە، کاتێک لە هەموو دنیادا وا باوە ئەنجامی هەموو هەڵبژاردنێک لەلایەن ئەو دەستەیەوە ئاشکرا دەکرێت، کە سەرپەرشتی کاری هەڵبژاردنەکە دەکات، نەک حیزبی دەسەڵاتدار، هەربۆیە ئاشکراکردنی دەرئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن لە شەوی ٢٦ لەسەر ٢٧دا لە لایەن وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێمەوە دەتوانرێت بە دوو شێواز خوێندنەوەی بۆ بکرێت!

**یەکەمیان:** هەموو هەنگاوەکانی دەسەڵات لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بە تایبەتی بۆ کاری ساختەکارییو تەزویری بێوێنەو بێدەنگی کۆمسیۆن لە ئاست ئەو کارانە، دزەکردنی ئەنجامە سەرەتاییەکانو ئاشکرابوونی لەلایەن حیزبەوە بەڵگەی زیندووی ناسنامەی پشتگیریو لایەنگریی کۆمسیۆنی باڵا بۆ دەسەڵات دەردەخات.

**دووەمیان:** خاوبوونەوەی ئەو بارە دەروونییەی کە تووشی بەرپرسانی لیستی کوردستانیو سەرۆکی هەرێم بووبوو، کۆمسیۆنی باڵا بۆی سازاندن، چونکە دەسەڵات بە درککردنی ڕێژەی دەنگی لیستی گۆڕان پێویستی بە چارەسەرکردنی ئەو بارە دەروونییە بوو.

لەو پێناوەشدا، واتە ئەو دوو خاڵەی سەرەوە کە باسمان لێوەکرد لە هەرێمەکەدا باشترین نموونەی شێوازی تێکچوونی شیرازەی باری دەروونی دەسەڵاتی سیاسیی بوو، هەر بەوەشەوە نەوەستانو هەست دەکرا کە بارگرژیی دەروونییان هەروەک خۆیەتی، بۆیە هەر ئەو شەوە لە پاڵ ئاشکرابوونی دەرەنجامە سەرەتاییەکاندا بە نەخشەیەکی داڕێژراو لە لایەن چەندین بەرپرسی حیزبیو حکومی بە ناوی تەقەی خۆشییەوە هێرشو پەلاماریان بۆ سەر بارەگاکانو ماڵی هەوادارانی لیستی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامی لە هەولێرو دهۆکو ئاکرێ ئەنجامدا.

گومانی تێدا نییە کە ئەم نەخشەیە لە پێناو ئەوەدابوو دەسەڵاتی سیاسیی چاوترسێنی تەواوی ئەو لیستو قەوارانە بکات کە گۆڕانیان لەناو کۆمەڵگادا پێکهێناوە! ئەم کردەوانەی بەرپرسانی هەرێم هیچی کەمتر نییە لەو ڕەفتارە قێزەونو دیکتاتۆرییانەی کە مێژوو باسی لێوەدەکات، ڕەفتاری دەسەڵاتی ئەو شەوەی شاری هەولێر تەنیا لە ڕەفتارەکانی کۆنی دیکتاتۆریی زەعیم سدیق دەچوو کە بەرامبەر بە کۆمەڵگەی کوردی دەینواند.

ئەگەر دەسەڵاتێک تەواوی بیرکردنەوەکانی بەو چەشنە ئاشکرابێت کە ڕێگری لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەکات، ئیدی ئەو دەسەڵاتە چۆن شەرم دایناگرێت خۆی بە حاکمو سەروەری کۆمەڵگە بزانێت، هەمیشەش باس لە شێوازی سەروەرێتی یاسا دەکات!، بۆیە دەبێت دەسەڵات بە هەموو خاڵی عەقلە بۆرژوازییە فیودالییەکەی خۆیدا بچێتەوەو بزانێت کە (گۆڕان) تەنیا خواستو ویستی چەند کەسێکی دیاریکراو نییەو لە جوغزێکی دیاریکراویشدا نەماوەتەوە، ئێستا بووەتە شەپۆلێکی نارەزایی تەواوی کۆمەڵگەو گۆڕان بووەتە چەمکێکی ڕیشەییو بەرگی میللی تەواوی چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی بە بەر خۆیدا کردووە، دەبێت هەرچی زووترە دەسەڵات خۆی لەو عەقلیەتی هێرشو پەلامارانە بپارێزێت، ئەگەرنا بە خوێندنەوەی ئەمڕۆی نارەزاییەکانی ناو کۆمەڵگە بێت، ئەوا کۆمەڵگە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر دەسەڵات لەم جۆرە بیرکردنەوانە بەردەوام بێت، ئەوا کۆمەڵگەش ناچار دەبێت کە پەرچەکرداری خۆی بە شێوازی دیموکراسی بۆ وەڵامدانەوەی دەسەڵات نمایش بکات، ئەوکاتیش تەنیا دەسەڵاتە کە دەبێت تەحەمولی دەرەنجامی هەڵەکانی خۆی بکات، بۆیە ئەم کردەوانەی کە تاکو ئێستا دەسەڵات بەرامبەر بە کۆمەڵگە ئەنجامی دەداتو کۆمەڵگەش لێی بێدەنگ بووە، بەو مانایە نییە کە کۆمەڵگە چاوترسێن بووەو ناتوانێت نەخشەی ئایندەی خۆی لە سەر شەقامەکان وێنا بکات، بە پێچەوانەوە دەسەڵات دەبێت بزانێت کە ئەزموونی قۆناغەکانی سەرکوتکردنو بێدەنگیو پەنگخواردنەوەی هەموو کۆمەڵگەیەک، دەرەنجامەکانی تەنیا دەربڕینی نارەزاییە جۆراوجۆرەکان بووە کە دوایین خاڵی نارەزایی هەموو کۆمەڵگەیەک ئەوتەقینە جەماوەرییەیە کە خۆی لە هەموو کوچەو شەقامی شارو شارۆچکەیەکدا دەبینێتەوە، بۆیە ئاساییە گەر بە دەسەڵات بڵێین غرورو خۆسەپاندن دادی هیچ دەسەڵاتێک نادات، چاکتر وایە هێمنیو باری ئارامیی بپارێزرێتو چیدی کەسە حیزبییەکان لە کەناڵی ڕاگەیاندنەکانەوە نەبنە باعیسی شکاندنی عیزەتو ئیحساسی کۆمەڵگە. ئەوانەی کە دێنە سەر شاشەی تیڤییەکان با بە ئاگاییەوە لە شێوازی ئەدەبی قسەکردن بەرامبەر بە کۆمەڵگە بدوێن، چونکە کاتێک کەسە حیزبییەکان ئامادە نەبن ڕێز بۆ سنووری کۆمەڵگە دابنێن، ئەوا کۆمەڵگەش ناچار دەبێت پەنا بەرێتە بەر شکاندنی هەموو هێڵە سوورەکانی دەسەڵاتو ئەوکاتیش تەنیا دەسەڵات بەرپرس دەبێت لە ڕوودانی دەرئەنجامی سازدانی ئەو هەڵانەی کە دێنە ئاراوە.

جێی خۆیەتی دووبارەی بکەینەوە کە گۆڕان لەپێناو ئامانجەکانی ئایندەی کۆمەڵگەدا لە قۆناغی سەرەتایی تێپەڕیکردووەو بووەتە هەوێنی بەردەوامبوونی گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆو سبەی.

> **دەبێت دەسەڵات بە هەموو خاڵی عەقڵە بۆرژوازییە فیودالییەکەی خۆیدا بچێتەوەو بزانێت کە (گۆڕان) تەنیا خواستو ویستی چەند کەسێکی دیاریکراو نییەو لە جوغزێکی دیاریکراویشدا نەماوەتەوە، ئێستا بووەتە شەپۆلێکی ناڕەزایی تەواوی کۆمەڵگەو گۆڕان بووەتە چەمکێکی ڕیشەییو بەرگی میللی تەواوی چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی بە بەر خۆیدا کردووە**

# یەکێتی یاریی بە ئاگر دەکات!



یاسین عومەر ئیبراهیم

ئەگەرچی مێژووی هەڵبژاردنو بانگەشەی هەڵبژاردن لە کوردستاندا نەریتێکی نوێیەو لە چەند جارێک تێناپەڕێت، بەڵام هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە لە (٧\٢٥)ی ڕابردوودا بەڕێوەچوو لە زۆر ڕووەوە لە ئەزموونەکانی پێشووتر جیاواز بوو.. یەکێک لەو ڕەهەندانەی دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم بەشداریی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە یەک لیست کە ناوی لیستی کوردستانیو بانگەشەی ئەو لیستە لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

بێگومان نکوولی ناکرێت لە کاریگەریی هەردوو پارتی سەرەکی (یەکێتیو پارتی) لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی عێراقدا، بۆیە ئەگەرچی بە یەک لیستیش بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کرد، بەڵام لەو چوارچێوەیەشدا هەردوولا هەوڵیاندەدا هەریەکەو لەڕێی کاراکتەرە بەهێزەکانی خۆیەوە زۆرترین دەنگ بۆ لیستی کوردستانی کۆبکاتەوە. ڕەنگە د.بەرهەم سالح یەکێک بێت لەو سیاسەتمەدارانەی زۆرترین پشکی بەرکەوتبێت لە هەواڵو گفتوگۆکردن دەربارەی ئەگەری بوونی بە سەرۆک وەزیری داهاتووی هەرێم بەدرێژایی ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن.

بەلای جەماوەری یەکێتییەوە، دەنگدان بۆ لیستی کوردستانی لە چاوی بەرهەم سالح-ەوە دەبینرا. جەماوەری یەکێتی بەو هیوایەوە دەنگیان بۆ لیستی کوردستانی دا؛ کە سەرۆکی حکومەتی داهاتوو بۆ یەکێتی بێتو بەرهەم سالح-یش سەرۆکی ئەو حکومەتە بێت، بەڵام ئەوەی دەیبیستین ئاوازێکی خۆشخەیاڵ نییە بۆ جەماوەری یەکێتی.

دوای ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن، پارتیو یەکێتی تووشی شۆک بوون، بەتایبەتی یەکێتی، چونکە هەموو ئاماژەکان وامانپێدەڵێن چیتر شارە حەیاتەکە قەڵای سەوزی یەکێتی نییەو سەرەڕای ئەوەی یەکێتی پێگەی جەماوەریی خۆی لە چەندین شوێنی دیکەیش لەدەستداوە. لە بارودۆخێکی سەختی وادا ئەگەر سەرۆکی کابینەی داهاتوو بۆ یەکێتی نەبێت ئەوا ئەو حیزبە دووچاری کێشەی کوشندەتر دەبێتەوەو جارێکیتر هەستانەوەی بەڕووی پارتییدا ئەستەمە.

ئەوەی مایەی سەرنجە تائێستا هیچ لێپرسراوێکی یەکێتیو پارتی نەیانوتووە ئەو پۆستە بەدڵنیاییەوە بۆ د.بەرهەم سالح دەبێت. بەردەوام لێپرسراوان بەتایبەتی سەرکردەکانی یەکێتی دەڵێن: ئەو پۆستە مافی یەکێتییە، بەڵام ناڵێن ئەو پۆستە بۆ یەکێتی دەبێت، چونکە ماف شتێکەو بەکارهێنانی ئەو مافە شتێکیترە.

پێدەچێت ئەمجارەش یەکێتی نەیەوێت ئەو مافەی پیادەبکاتو د.بەرهەم سالح بکات بە سەرۆکی حکومەت یان بەدیوێکی دیکەدا پارتی فیزی ئەوە بەسەر یەکێتیدا لێبدات لە ناوچەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بووە, ئەوەش جۆریک لە ڕاستی تێدایە. ئەگەر یەکێتی ئەو هەڵەیە بکات ئەوا قەیرانێکی دیکەی متمانە لەنێوان بنکەی جەماوەریی یەکێتیو سەرکردایەتییدا دروست دەبێت. ئەو هەڵەیەی یەکێتی زیانی زۆری بەدوادا دێت، هەم لەسەر ئاستی حیزبیو هەم لەسەر ئاستی ڕاگرتنی سەنگی یەکێتی لە کوردستانیشدا.

دەستبەرداربوون لە پۆستی سەرۆکی حکومەت وادەکات لە چەند مانگی داهاتوودا یەکێتی نەتوانێت ڕووبەڕووی جەماوەرەکەی ببێتەوە، لە کاتێکدا کوردستان لە بەردەم چەند تاقیکردنەوەیەکی نوێی دیکەدایە لەوانە ڕیفراندۆم لەسەر دەستووری هەرێم، هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم، دەنگدان لەسەر ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان عێراقو ئەمریکای ناسراو بە (SOFA) دواتریش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، کە بڕیارە لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا بەڕێوەبچێت.

پێناچێت یەکێتی لەو گرێی خۆبەکەمزانینە لە بەردەم پارتییدا قوتاری ببێت، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. هەقە یەکێتی بزانێت پارتییش لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا سەرکەوتوو نەبووەو ئەگەر ئەو هەموو ساختەکارییە نەبووایە، کە چاودێرانی ناوخۆو نێودەوڵەتی باسی دەکەن؛ پارتییش تووشی شکستێکی گەورە دەبوو. لەڕێی ئەو شێوازی سەرکوتکردنو سنووردارکردنی ئازادییەی پارتی لە هەولێرو دهۆک پەیڕەوی دەکرد هەرگیز نەیدەتوانی بەرگەی شەپۆلی نیلی بگرێت، کە لە خۆرهەڵاتی ئەم هەرێمەوە هەڵیکردبوو. بۆیە پێویستە یەکێتی بەدەستی خۆی ئەو ژەهرە نەنۆشێتو تەنیا لەبەر ئەوەی (مام جەلال) ببێتەوە بە سەرۆکی عێراق بۆ پارتی نەکەوێتە سەر ئەژنۆ.

هەنگاوێکی ژیرانە نییە یەکێتی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی حکومەت بێتو گەورەترین بەڵێنی هەڵبژاردنی خۆی جێبەجێ نەکات، کە سپاردنی سەرۆکایەتی حکومەتی نوێیە بە د.بەرهەم سالح. ئەگەر یەکێتی ئەو بەڵێنە نەباتە سەر ئاگر بەردەداتە بەهاری سەوزی خۆیو هەڵیدەپڕوکێنێت، دیارە ئەگەر هێشتا کەمێک سەوزاییش مابێت.

هەموو ئەو لایەنگرو دۆستانەی یەکێتی کە ڕۆژانە دەیانبینم خوازیارن د.بەرهەم سالح ببێتە سەرۆک وەزیری داهاتوو ئەو هەواڵە ناخۆشانەی لەوبارەیەوە دەیبیستن ڕاست نەبن، بەڵام وەک (وینستن چەرچڵ) دەڵێت: «زۆر درۆی خراپ دەکرێن دەربارەی ئەوەی لە جیهاندا ڕوودەدات، بەڵام خراپترین شت ئەوەیە نیوەی ئەو درۆیانە ڕاستن».

# پشێوی‌و ئاڵۆزییەکانی پاش هەڵبژاردن، لە ئەستۆی پارتی‌و یەکێتییە

**زمناکۆ عەزیز**

دوا بـــەدوای ئاشکراکردنی ڕێـــژەی دەنگەکانی لیستە بەشداربووەکان، پارتی‌و یەکێتی دەیانەوێت بە نانەوەی پشێوی‌و دروستکردنی نائارامی‌و کاری تێکدەرانە بە ئەندامەکانیان لەدژی خەڵکو لایەنەکانیتر، دەیـانـەوێـت ئاکامەکانی دەنگەکان بە قازانجی خۆیان زیاتر بشکێننەوەو فەزای تـرس‌و سـزادان‌و عەسکەرتاری بەسەر کۆمەڵگەدا فەرزبکەن‌و پاشەکشەبکەن کە پێیانوایە جێگەو ڕێگەی ئەو دوو زلحیزبە کەوتووەتە ژێـر پـرسـیـارەوەو هەمان قورسایی بەر لە هەڵبژاردنەکانیان نەماوە. بەرهەڵستکارەکانیشیان بە ڕەفزکردنی ئاکامی دەنگدانەکان لە هەندێک ناوچە خەریکن دەبنە هۆکاری درێژە پێدانی ئەو فەزا عەسکەرتارییەی کە پارتی‌و یەکێتی دەیانەوێت بیخولقێنن.

بەو پێیەی کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەرپرسی ئەمنیەت‌و ئارامی خەڵکن‌و دەزگاکانی پۆلیس‌و ئاسایش‌و پێشمەرگە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندایە، بەهەمان پێوەر ئەوان بەرپرسن لەهەر پشێوی‌و ئاڵۆزی‌و نائارامیەک کە ئەمنیەتی هاولاتیان بخاتە مەترسییەوەو بەرپرسن لە گیانی هاولاتیان‌و پاراستنی سەرو مالیان.

پارتی‌و یەکێتی لە (١٨) ساڵی ڕابردوودا بە هیچ کلۆجێک تەحەمولی دەنگی نارازییان نەکردووەو بە هەموو توانایەکەوە سەرکوتی هەر دەنگێکی نـاڕازی‌و ئازادیخوازیان کـــردووە، ئێستاش سـەربـاری ئـەوەی کە لەژێر فشاردا چەندینجار وتیان کە

> **ئەوەتا لە سەرجەم شارەکانی کودستان خۆیان سەرچاوەی پشێوی‌و ئاڵۆزی‌و نائارامییەکانن‌و دەیانەوێت جارێکیترو بە زەبری چەک پاشەکشەبکەن بە هەموو ئەوانەی کە لە بەرامەریاندا لە مەیداندان‌و ڕێژەی کورسییەکان‌و سەنگو سووکیان هێناونەتە ئاستێکی نزمتر لەوەی کە هەبوون**

ئاکامەکانی هەڵبژاردن قبوڵدەکەن‌و ئامادەن کە ڕێز لە ڕاو دەنگی هاولاتیان بگرن، بەلام ئەوەتا لە سەرجەم شارەکانی کودستان خۆیان سـەرچـاوەی پشێوی ئاڵۆزی‌و نائارامییەکانن‌و دەیانەوێت جارێکیترو بە زەبری چەک پاشەکشە بە هەموو ئەوانەی بکەن کە لە بەرامەریاندا لە مەیداندان‌و ڕێژەی کورسییەکان‌و سەنگ‌و سووکیان هێناونەتە ئاستێکی نزمتر لەوەی کە هەبوون.

پارتی‌و یەکێتی هەرچەندە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە کوردستان میلیشیایی نییەو هێزە چەکدارەکانی پارتی‌و یەکێتی لە هێزێکی نیزامیدا ڕێکخراون...هتد، کەچی بینیمان لـەدوای ڕاگەیاندنی ڕێـژەی دەنگەکانی سەرۆکەکەیان (مەسعود بارزانی) ئاسمانی هەولێریان کـردە پارچەیەک لە ئاگرو بەهۆیەوە چەندین کەس برینداربوون‌و کەسێکیش گیانی لەدەستدا، ئەمەیە هێزی ڕێکخراو؟ ئەمەبوو ئەو بە داموەدەزگاکردنەی هێزی پێشمەرگە؟ چ درۆیەکی شاخدارە کاتێک سەرۆکی حیزب داوادەکات تەقەی خۆشی مەکەن، کەچی هێزو ئەندامەکانی میلیشیاکەی بە قسەی ناکەن‌و ئاسمان دەکەنە دەنوکی کەو؟ هەربۆیە دەبێت سەرۆکی ئەو میلیشیایەو تەواوی بەرپرسە ئەمنییەکانی دادگایی بکرێن‌و سزای توندبدرێن لەسەر گیانلەدەستدانی ئەو هاولاتییەو قەرەبووی خێزانەکەی بکرێتەوەو لەگەڵ سەرجەم بریندارەکاندا.

هـــاوکـــات لـــەهـــەر جـێـگـەیـەک کە دەستدرێژی‌و ملهوڕی کراوەتە سەر خەڵکو لایەنەکان دەبێت کۆتایی پێبهێنرێت‌و ڕێگەنەدرێت درێژە بە فەزای سەرکوت‌و پێشێلکاری ماف‌و ئازادییەکان بدرێت، تەواوی سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە خاوەن میلیشیایەو لەسەرو هەمووشیانەوە (تالەبانی‌و بارزانی) بەرپرس بکرێن لەهەر کردەوەیەکی دژی مافەکانی هاولاتیان‌و پێشێلکردنی ئازادییەکانیان.

جەنگی پارتی‌و یەکێتی بە پلەی یەکەم دژی لیستەکانی بەرامبەریان نییە، بەڵکو ئەو جەنگو فەزای سەرکوتەیان لەدژی خەڵکدایەو دەیانەوێت تۆڵەبکەنەوە لەو خەڵکەی کە نارازییە بە حاکمیەت‌و دەسەلاتیان‌و ئیدارەیان، نایەوێت گەندەڵ‌و تالانچیەکان حاکمی ولات بن، بۆیە دەنگیان نەدانی‌و بێ ئومێدیانکردن.

خـــەڵـــکو هـاولاتیانیش دەبـێـت بە هەڵبڕینی دەنگی نارەزایەتیان‌و فشار هێنانیان بۆ دەسەلاتداران، ناچاریان بکەن کە ڕێز لە مافەکانی خەڵک بگرن‌و پاراستنی ئارامی‌و ئەمنیەتی ژیانیان بخەنە ئەستۆی ئەوانەوە، ڕێگەنەدرێت جارێکیتر فەزای کوشتن‌و زیندان‌و تۆقاندن‌و سەرکوتکردن فەرزبکرێتەوە بەسەر حیزبەکان‌و خەڵکدا.

# سیستمی پەرلەمانی‌و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی

## هەڵویستەیەک لە بەرامبەر سەرۆکی هەرێم



**ئاکۆ فاتیح**

(٢-٢)

ئەم شێوازە هەڵبژاردنە لە سیستمی پەرلەمانیدا کۆمەڵێک مەدلولاتی هەیە، ئەگەر پەرلەمان نەتوانێت درێژە بە کارەکانی بدات بە هەر هۆکارێک بێت، بەدەستکێشانەوەی ئەندامەکانی بێت یاخود بە هەلوەشاندنەوەی پـەرلـەمـان لـەلایـەن سـەرۆکـەوە، وەک ڕەشنووس لە مادەی (٥٦)و (٥٧)و (٥٨) بە درێژیی باسی لێدەکات، ئەو کات سەرۆک دەستلەکارناکێشێتەوەو چوار ساڵەکەی خۆی تـەواو دەکـات مـادەی (٦٤)، ئەمە وادەکـات سـەرۆک لە کایە سیاسییەکانە پـارێـزراوبـێـت، ئـەو نەگرێتەوە لـەوەی ڕوودەدات، بۆ نموونە وەک لە مادەی (٧٥ـ پێنجەم)ی ڕەشنووسی هەرێمدا هاتووە (دەستبەکاربوونی خولێکی نوێی پەرلەمان)، ئایا سەرۆک هەردەمێنێتەوە تا تەواوبوونی ماوەکەی، مـودەی خۆی تـەواو دەکات‌و گۆڕانکاریی پەرلەمان پەیوەندی بە ئەوەوە نییەو دەسەڵاتی ئەو دەسەڵاتی گەلە. یاخود بەهۆی پەسەندنەکردنی کابینەکان‌و بەو ماوەی چل‌و پێنج ڕۆژەی بۆی دانراوە، دوای ئەو کاندیدی دووەم‌و سێیەمی پەرلەمان کە دەبێت هەلوەشێندرێتەوەو هەڵبژاردنی نوێ دەستپێدەکاتەوە، سەرۆک ماوەی خۆی تەواو دەکات‌و هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی ناکرێت لە پاڵ ئەو هەموو گۆڕانکارییە، یاخود لەگەڵ دەستپێکردنی ولایەتێکی دیکەی سەرۆک، وەک مادەی (٦٨، یەکەم) ئاماژەی پێدەدات: (لە حالەتی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێم، یان مردنی، یان پەککەوتنی بـە جـۆرێـک کـە نەتوانێت ئەرکەکانی سەرۆکایەتی ئەنجامبدات جێنشینێکی لە ماوەی شەست ڕۆژدا بۆ هەلدەبژێردرێت بۆ ماوەی چوار ساڵ، بەپێی مادەی (٦٤)ی ئەم دەستوورە). ئایا لەگەڵ هەڵبژاردنەوەی سەرۆک حکومەتیش (ئەنجومەنی وەزیران) کۆتاییدێت، کە ئەمە وادەکـات هەمیشە تەمەنی حکومەت کەمتربێت کە هەندێکجار لەگەڵ دەستپێکردنی کارەیدا هۆکارێکی نوێ لەوانەی باسکراوە بەرەو ڕاییکردنی کارەکانی دەبات. هەمیشە ئەو کوتلانەی پەرلەمان کە دەیانەوێت حکومەت پێکبهێنن پێویستیان بە سەرۆک هەیە، با زۆرینەی پەرلەمانیش بـن، چونکە سـەرۆک بۆ هەلبژادنی خۆی پشتی بەوان نەبەستوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر پەرلەمان دوای دووجار لە کاندیدکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت متمانەی پێ نەدات، ئەو کات سەرۆکی هەرێم کەسێک دیاریدەکات بۆ پێکهێنانی حکومەت مادەی (٦٥- بڕگەی چواردەیەمی ڕەشنووسی هەرێم) با زۆرینەش نەبێت، چونکە دوای ئـەو کاندیدە سـەرۆک بە مەڕسومێکی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە ئەگەر متمانەی پێ نەدەن، وەک لە مادەی (٥٦- بڕگەی سێیەم)دا هاتووە (ئەگەر متمانەی نەدا بە سێ کابینەی پێشنیازکراوی وەزاری جیاوازی یەک لە دوای یەکدا).

بـــەڵام ئـــەوەی بـــاوە لـــە سیستمی پەرلەمانیدا، (دەبێت کەسێک بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران هەڵبژێردرێت کە جێی متمانەی پەرلەمان بێت ئەگەرچی جێی متمانەی سەرۆکیش نەبێت)، ئەمە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سیستمی پەرلەمانی، بەڵام لە ڕەشنووسی هەرێمدا مـادەی (٦٥ـ چواردەیەم ـ (٣)دا هاتووە (ئەگەر پالێوراوی دووەمیش نەیتوانی کابینە پێکبێنێت، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە هەر کەسێکی پێ باشبوو هەلبیژێرێت‌و ڕای بسپێرێت بۆ پێکهێنانی وەزارەت) ئەمە پێچەوانەی باوی سیستمی پەرلەمانییە، بەهەمانشێوە پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی (٢٠٠٥)ی عێراقە، گرنگ نییە ئەگەر پێچەوانەی دەستووری عێراقیش بێت، بەڵام دژ بە بنەما سەرەکییەکان نەبێت کە لە دەستووری عێراقیدا هاتوون، دژ بە دەسەڵاتە حسریەکانی فیدراڵ نەبێت، بەڵام ئەوەی جێی باسە شتێکی جوانترو باشتری پێ بێت بۆ سیستمە دیموکراتیەکە، نەک پێدانی هەندێک دەسەڵات بە لایەک کە لە سنووری دەســەڵات‌و کارو ئەرکی ئەودا نەبێت، ئەمە جیاوازی نییە بۆ ئەدایەکی جوانتر لە سیستمی حوکمڕانی موئەسەساتی‌و دیموکراتیانەی سیستمی پەرلەمانی، بەڵکو جیاوازی ئەوەیە کارێک بکرێت لەگەڵ ڕوح‌و جەوهەری سیستمی پەرلەمانیدا بگونجێت‌و شتێکی جوانتری پێبێت بۆ ئەدایەکی باشتر (بەردخستنەسەر بـەرد بێت نەک بەرد کەلەکەکردن).

### چەند پێشنیازێک بۆ بواری سەرۆکایەتی:

١- ئەگەر هەر بەو شێوازە مایەوە هەڵبژاردنی سەرۆک لەڕێی گەلەوەو ڕاستەوخۆ، باشتر وایە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بێت، لە سێ کەس پێکبێت سەرۆک‌و دووجێگر، دوو جێگرەکەی لە پەرلەمانەوە هەلبژێردرێت، تا سەرۆک نەتوانێت تەنیا بڕیار بدات، ئەو هەموو سەلاحییەتەی هەبێت، بـەڵام ئەگەر پێکبێت لە سەرۆک‌و دوو جێگر، ئەوە دەکرێت وەک ئەنجومەنی سەرۆکایەتی سەیربکرێت، بـۆ دەرکـردنـی هەر بڕیارێک یان پەسەندکردنی یاسایەک، دەسەڵاتەکان بۆ بڕیاردان بەم شێوازە جیابکرێتەوە، ئەگەر هاتوو ڕای سـەرۆک‌و یەکێک لە جێگرەکانی لە لایەک بوو بڕیارەکەی پێ ڕایی بکریت، ئەگەر سـەرۆک بۆ خـۆی لەلایەک بوو (بۆچوونێکی هەبوو)، هەردوو جێگرەکەی ڕایەکی جیاوازیان هەبوو ئەوە بەڕای پەرلەمان یەکلابکرێتەوە، یـان بـە سیستمی تێکڕای دەنگی سەرۆکایەتی وەربگیرێت.

٢- وەک ئاماژەی پێنەدراوە نابێت سەرۆک دوو پۆست کۆبکاتەوە وەک سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بە هەر بیانویەک بێت، وەک ئەوەی بۆی هەیە سەرۆکایەتی ئەنجومەن بکات، مادەی(٧٠ـ شەشەم): (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکـات، جگە لەو کۆبوونەوانەی کە سەرۆکی هەرێم ئامادەیان دەبێت)، ئەمە ڕێخۆشکەرێک بێت بۆ سەرۆک بۆ کۆنترۆڵکردنی حکومەت.

٣- خاڵێک کە گرنگ بوو ئاماژەی پێبکرێت ئەو مەرجانەی کە دەبێت لەو کەسەدا هەبێت کە خۆی دەپالێوێت بۆ سـەرۆک، ئەمە لە دەسـتـووردا جێگیربکرابا، وەک دەستووری عێراق (٢٠٠٥) لە مـادەی (٦٥) ئاماژەی پێدەکات.

٤- باس لەوە نەکراوە لە سیستمی پەرلەمانیدا ڕۆڵـی سـەرۆک زیاتر پارێزگاریکردنە لە سیادەو بلندیی دەستوور، شەونخونی بۆ پابەندبوون بە دەستوورەوە، ئەمە وادەکات سەرۆک هەم چاوی لە کاری پەرلەمان بێت هەم ئەنجومەنی وەزیران کە ئەمە وادەکات ڕەمـزو هێمای یەکەم کە سەرۆکە هەمیشە پابەندبێت بە دەستوورەوە لەو چاودێریکردنەوە، تا لەوێوە هیچ لایەکی دیکە بۆی نەبێت دەستوور ببەزێنێت.

٥- خاڵێک نامەوێت زۆری لەسەر بدوێم، بەڵام دەمەوێت بپرسم خیانەتی گـەورە، ئـاژاوە، یاخیبوون چییە کە لە دەستووردا هاتوون، ئەم مەدلولە زۆر گرنگە مـوزایـەدەی سیاسی لەسەر نەکرێت، چونکە مەتاتییەو قسەی زۆر هەڵدەگرێت بۆیە دەبێت ئاسۆکانی زۆر دیارو ڕوونبێت، چونکە دەکـرێـت خۆپیشاندانێکی هێمنانە بخرێتە قالبی ئاژاوەو کاری دزێوەوە... هـەر وەک مـوزایـەدە لەسەر ئیراب دەکرێت کە ئەگەر هەرچەند چەپ بێت لەگەڵ من بێت تیرۆرست نیت، یان هەرچەند ئیسلامییەکی توندبیت دژی بەرژەوەندییەکانی من نەبیت تۆ ئەو پیاوە وەهمیە نیت کە شەبەحی لە ناوبەری خۆشییەکانی دونیایت.

٦- هـــەروەک چـۆن پەرلەمان ســەرۆک کـۆمـار هەلبژێرێت لە سیستمی پەرلەمانیدا، بەهەمانشێوە جێگرەکەی یان ئەنجومەنەکەی لەڕێی پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردێت، بەڵام لە ڕەشنووسی هەرێم لە مادەی (٦٠ـ بڕگەی دووەم)دا هاتووە (سەرۆکی هەرێم جێگرێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت کە هاوکاریی دەکات لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا لەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێی دەگرێتەوەو جێگری فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگەی (پـاسـەوانـی هـەرێـم) دەبـێـت، بە مەرجێک ڕەزامـەنـدی پەرلەمان بەدەستبهێنێت بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی. ئەم دەستەواژەیە لێلییەکی تـێـدایـە بـۆ جێگرێتی ڕەزامەندی پەرلەمان وەردەگرێت یـاخـود لەکاتی ئامادەنەبوونیدا بـۆ وەرگـرتـنـی ئـەو سەلاحیەتانە ڕەزامەندی وەردەگرێت، چونکە بە غیابی سەرۆک ئەو جێی دەگرێتەوەو کارەکان ڕادەپەڕێنێت، کەوابێت دەبێت لەهەمان سەرچاوەوە مەشروعیەت وەرگرێت، چونکە سەرۆک بۆی نییە ئەو پۆستە دابەشبکات بێگەڕانەوە بۆ پەرلەمان، چونکە وەزیرو سەرۆکی حکومەتەکەی دەبێت جێی متمانەی پەرلەمان بن، بۆ جێگری سەرۆک (من باب رولی).

وەک ئـەو دیاریکردنە تەنیا لە سیستمی سەرۆکایەتیدا بوونی هەیە، وەک لە سیستمی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا پیادەکرێت کە باوکی سیستمی سەرۆکایەتییە.

٧- لە مادەی (١٠٩) ڕەشنووسی هەرێمدا هاتووە کە ئەنجومەنێک دادەمـەزرێـت بەناوی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، دەبێت سنووری کاری ئەو ئەنجومەنە زۆر ڕوون‌و شەفاف بێت تا مەتاتیی سەرۆکی هەرێم نەیکشێنێ‌و دایکشێنێ، لەوەیوە زۆر بڕیارو هەلوێست بنوێنی بە بیانووی ئاسایشی هەرێم، کە چاکتر وایە پەرلەمان ڕاپۆرتی تایبەت لەو ئەنجومەنەوە وەربگرێت تا ئاگای لە کایە سیاسی‌و یاساییەکان بێت.

دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئـەوە دەردەخـــات کە ڕەشنووسی دەستووری هەرێم هەندێک ڕووی سیستمی پەرلەمانییە، هەندێکی دیکەی سیستمی سەرۆکایەتییە کە لە سیستمی سەرۆکایەتییەوە نزیکترە تاوەکو سیستمی پەرلەمانی، ئەمجۆرە ئیزدواجیەتە هەمیشە کێشەی زیاتر دروسـتـدەکـات لە ساخکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

* خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لـە زانستە سیاسییەکان (قانون دەستووری)و خوێندکاری ماستەر لە زانستە ئیسلامییەکان ـ زانکۆی بەغدا

**سەرچاوەکان:**

١- د.محمد كامل ليلة، النظم السياسية ـ الدولة والحكومة ـ دار الفكر العربيى، سنة ١٩٦٦، ص٥٩٦. و- د. ابراهيم شيحا، النظم السياسية والقانون الدستوري، منشأ المعارف بالاسكندرية، الاسكندرية٢٠٠٠، ص٤٠٣

٢- موريس دوفرجيه، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ص ٢٠٢

٣- د. ثـروت بـدوى، النظم السياسية (الـكـتـاب رلاول) تطور الفكر السياسي والنظرية العامة للنظم السياسية، ط: الاولـى، سنة ١٩٦١، دارالنهضة العربية، ص١٩٧

# دەهۆڵو زوڕنای «ناخۆشیی»



پشکۆ ناکام

دەسەڵاتی کوردی خاوەنی دەیـــان داهـێـنـانـی سـەیـرو سـەمـەرەیـە، تـازەتـریـنـیـان بەرامبەر بە تەقەی خۆشیی، دەهۆڵ و زوڕنای ناخۆشیە!

دەسەڵاتی سلێمانی دەیەوێت بـە ئاهەنگی سـەرکـەوتـن!! شکستە گەورەکەی هەڵبژاردن دا بپۆشێت و بیسەلمێنێت کە لەکاتی «میحنەت»یشدا، دەهۆڵو زوڕنا کاریگەری خۆی هەیە... سەیرە، دەسەڵاتێک لە ماوەی ٣٣ ساڵی تەمەنیدا هێندەی ئەمڕۆ تووشی ڕۆژی ڕەشو ئایندەی (نادیار)ی خۆی نەبووە، سەرەڕای بەهەدەردانی زیاتر لە ٣٣ ملیۆن دۆلار لە کەمتر لە ٣٣ ڕۆژدا، شارە (حەیاتەکە) بڕیاری خۆیداو پشتی تێ کرد، کەچی دەیـەوێـت بە دەهـۆڵو زوڕنا دڵنەوایی لایەنگرانی خۆی بداتەوەو بڵێت: نابێ دۆڕاندنی (هەڵبژاردن) زەوقی مۆسیقیمان پێ بدۆڕێنێ!......

ئـەوان بـوون بە ئێمەیان دەوت: لەوانەیە ٢ کورسی بهێننو ٣یان بۆ دەخەینە سەر دەبێ بە ٥...

ئەمڕۆ هەقی خۆمانە پێیان بڵێین بۆ ٥ کورسیەکەی ئەوان لە سلێمانی بەدەستیانهێناوە، ئێمە ٢ تەپڵەکیان بە قەرز دەدەینێ، تـا بـۆ دەهـــۆڵو زوڕنـاکـەی سەرکەوتنەکەیان، مایکرۆفۆنی لەسەر دابنێن...

# لە کڕینی دەنگەوە بۆ دزینی دەنگ



هیوا محەمەد

جـــاران، لـــە سـەردەمـــی بەعسدا بۆ تۆقاندنی خەڵک کە شتێک ڕوویـدەدا بـەوە ترسو دڵەڕاوکێیان دەخستە ناو دڵی خەڵک کە گوایە بەعس هێزی تایبەتی هێناوە بۆ ناوشار، جا ئیتر لە بابەتی (پاسەوانی کۆماری یان هێزی تایبەت) خۆ کە دەوترا (قـوات خاصة)یان هێناوە ئەوە خەڵک زراوی دەچـوو، چونکە ڕابردووی ئەمانە بەجۆرێک بوو کە فەرمانی تا کوشتنیشیان لە دەستدا هەبوو.

دەسەڵاتی کوردی لەبەرامبەر هەموو ئەو دەستدرێژیکارییانەی کە لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە دەکرێتە سـەر سنوورەکانو خەڵکی مەدەنی بێدەنگ بووە، داوا لە بەغدا دەکات داکۆکییان لێبکات، بـەڵام لـە ئەنجامی ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی ٧/٢٥دا گۆڕانێکی چاوەڕواننەکراو (بەلای ئـەوانـەوە) هاتووەتەکایەوە، ئەوە پەنادەبەنەبەر هێنانی هێزو بڵاویاندەکەنەوە، تاوەکو ڕێگە لەو پەرەسەندنەی هێزی گۆڕان بگرن کە جەماوەرە.

هێنانی هێزی (زێرەڤانی) بۆ ناو شاری سلێمانی لە هەولێرو دهـۆکو ناوچەکانی دیکەوە، هەنگاوێکی ناژیرانەی دەسەڵاتە بەهەردوو حیزبەکەوە، چونکە هیچ مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییو هیچ تێکچوونێکی ناوخۆییو هیچ پیلانو کودەتایەک بەڕێوە نییە، تا ئامادەکاری بکرێت بەبڵاوکردنەوەی هێزی تایبەت.

دیارە ئەوانە تائێستا لە ناو کلتووری شەڕو هەڕەشەدا دەژین، بۆیە لەگەڵ هاتنەکایەی هەر بارودۆخێکی تایبەت پەنادەبەنەبەر هـێـز، لەبیریانچووەتەوە کە بڵاوکردنەوەی هێز بۆنی شەڕی لێدێتو شەڕیشماڵوێرانکەر دەبـێـت لەپێشدا بۆ سامانو موڵکەکانیان ئەوجار بۆ ئارامیو ئاسایشی خـۆیـانو دواتـر بۆ سەلامەتی سەری خۆیان.

نیو ملیۆن دەنـگ بە لولەی تفەنگ بێدەنگ ناکرێت، میللەت لە ڕێگەی سندوقەوە پێیوتن نا بۆ ئێوە، ئەمەشی بە یاساییو شێوەی دیموکراسییانە دەربڕیوە، چونکە بـاوەڕی بەمشێوازەیە. ئەگەر میللەت خوازیاری شەڕ بوایە ئەوە پێش هەڵبژاردن لێتاندەهاتە سەر شەقامو بە زۆرو بەخوێن دەری دەپەڕاندن، بۆیە ئێوەش دەبێت دەستهەڵگرن لە هەڕەشەو تۆقاندنی خەڵکو ملکەچی ئەو پێشهاتانە بن کە ڕوودەدەن، دەستەکانتان ئاشکرا بکەن، لەپێناوی مانەوەتان یان داکۆکی لەو تەزویرو فێڵانەی کردوتانە، ئەو ڕۆڵە بەجەرگانەی هێزەکان (کە بەموڵکی وڵات) دادەنرێن بە کوشت مـەدەن، هێشتا زۆرێک لەو دایکانە مووچەی شەهیدانەی کوڕەکەیان بۆ دەرنەچووە کە لە ساڵانی پێشوودا ڕاپێچی مەرگ کران با هی دیکەشی نەیەتەسەر.

ئێوە (کە سوێندی یاساییتان بە قورئان) خـــواردووە، بەڵام سەرپەرشتی دزینی دەنگو فێڵو تەزویرتان کردووە هەموو ئەمانە نایاساییینو وەک تاکی مرۆڤ لە ڕەوشتە ناشیرینەکانو وەک حیزبیش ڕەوشتی ئەو حیزبانەیە کە دژی دیموکراتینو هەموو شت دەکەن تا کورسیی دەسەڵات لەدەست نەدەن. هەرچیتانکرد لە پێش هەڵبژاردن ئەگەرچی لە ڕەوشتی جوانی تاکی کوردتان کـەمـدەکـردەوە، ئـەویـش بە هەڵخەڵەتاندنی بە پـارەو شتی دیکە پیرۆزتان بێت، بەڵام لەوەی کە پەناتان بردەبەر دزینی دەنگ (بەهێنانی خەڵکانێک بۆ دەنگدان چەند جارێک) ئـەوە دەتوانین بڵێین لە کڕینی دەنگەوە پەناتان بردەبەر دزینی دەنگ.

بەردەوامبوونتان لەسەر بیری کۆنی خۆ بەهەموو شتزانینو قۆرخکردنی هەموو شت بۆ خۆتانو ڕێز نەگرتنتان لە ئیرادەی میللەت بەرەو هەڵدێرتان دەبات، جا بۆئەوەی وەک حیزبێکی ناو خەڵک بمێننەوەو لە خزمەت وڵاتی خۆتاندا بن، ئەوا هەوڵبدەن زمانی یەکتر پەسەندکردن بەکاربهێنینو خۆتان چاک بکەنو بە بەرگی نوێو بیری نوێوە وەرنەوە ناو خەڵکو خزمەتیان بکەن، دانیشن بیربکەنەوە لەوەی بۆچی ئێوە پێنج ساڵ لەمەوبەر تەنیا بە چەقەنەیەک هەزاران کەستان بۆ دەڕژایـە سەر جادەکان، ئێستا بۆچی نیوەی خەڵک لەگەڵتان نییە؟ ئەمە هەڵسەنگاندنی دەوێت، بەخۆداچوونەوەی دەوێت، دەبێت دان بەهەڵەکانی خۆتاندا بنێن.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەریخست کە ئێوە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووەوە بەرەو دابەزین چـوون، جا ئەگەر باوەڕتان بە جەماوەر هەیە، ئەوە فەرموون هاتنەکایەی گۆڕانیش پەسەند بکەنو هێزە بڵاوە پێکراوەکانتان بەرنەوە جێگاکانی خۆیان، با پشووبدەن، چونکە گەل ئامادە نییە بۆ کورسی خوێن بڕێژێت.

## دۆخێکی نوێ...

رزگار ساڵح

دوای دەنگدانی (٢٠٠٩/٧/٢٥)و ئاشکراکردنی دەرەنجامەکان، دۆخـێـکـی نــوێ سـەرتـاپـای پـێـکـهـاتـەکـانـی بـاشـووری کوردستان دەگـۆڕێـت، هەر لە دەسـەڵاتـە تەقلیدییەکەی (١٨) سـاڵـی ڕابـــردووەوە بگرە تا دەرکەوتنی هێزە کۆمەڵایەتییە نوێکان کە قبوڵی شەرعییەتی شۆڕشگێڕانەی ئـەو حیزبانە ناکەن، بە بیانووی کارابوونیان لە سەردەمی شاخدا، ئیتر زەمەنی پاساو هێنانەوە نامێنێت، فلان سەرکردە کوڕی باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد بووە یان ئەمی دیکەیان بە درووشمەکانی یان کەرکوک یان خانەقین تاکی کورد ببەستێتەوە بە حەماسەتی دانانی دەستی ڕاستی لەسەر لای چەپی لە پێشوازی سەرۆکو وەفدەکانی وڵاتانی ئیقلیمی.

پـرشـنـگـدارتـریـن دیـــاردە لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا کـردنـەوەی زمانی داخــــراوی چـیـنو تـوێـژە لـەبـیـرکـراوەکـانـی سـەردەمـی دەسەڵاتی بەناو یەکگرتووی دوو حیزبەکە بوو.

ئاخر کاممان لـە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە گوێمان لە ئەندێشەکانی منداڵێکی بۆیاخچی سەر شۆستەکان دەبوو، ئەگەر وشەی (گۆڕان) نەبوایە؟، کام لەو پێشمەرگە دێرینانە بە دیداری تاڵەبانی شـاد دەبـوون ئەگەر وشەی (گـۆڕان) نەبوایە؟، ئاخر گوندی قرگە خەریک بـوو لە تینوێتیدا قڕیان دەکرد ئەوە خێرە کوڕی گەڕەکێکی خواپێداو کە ئێستا جێگری سکرتێری گشتییە بە قرچەی نیوەڕۆ ئەملاولای پیرێژنەکانی سـەردەمـی (١٧) شەهیدەکەی قرگە ماچ دەکات، باشە بۆ ئەوان تائێستا بۆ یەک جاریش سەردانی دایکی شەهیدێکی هـەژاریـان نـەکـرد، گـەرچـی هـەر خۆیان بـوون شەهیدانی گەلیان دابەشکرد بە شەهیدی سەکردەو شەهیدی بن کردە، ئەی وەزیرەکەی ئەوان نەبوو بە زیندانە سیاسییەکانی وتبوو من مووچە نادەمە ئەو کەسانەی کە قوات خاسەیەک یان ئەمنێکی بەعس شەقێکی تێهەڵدابێت، ئەمانەو سـەدان نموونە ئەگەر وشەی گـۆڕان نەبوایە، دەسـەڵاتـداران بە نیازبوون کۆمەڵگەی باشوور وەک (ئەسحابولکەهف) بخەنە خەوێکی قوڵەوە.

دۆخـی دوای هـەڵـبـژاردن ئەگەر تاڵو کارەساتباریش بێت، بەڵام تاکی کورد جارێکیتر ناکاتە یەخسیری بانگەشەی ڕۆحیو چەمانەوە بۆ تـاک سەرکردە، کاتێکیش مرۆڤی کـورد وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆی خاوەن بڕیار خۆی فۆرمەلە کرد، ئـەوا دەستەوەستان نابێت لە دۆزینەوەی ڕێگەیەک کە قبوڵی گەڕانەوە ناکات بۆ دۆخی پێش هەڵبژاردن.


### ونبوون

* سەنەویەکی ئۆتومبێل جۆری پیکاب مۆدێل (٢٠٠٥) ژمارەی (٢١٣٣٦) هەولێر بەناوی (عامر چیا محەمەد) ونبووەهەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠١٤٢٨٠٤٨)

* ڕەگەزنامەیەکی عێراقیو پێناسێکی باری شارستانی و پاسەپۆرتێکی جۆری (G) بەناوی (ئەریڤان کەریم عبدالله) ونبووە هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠١٤٢٨٠٤٨)

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی لە هەڵەبجە
اقليم الكردستان/ العراق
مجلس القضاء
رئاسة محكمة استئناف منطقة السليمانية
محكمة احوال الشخصية فى حلبجة

ژمارە/ ٢٦٠/ش/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/٢

(ئاگانامە)

بۆ داوالێکراو/ فرهاد جميل عبدالرحمن: کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستات نادیارە.
داواکـار/ شۆخان عباس أحمد داوایەکی بەو ژمـارەی سـەرەوە لە دادگاکەمان تۆمارکردووە لە دژت کە تیایدا ڕاستاندنی تەڵاقی دەرەکی دەکات لە نێوانتاندا، پاش ئەوەی کە لە دەرەوەی دادگاو لە بەرواری (٢٠٠٧/٥/١٥)دا تەڵاقت داوە لەبەر ئەوەی کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە دادگاکەمان بڕیاریدا کە ئاگادارتان بکاتەوە بە ناوەڕۆکی داواکەو ئامادەبوون لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٠٩/٩/٢١) ئەویش بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەڕێی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە کە ئەگەر لە ڕۆژی دیاری کراودا خۆتان یان بریکارێکتان ئامادە نەبێت ئەوا دادگا داواکە دەبینێ بە گوێرەی یاساو بە ئامادە نەبوونتان.

دادوەر
قادر محمد نورى

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای باری کەسێتی دەربەندیخان
ژمارە: ٢٤/ش/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٥

(ئاگاداری)

بۆ داوا لەسەرکراو (أمجد محمد خلف) دانیشتووی شاری دەربەندیخان گەڕەکی خێڵان/ پێشتر وە ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە.
ئەم دادگایە بڕیاری نائامادەیی دەرکرد لە داوای ژمارە ٢٤/ش/٢٠٠٩ سەبارەت بە جیابوونەوەی نێوان تۆو هاوسەرەکەت داواکار بە ناوی (ڤیان حبيب عبدالله) لەسەر داوای خۆی (طلاق خلعى) بەرامبەر بەدەست هەڵگرتنی لە سەرجەم مافە شەرعی و یاساییەکانی وەک مارەیی پێشەکی و قەرز، هەروەها بۆ دادگا دەرکەوت کە پێشتر لە مانگی (٨ی ٢٠٠٨)دا داواکار (ڤیان حبيب عبدالله)ی تەلاق داوە لە دەرەوەی دادگا بۆیە دادگا بڕیاری چەسپاندنی ئەو تەڵاقەی دا کە هەڵپەسێردراوە لەسەر سوێند نەخواردنت و ڕەخنە گرتنت لەو تەڵاقە، وە بەپێی ئاگادارکردنەوەی بنکەی پۆلیسی دەربەندیخان و پشتگیری موختاری گەڕەکی (خێڵان) لە دەربەندیخان شوێنی نیشتوجێبوونت نادیارە بۆیە بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانـەی ناوخۆیی، وە مافی تانەدان (الاعتراض) یان پێداچوونەوەی (تمیز)ت هەیە لە ماوەی یاسایی دا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر
اكرم عباس حمه



خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەماڵ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ڕیکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# ئاگادارییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

# اعلانات المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

▪ الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل الممثل المخول لقائمة التقدم في محافظة السليمانية كون الموضوع ليس من اختصاص المفوضية وبامكانه اللجوء الى القضاء

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (٢)ی کۆنوسی نا ئاسایی ژمارە (٥٠)ی بە مێژووی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم شێوەیە دەرکرا:

رەزامەندی لەسەر رونکردنەوەی سکالای پیشکەشکراو لەلایەن نوێنەری رێپێدراوی لیستی پێشکەوتن لە پارێزگای سلێمانی , بەوەی کە بابەتەکە لە پسپۆری کۆمسیۆن دانیە و دەتوانێ پەناباتە بەر یاسا.

بریارێکە شیاوی پێداچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لەماوەی سێ روژ کەلە رۆژی دوای بلاوکردنەوەدا دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٣) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل القائمة الكردستانية في محافظة السليمانية ضد قائمة التغيير عن الحادثة المرتكبة في ليلة ٣-٢٠٠٩/٧/٤ كون المعتدى عليه بامكانه اللجوء الى القضاء المختص

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (٣)ی کۆنوسی نا ئاسایی ژمارە (٥٠)ی بە مێژووی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم شێوەیە دەرکرا:

رەزامەندی لەسەر رونکردنەوەی سکالای پێشکەشکراو لەلایەن لیستی کوردستانیەوە لەپارێزگای سلێمانی دژی لیستی گۆران لەسەر ئەو رووداوەی لەشەوی ٣-٢٠٠٩/٧/٤ دا کرا, لەبەر ئەوەی دەست دریژی لەسەرکرا دەتوانی پەناباتە بەر یاسای پەیوەندیدار.

بریارێکە شیاوی پێداچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لەماوەی سێ روژ کەلە رۆژی دوای بلاوکردنەوەدا دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٥) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٦٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٢ الاتي:

١▪ فرض غرامة مالية قدرها (٥,٠٠٠,٠٠٠) خمسة ملايين دينار على القائمة الكردستانية لثبوت مخالفتها شروط وضوابط الحملات الانتخابية استناداً لقانون انتخاب برلمان اقليم كردستان العراق ونظام الحملات الانتخابية لأنتخابات برلمان الاقليم وضوابط الحملات الانتخابية الصادرة عن وزارة البلديات

٢▪ الزام القائمة الكردستانية بأزالة المخالفات وبخلافه سيتم تشديد العقوبة ▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (٥)ی کۆنووسی ئاسایی ژمارە (٦٠) لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٢ بەم شێوەیە دەرکرد:

*پێ بژاردنی لیستی کوردستانی بەبری (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار بەهۆی چەسپاندنی سەرپێچیکردنیان لە مەرج ورێساکانی هەلمەتی هەلبژاردنی بەپێی سیستەمی هەلمەتەکانی هەلبژاردن بۆ هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ویاسایی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ورێساکانی هەلمەتی هەلبژاردن کە لەلایەن وەزارەتی شارەانیەوە دەرچووە.

پابەندکردنی لیستی کوردستانی بە نەهێشتنی سەرپێچیەکان و بە پێچەوانەی ئەمە سزاکە توندتر دەبێت.

بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ رۆژدا کە لە رۆژی دوای بلاوکردنەوە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٧) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٦٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي:

رد الشكاوى المقدمة من قبل القائمة الكردستانية في السليمانية ضد قائمة التغيير بشأن قيام الموقع الالكتروني (سبه ي) بنشر بعض المواضيع كون هذه المواضيع لا تعدو عن تصريحات شخصية لبعض الشخصيات وأن هذا الموقع ليس الموقع الرسمي لقائمة التغيير ▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (٧)ی کۆنوسی ئاسایی ژمارە(٦٠) لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٢٤ بەم شێوەیە دەرکرد:

رەتکردنەوەی سکالای پێشکەشکراو لەلایەن لیستی کوردستانی لە سلێمانی لە دژی لیستی گۆران سەبارەت بە هەلسانی سایتی (سبەی) بە بلاوکردنەوەی چەند بابەتێک، لەبەرئەوەی ئەم بابەتانە لە لێدوانی کەسی بۆ هەندێک لە کەسایەتیەکان تێپەرناکات و ئەم سایتەش سایتی فەرمی لیستی گۆران نیە.

ئەم بریارە شیاوی تێهەلچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لە ماوەی سێ رۆژ کە لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی بریارەکە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٨) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة الخدمات والاصلاح حول الحادث الواقع في طريق مخمور في ليلة ٢٩-٢٠٠٩/٦/٣٠ لعدم تحديد جهة المشكو منه

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (٨) لەسەر کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠) لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە دەرکرد :

رەزامەندی لەسەر رەتکردنەوەی ئەو سکالایە کە لە لایەن لیستی (خزمەتگوزاری و چاکسازی ) یەوە پیشکەشکرابوو سەبارەت رووداوی رێگەی مەخمور لە شەوی ٢٩-٣٠ /٢٠٠٩/٦ دا لەبەر دیار نەکردنی لایەنی سکالا لێکراو .

ئەم بریارە قابیلی تیاهەلچوونەوەیە بەرامبەر بە دەستەی دادوەرانی هەلبژاردنەکان , لە ماوەی سێ رۆژدا لە رۆژی یەکەمی بلاوبوونەوەی .

دەستەی کۆمیسەران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٩) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٦٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

رد الشكوى اعلاه والمقدمة من قبل قائمة التغييرضد القائمة الكردستانية بشأن قيام بعض مؤيدي الاخيرة بتعليق لافتة دعائية للقائمة قبل انطلاق موعد الحملة الانتخابية لعدم ثبوت حصول الفعل بتحريض او بتوجية من القائمة الكردستانية ▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمسیاران بریاری ژمارە (٩) ی کۆنوسی ئاسایی ژمارە(٥٩) لە رێکەوتی ٢٠٠٩\٧\٢٤ بەم شێوەیە دەرکرد.

رەتکردنەوەی سکالای لیستی کوردستانی دژ بە (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) لەمەر هاندانی دەنگدەران بۆ دەنگدان لە لایەن دوو کچی سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەوەی کە گوتویانە ئەوەی دەنگ بۆ لیستەکەیان نەدات دەچێتە دۆزەخ بەهۆی روون نەبونەوەی رووداوەکە.

بریارێکە قابیلی پێداچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە ماوەی سێ رۆژدا کە لە رۆژی دوای بلاوکردنەوە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٩) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥١) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٥ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة الخدمات والاصلاح ضد القائمة الكردستانية بشان قيام الاخيرة بتمزيق لافتات قائمة الخدمات والاصلاح في دهوك لعدم ثبوت الواقعة ولعدم تقديم المشتكي لادلة تثبت شكواه▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کومسیاران بریاری ژمارە (٩) ی بریاری کۆ نووسی ئاسایی ژمارە(٦١)ی روژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ی بەم شێوە بەدەرکرد:

رەتکردنەوەی هەردوو سکالای لیستی کوردستانی دەربارەی دراندنی پوستەرەکانی هەلمتی پروپاگەندەیان لە تەنیشت مزگەوتی (ملا علی) وگورەپانی (مەم وزین) لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە, چونکە لایەنی سکالا لیکراو دیارنەکراوە

بریارەکە شیاوی پێداچونەوەیە لە بەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لە ماوەی سێ رۆژدا کە بە روژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداری یە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١٠) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٦١) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٥ الاتي :

رد الشكوى اعلاه والمقدمة من قبل قائمة التغيير حول قيام صحيفة (كوردستاني نوى) الناطقة باسم الاتحاد الوطني الكردستاني بنشر تقرير اخباري بعنوان (مجلس الوزراء قرر تمليك الدور المتجاوزة ومحلة شيخان في السليمانية )كونه يعد قرارا اداريا صادرا من مجلس الوزراء ولايدخل ضمن اختصاص المفوضية ▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کومسیاران بریاری ژمارە (١٠) ی بریاری کۆ نووسی ئاسایی ژمارە(٦١)ی روژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ی بەم شێوە بەدەرکرد:

رەتکردنەوەی سکالای لیستی گوران لەمەر بلاوکردنەوەی راپۆرتە هەوالیک لە لایەن رۆزنامەی (کوردستانی نوێ) زمانحالێ (یەکیتی نیشتمانی کوردستان) بە ناو نیشانی (ئەنجومەنی وەزیران بریاری بە خاوەنکردنی خانوە تەجاوزەکان ی گەرەکی شێخانی سلێمانی دا) لەبەر ئەوەی ئەمە بە بریاریکی کارگێری ئەنجومەنی وەزیران لەقەلەم دەدرێ وناچێتە نێو پسپوری کۆمیسونەوە.

بریارەکە شیاوی پێداچونەوەیە لە بەردەم دەستەی داد وەری هەلبژاردنەکان لە ماوەی سێ رۆژدا کە بە روژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداری یە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١١) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٦١) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٥ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التغيير حول قيام السيد عماد احمد (نائب رئيس مجلس الوزراء في اقليم كردستان) تجمعا انتخابيا في حديقة عامة في ناحية (قره داغ) كونها لاتنطوي على مخالفة للحملة الانتخابية▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (١١)ی بریاری کۆنووسی ئاسایی ژمارە (٦٠)ی رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەم شێوەیە دەرکرد:

*رەتکردنەوەی سکالای لیستی گۆران دەربارەی گردبوونەوەی هەلبژاردنی بەرێز (عماد احمد) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە باخچەیێکی گشتی لە ناحیەی (قەرداغ) چونکە دژایەتی لەگەل رێساکانی هەلمەتی هەلبژاردن نی یە.

بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ رۆژدا کە لە رۆژی دوای بلاوکردنەوە دەستپێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١٢) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل القائمة الكردستانية في السليمانية ضد جريدة روزنامة التي تعود لقائمة التغيير لنشرها مقال في عددها رقم (١٠) في ٢٠٠٩/٧/٦ بعنوان (تبدأ الانتفاضة من السليمانية) كون ان مفردة الانتفاضة قد استعملت مجازا للدلالة على التغيير وكونها لاتستخدم العنف أو السلاح

قرارا قابلا للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (١٢)ی لەسەر بریاری کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠)ی لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە دەرکرد :

رەزامەندی لەسەر رەتکردنەوەی ئەو سکالایە کە لەلایەن لیستی کوردستانی لەسلێمانی دژی (رۆژنامە) کەسەر بەلیستی (گۆران)ە لەبەر بلاوکردنەوەی ووتارێک لە ژمارە (١٠) لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٦دا بە ناونیشانی (گۆران لە سلێمانیەوە) دەستپێدەکات، لەبەر ئەوە سکالاکە رەتکرایەوە چونکە زاراوەی راپەرین و گۆران بەخواز وەردەگیرێن بۆ گۆران و بەکاردێ نەک بۆ هاندانی توندوتیژی یان بەکارهێنانی چەک.

ئەم بریارە قابیلی تیاهەلچوونەوەیە بەرامبەر بە دەستەی دادوەرانی هەلبژاردنەکان لەماوەی سێ رۆژدا لە یەکەم رۆژی بلاوبوونەوە.

دەستەی کۆمیسەران




# له ئیفلاسی بەرنامەوە بۆ ئیفلاسی گفتوگۆ



**هیوا جەمال**

بەدەر لە پەنابردن بۆ ساختەکاریی، دەرئەنجامی هەڵبژاردن لای کۆمسیۆن هەرچییەک بێت، هەردوو حیزبی دەسەڵاتبەدەست سەنگی راستەقینەی خۆیان باش تێستکردو قەبارەی راستەقینەی خۆیان زانی، پەنابردنیش بۆ ساختەکاریی هەر بەرئەنجامی ئەو تێستکردنەو بۆ رووپۆشکردنی پاشەکشەو شکستی جەماوەریی بوو.

خەڵکی نارازیی کە لەم هەڵبژاردنەدا دەرکەوتن (٧٠٪)ی راستەقینەن، بەڵام دوو زلحیزبەکە بەتایبەت پارتی، لەژێر قەڵەمڕەوی خۆیدا هیچ بەزەیی بە نەزاهەتی هەڵبژاردنەکاندا نەهاتەوە، وەک چۆن هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە کە بەهۆی گزییەکانییەوە کوردستان دەچێتە لیستی رەشەوە یان نا، لەم هەڵبژاردنەشدا وایکرد، تەنیا لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتە لەرزۆکەی لەدەست نەچێتو ئەو مشەخۆرانەش لێی هەڵنەگەڕێنەوە کە بەهۆی دەوڵەمەندییەکەیەوە بوونەتە کاسەلێسیو حیزب چۆنی بوێت ئاوا بە خەڵکیدا دەڕشێنەوەو پەلاماری کەسایەتییان دەدەن، بەڵام ئەمجارەش تەزویر بۆ ماوەیەکی کاتیی فریایان کەوت.

ئەوانەی زوڕنایان بۆ دەسەڵات لێدا ئاوازەکەیان زۆر خێراترو گەرموگوڕتربوو لەواقیعی حیزبەکانیان، زوڕناکە هێندە حیزبەکەیانی گەرمکردبوو واقیعی خۆیان بەفوتێکراویی بینی، بۆیە سەرئەنجام ئەوەیان هاتە ڕێ کە بینییانو ناچاربوون سەرکەوتوویەکی ساختەبن. بۆئەوەی لە ساختەچێتی دەربازبن دەبێت چاو بەخۆیاندا بخشێننەوەو بە زوڕناژەنەکان بڵێن ریتمێکی واقیعی بژەنن.

زوڕناژەنەکانی دەسەڵات بۆ لەوە ناپرسنەوە کە سەرۆکی حیزبەکەیان لە دوو ناوچەی گرنگی کوردستاندا نەیتوانی دەنگی ئەوتۆ بەدەستبهێنێت، دوو ناوچە کە کوردستانیان بە دنیا ناساندو بوونە ناسنامەی مەینەتیو غەدرلێکردنی کوردستان، سەرۆکی حیزبی قەڵەمفرۆشەکان نە لە گەرمیانو نە لە هەڵەبجەی شەهید دەنگی نەهێنا، کەواتە ئەم دوو ناوچەیە کە دەسەڵاتدارانو بەتایبەت دوو زلحیزبەکە لە مەحفەلە نێودەوڵەتییەکاندا خۆیانی پێ دەناسێننو بەرزدەکەنەوە، ئەوەندە خەڵکەکەیان پشتگوێخستووە کە ئامادەنەبوون دەنگ بۆ سەرۆکی پارتی بدەن تا ببێتە سەرۆکی هەرێمەکەیان، دەبێت لێپرسراوانی پارتی بەتایبەتی سزای ئەوانە بدەن کە لە راگەیاندنەکانیانەوە فویان بە زوڕناکانیاندا دەکردو دەیانوت هەموو کوردستان لەگەڵماندایەو دەنگت پێدەدەن، دەبێت ئێستا بزانێت کە جەماوەرێکی موتەنەقیلیان بۆ سازکردبوو، لە هەموو شارێک هەر رۆژەی بەبەرگێکەوە ئامادەبوون بۆ پێشوازیی، چاکوایە ئیتر سەرۆکەکان بەوە نەخەڵەتێن کە چواردەورەکەیان بۆیان دەگوزانەوە، چونکە ناو خەڵک زۆر لەوە نزیکترە کە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا پێیگەیشتن، پێویستە ئەو ماسکە فڕێدەنو لە لوتکە بێنە خوار، هەرچۆنێک بێت بە هەر گزیو ساختەکارییەک بێت چوار ساڵی دیکە بارزانی سەرۆکمانەو سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بەڵام پێویستە دڵنیابێت کە ئەو دەنگانەی هێناونی نیوەیان ساختەن، لەبەرئەوەی ئەمجارە خەڵک کەمێک هۆشی هاتبووەوە، با دڵنیابێت کە چوار ساڵی داهاتوو هەموو خەڵک هۆشیارتر دەبنەوەو ئیتر خۆری نەبوونی ئۆپۆزسیۆن ئاوابووە.

چاکتروایە لەجیاتی قەڵەمفرۆشەکانو زوڕناژەنەکان کەسانی قورسو بەئەمەکو پڕ فیکرو عاقڵ بکاتە بەرچاوڕوونکەری خۆیو دەست لە رووشاندنی کەسایەتی هەڵگرنو ئەوەندەی خۆیان بەوەوە سەرگەرم دەکەن، بەرنامەڕێژیی بۆ چوار ساڵی داهاتوو بکەن.

ئیدی باوی قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ نەماوەو سەردەمی شاخیش نزیکەی ٢٠ ساڵی بەسەردا ڕۆیشتووە، خەڵکیش جارێکی دی ئامادە نییە لەسەر سەرکردەکان خۆی بەکوشت بدات تا ئەو هەمووە لەخاکی نیشتمانەکەی مابێت رزگاری بکات، کەواتە با ئەوانە بچنە مێژووی رەشی خۆیانەوە، گرنگە بەدوای کەسانی پرۆفیشناڵو عاقڵدا بگەڕێن تا بەخەڵکتان بناسێننو بەرگریتان لێبکەن.




چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩